هانس-لۆكاس كییسێر

# ڕاپەڕینی
# كوردە عەلەو یەكانی دێرسیم

( ١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیری )

نەجاتی عەبدوڵڵا

لە فەڕەنسییەوە كردوویە بە كوردی

بنكەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٦,٤٦

ك ٤٤٤ کییسێر، هانز–لۆکاس.

ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم / نووسینی هانز–لۆکاس کییسێر، لەفەرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، چ٢، سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.

١١١ل: وێنە، نەخشە، (١٤,٨٥ × ٢١ سم).

پاشکۆی وێنە: ل(٩٧–١٠٦). ئیندێکسی ناو: ل(١٠٧–١١٢).

١–کوردستانی تورکیا–مێژوو–شۆڕش ئـ–عەبدوڵڵا، نەجاتی (وەرگێڕ) ب– ناونیشان

کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتاییی پێڕستو پۆلێنی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

**زنجیرە:** ٣٤

**کتێب:** ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم (١٩١٩–١٩٢١ قۆچگیری)

**نووسەر:** هانز–لۆکاس کییسێر

**وەرگێڕ:** نەجاتی عەبدوڵڵا

**چاپ:** دووەم

**تایپو مۆنتاج:** وەرگێڕ

**بەرگسازی:** قادر میرخان

**خەتی بەرگ:** ئەحمەد سەعید

**تیراژ:** ١٠٠٠

**شوێنی چاپ:** سلێمانی، چاپخانەی شڤان

**ژمارەی سپاردن:** ٢٤٨ی ساڵی ٢٠٠٦

**ناونیشانی کتێبە فەرەنسیەکە:**

Hans-Lukas Kieser, LES KURDES ALEVIS FACE AU NATIONALISME TURC KEMALISTE: L alevite du Dersim et son role dans le premier soulevement kurde contre Mustafa Kema (Kockiri, ١٩١٩–١٩٢١)

لە بڵاوکراوەکانی

**بنکەی ژین**

بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

هەرێمی کوردستانی عیراق– سلێمانی, گەڕەکی ١٠٤ ئاشتی , کۆڵانی ٣٩, خانووی ژمارە ١٠,

(بەرامبەر بە قوتابخانەی سەرەتاییی ئەردەڵان)

تەلەفۆن: ٣١٣٣١٠٥ مۆبایل: ٠٧٧٠١٤٨٤٦٣٣ یان ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ ژمارەی سنووقی پۆست: ١٤

E.mail: bnkaizhin@ yahoo.com

**بەرگی کتێبەکە بە زمانی فڕانسی، ئەمستردام، ١٩٩٣**

LES KURDES ALÉVIS FACE AU
NATIONALISME TURC KÉMALISTE

L'alévité du Dersim et son rôle dans le premier
soulèvement kurde contre Mustafa Kemal
(Koçkiri, 1919-1921)
Hans-Lukas Lieser

Occasional Paper No. 18 July 1993

After philosophical, theological and historical studies, Hans Lukas Kieser was editor of *Merhaba, Zeitschrift über die Emigranten aus der Türkei.* He lives in Basel, Switzerland

# وتەیەك بۆ چاپی دووەم

**خوێنەری خۆشەویست:**

ئــەم کتێبــەی بەردەســتتان، ســاڵی ٢٠٠١ یەکــەمین چــاپی بــە تیراژێکــی دیــاریکراو لــە بــەرلین چــاپ و بڵاوکرایــەوە. بەداخــەوە، کتێبەکە دواجار وەك زۆربەی کتێبی کوردی کۆمەڵێك هەڵەی چاپی تێکەوت، بۆیە لەوساوە زۆرم لەدڵدا گران بوو و هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم دەرفەتێك بدۆزمەوە تا چاوێکی پێدا بخشێنمەوە و برێك لە هەڵە زەقەکان راست بکەمەوە.

ئــەم کتێبــە کــاتی خــۆی چــەند دانەیــەکی کــەمی گەیــشتۆتەوە کوردســتان، بۆیــە ئێــستە کــە بەڕێوەبــەرانی (بنکــەی ژیــن) جوامێرانــە ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبەیان خستە سەر شانی خۆیان، گەلێك سوپاسیان دەکەم و، زۆریش بە هیوام ئەم بنکە کولتورییە هەر پڕ بەرهەم و خەرمانیان بە بەرەکەت بێ. بەتایبەتیش زۆر سوپاسی بــرای زێــدە خۆشەویــستم کــاك ســدیق ســاڵح دەکــەم کــە بــەوردی بــەم وەرگێڕانەدا چووەوەو، لێرەو لەوێ هەڵەو پەڵەی بۆ ڕاست کردمەوە.

**سلێمانی**

**٣ی تەمووزی ٢٠٠٥**

## پێشەکی وەرگێڕ

دیاردە سیاسی و سۆسیۆکولتووریەکانی کۆمەڵی کورد زۆر ئاڵۆز و بەیەکداچوون. ئایین، بە تایبەت بە روویێکی گشتی و مەزهەبگەری، رۆلێکی زۆر کارای لە هەموو پێشهات و رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بینیوە و، دواتر شوێنکاری زۆر تەواوی بەسەر رۆحانیەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە بەجێهێشتووە. بەداخەوە تائێستا بە شێوەیەکی ورد لە کاریگەریو رۆلی ئایین بەسەر ناسنامە identitéی کوردییەوە بەتایبەت و شوێنی ئایین لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەگشتی نەکۆڵدراوەتەوە. ئەم پێشەکییە هەوڵدانێکە هاوڕێ لەگەڵ ئەم کتێبەدا بۆ وروژاندنی چەند پرسیارێك لەبارەی پێوەندی ئایین و خێڵەوە بە ناسنامەی کوردی.

I

لە رەوتی دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەییدا، کۆمەڵێك فاکتۆر و هۆکاری بابەتی کۆك و ناکۆك لە پرۆسیسی دروستبوونی نەتەوەدا، خۆیان دەهێننە پێشەوە.

بەمپێیە لەوانەیە بابەتەکانی دروستبوونی ناسنامە پێك ناکۆك بن و رەوتی دروستبوونی ناسنامەکە بەرەو ناکۆکی ببەن. یەکێك لە بابەتە زۆر ناکۆکەکانی ناسنامەی کوردی، دیاردەی فرەمەزهەبی، فرە تیرەیی

و فره دیالێکتییه که تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان یەکێکن له ئاستەنگه هەره دیارەکانی پێش له دایکبوونی ناسنامەی کوردی. دەشێ چاوگه ئایینیەکان ببنه کۆسپ لەبەردەم ئاراستەکردنی ناسنامەی کوردیدا. به نموونه، ئینتما بۆ مەزهەبی عەلەوی، له ململانێدایه لەگەڵ ناسنامەی کوردیدا بەتایبەت له پلانی سیاسیدا[1].

تۆ بڵێی بتوانین قسه لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد بکەین ؟ ئایا کورد ناسنامەی هەیه ؟ ڕەنگه ئەگەر لەم ڕووەوه هەر پێدا بچین، وەك هەمیشه پرسیارەکان له وەڵامەکان زۆرتر بن. کوردستان بەڕاستی مۆزاییکی مەزهەب و خێڵه، که هەر لەزووەوه سیمای کۆمەڵی کوردەوارییان نەخشاندووه. سترەکتووری دابەشبوونی مەزهەبی، به تایبەت له سەرەتای له دایکبوونی هۆشیاری نەتەوایەتیدا، ناسیۆنی کوردی بەرەو بەمەزهەبیکردنی ناسیۆن بردووه. تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و زۆر دواتریش، چەمکی (ئایین) هەمان واتەی چەمکی (ناسیۆن)ی ئەورووپی و چەمکی (خێڵ)یش هەمان تێگەیشتنی (نیشتمان) ی دەگەیاند. چەمکی دووسەرەی (ئایین) و (خێڵ) هێنده به سەختیش بەناو کۆمەڵی کوردەواریدا شۆڕبوونەتەوه، که بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد هەمیشه خاوەنی ئاخاوتنێکی discours ئایینی-خێڵەکی (نەتەوایەتی) بووه.

کورد به کولتوور و شارستانێتییەکی زۆر نزمتر له شارستانێتی دراوسێکانی کەوتە نێوان دوو ناسیۆنی زۆر بەهێزی جیاواز له

---

[1] Dorronsoro, (١٩٩٩), *l´islam kurde dans le sud-est de la Turquie*, in Les Annals de l´autre islalm, n ٦, p.١١٦.

کولتوور و زمان و مۆدی ژیان، بە جۆرێك كە لەم نێوەدا شوێنێك بۆ کورد وەکوو ناسیۆنی سێیەم و چوارەم و .... نەمایەوە. فۆرماسیۆنی ناسنامەی کوردی هەمیشە پەیوست بووە بە ناوچە، خێڵ و مەزهەبەوە. بە نموونە، هاریکاری نێوان عەلەوییەکان ( تورك، کورد و زازا)، زۆر بەرفراوانتر بووە لە ئالیکاری نێوان کوردە عەلەوییەکان و کوردە سوننییەکان[٢]، هەروەك تەنانەت هیچ ئالیکارییەك لەنێوان کوردانی یەك مەزهەبی جیاوازیشدا نەبوە. زۆر بەدەگمەن زازا عەلەویەکان و زازا شافیعیەکان هاریکارییان لە گەڵ یەکدا کردووە، لەکاتێکدا پێوەندییەکانی نێوان زازای عەلەوی و کوردی زازا زۆر باش بووە[٣].

## II

میرنشینە کوردیەکان تەنها کۆنفیدراسیۆنێکی خێڵەکی بوون، نەیانتوانیوە لە سنووری ئەم کۆنفیدراسیۆنە بچنە دەرەوە. میر و بەگە کوردەکان، کۆپی دەسەڵاتێکی یەکجار بچووکی ناوخۆی عوسمانی و فارسی ناوچەکە بوون. ئەم میر و بەگە کوردانە لوتکەی دەسەڵاتی کورد بوون لە ناوچەکەدا. هەردوو تەریقەتی ئایینی: قادری و دواتر نەقشبەندی، نەیانتوانی شوێنێك لە پەراوێزی دەسەڵاتی میرنشینە کوردەکاندا بەدەستەوە بگرن. کەچی هەر دوای تێکشکانی دەسەڵاتی ناوخۆی کورد، ئەم تەریقەتانە توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر

---

[٢] ibid, p.١١٦.
[٣] ibid, p.١١٧.

کۆمـەڵی کوردەواریـدا بـسەپێنن. ئـەم تەریقەتانـە بەگـشتی خـاوەنی ئاخاوتنێکی نەتەوەیی نـەبوون، تـا بتـوانن کـورد بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە بەرامبەر بە (ئەوی دیکە) ئامادە بکەن. ئەوان دەیانەویست بـە چەکێك بجەنگن کە ئامرازی هەرە بەهێزی دەستی دوژمنەکانیان بوو.

لەگـەڵ کۆتـایی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی نۆزدەهـەم و پێبـەپێ هەرەسـهێنانی دەسـەڵاتی میر و بەگـە کوردەکـان، بۆشـاییەکی گـەورە کەوتە ناو کۆمەڵی کوردی. شێخەکان، کە پێشتر لە دەورانی دەسـەڵاتی ناوخۆی کورددا خرابوونـە پـەراوێزەوە، سـەرەداوی ڕەوشـی نوێیـان بـە دەسـتەوە گـرت و باجیـان خـستە سـەر هۆزەکـان" بەتایبـەت دوای جاڕدانی یاسای زەوی عوسمـانی سـاڵی ١٨٥٨، زەوییـان کـڕی و بـوون بـە خـاوەن زەوی‌ـوزار و، هـەردوو دەسـەڵاتی ئـایینی و سیاسـییان لەدەسـتدا کۆبـۆوە. بـەم شـێوەیە دەبیـنین لـە سـەردەمی قەڵـەمڕۆی بابانەکانـدا، مـەولانا خالیـدی نەقـشبەندی تـەنها ڕێگـەی ئـاوارەیی بـۆ مایەوە. کەچی بە ڕووخانی دەسەڵاتی ناوخۆی میرنشینە کوردیـەکان، شێخەکانی نەقشبەندی و قـادری تـا دوادواییـەکانی سـەدەی بیـستەم جڵەوی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیان بەدەستەوە بووە.

## III

مێـژووی کـورد پڕیـە لـە خیانـەت و خۆخـۆری، هـەر لاپەڕەیـەکی هەڵدەیتـەوە و هـەر سـەردەمانێکی بگـری، وەکـوو چـڨڵ بـەناو چـاوتدا دەچن. بۆچی مێژوەکان دیاردەکان وەکوو خۆیـان بەرهـەم دەهێننـەوە ؟ ڕقـی کۆنینـەی نێـوان بارزانیـەکان و زێباریـەکان، فـارس ئاغـای زێبـاری

**بەرەو لای تورکەکان ڕاکێشا و هەر بە کۆمەگی ئەوانیش شێخ عەبدولسەلامی بارزانی کەوتە دەست تورك و، دواتریش لە سێدارەیان دا[٤]. سەرکردەی ڕاپەڕینی دێرسیم، عەلیشێر لەلایەن ڕەهبەری برازای سەید ڕەزای سەرکردەی ڕاپەڕینی کوردەوە کوژرا[٥]. بەگوێرەی هێندێك دەمگۆ، شێخ سەعیدی سەرکردەی ڕاپەڕینی ١٩٢٥ نزیکەکانی خۆی خیانەتیان لێکردووە[٦]. ڕاپەڕینی قۆچگیری–دێرسیم ١٩١٩–١٩٢١، لە سۆنگەی مەزهەبگەرییەوە، هیچ هاوپشتییەکی لە کوردە سوننیەکانەوە پێنەگەیشت. بە هەمان شێوە، شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ ی شێخ سەعید (شێخی سوننی کورد) هیچ پشتیوانییەکی لە هۆزە کوردە عەلەویەکانی دێرسیمەوە پێنەبڕا. هەر لە هەمان سۆنگەی مەزهەبگەرییەوە، کوردە شیعەکانی ئێران لە ئاستی جموجۆڵ و چالاکییە ناسیۆنالیستیەکانی برا سوننیەکانیان، وەکوو بزووتنەوەی ساڵانی ١٩٢٠، ١٩٤٦ و دواتر تا ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابوردوو هەر گۆشەگیر وەستان[٧].**

**پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا کورد بە پڕۆسیسی دروستبوونی (نەتەوە)دا ڕۆیشتووە ؟ بۆچی ناسیۆنالیزمی کورد نەیتوانیوە (نەتەوە)ی کورد، بە مانا سیاسیەکەی، دروست بکات ؟ تۆ بڵێی ئێستە بتوانین قسە لەسەر ناسنامەی کوردی بکەین ؟**

---

٤ Wison, A, *Mesopotamia ١٩١٧-١٩٢٠*, London, ١٩٣١, p.١٥١.
٥ Sabri CIGERLI, *Les kurdes et leur histoire*, Ed. L´Harmattan, Paris, p. ٥٢.
٦ ibid, p.٥٢.
٧ Martin Van Bruinessen, *Agha, Shaikh and State*, Ed. Zed books, London, p. ٢٣.

# لەبارەی ئەم کتێبەوە

**هاوزمانە خۆشەویستەکانم،**

**ئەم کتێبەی بەردەستتان بە قەڵەمی مامۆستایەکی زانکۆ نووسراوە، هانس-لۆکاس کییسێر کە ناوی نووسەرە خەڵکی وڵاتی سویسرەیە. زمانەکانی: ئەڵمانی، فرانسەوی، ئینگلیزی و تورکی زۆر بەچاکی دەزانێ. یەکێکە لە پسپۆڕەکانی بواری مێژووی کوردە عەلەوییەکان. ئەم کتێبەی بەردەستی ڕاستەوخۆ بە زمانی فرانسی نووسیوە و، ساڵی ١٩٩٣ وەك بڵاوکراوەیەکی** MERA **لە ئەمستردام بەناوی:** *Les kurdes alevis face au nationalisme turc kemaliste, l'alavité du Dersim et son role dans le premier soluvement kurde contre Mustefa Kemal (Koçgiri ١٩١٩-١٩٢١)*‍**ـەوە بڵاوکرایەوە. بە کوردی واتە (کوردە عەلەویەکان لە هەمبەر ناسیۆنالیزمی کەمالیستی تورك: عەلەویەتگەرێتی دێرسیم و ڕۆلیان لە یەکەم ڕاپەڕینی کورد دژ بە مستەفا کەمال (قۆچگیری ١٩١٩-١٩٢١). دوای خوێندنەوی ئەم کتێبە لەبەر کۆمەڵێك هۆ کردنە کوردیم بە پێویست زانی:**

**یەکەمیان: دەرگایەك دەکاتەوە بۆ وتووێژ لەبارەی باسێکەوە کە مێژوونووسانی کورد تائێستە کەم توخنی کەوتوون: پێوەندی نێوان ئایین و مێژوو.**

**دووەم: میتۆد و نووسینی کتێبەکە بەڕاستی هێندە زانستیانەیە، پێم خۆش بوو مێژوونووسانی کوردیش ئاگایان لە شێوەی میتۆدی**

مێژوونووسانی بێگانە بێ، کە بەداخەوە لەم بارەیەوە نووسینی کوردی لەڕووی میتۆدەوە ڕاست بێداروبارە. بێجگە لەمانە، ئەم نامیلکەیە هێندە ورد و زانستیانە نووسراوە و خاوەنەکەی هێندە بە گیانێکی ئەکادیمی و زانستییەوە قەڵەمی بەدەستەوە گرتووە و کتێبی لە سەر کورد نووسیوە، کە زۆرم لە دڵدا گران بوو ئەم دیارییە نەگاتەوە دەست خوێندەوارانی کورد.

بەڵام ڕاستییەك هەیە حەزدەکەم ئاشکرای بکەم، ئەویش ئەوەیە کە سوێسرییەك ئەم کتێبەی نووسیوە کەوا فرانسی زمانی زگمامی دایکی نییە، بۆیە فرانسییەکەی کەمێك وشك و ڕەقەو لە زۆر جێگەدا تەواو ماندووی کردم. نووسیار خۆیشی لەو نامەیەیدا کە بۆ وەرگێڕی ناردووە، زۆر بەنەوازشەوە باسی بێسەلیقەیی زمانەوانی خۆی دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری سەختی زمانەکە، من هەر بینم پێوەنا و بەردەوام بە دوو مانگی ڕەبەق سەرلەبەری وەرگێڕانەکەم تەواو کرد. ماوەتەوە بڵێم: ناونیشانی کوردیی کتێبەکە لە دانانی ئێمەیە و ڕەزامەندی نووسیاری بۆ وەرگیراوە.

دواجار من لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا وشەگەلێکی زۆری فرانسەویم بەکارهێناوە کە لەناو زۆربەی زمانە زیندوەکاندا بەکارهاتوون، بۆیە هیچ سڵم لە بەکارهێنانیان نەکردەوە، چونکە لە کوردی یا عارەبیەکەیان زێتر مانابەخشترن و، ئەگەر زمانی کوردی دەوڵەمەندتر نەکەن، ئەوا هیچ زیانێکیشیان نابێ و دەبنە خزمەتکاری بێئەرکی زمانی کوردی. ئەگەر ئەم کتێبە شوێنێك لە کتێبخانەی کوردی بگرێ، گەلێك دڵشاد دەبم.

پاریس ٥ی نیسانی ٢٠٠١

نەجاتی عەبدوڵڵا

# نامەی نووسەر بۆ وەرگێڕ

بــۆ ئــەوەی کــاری وەرگێڕانەکــەم ڕێگــەی یاســایی خــۆی بگــرێ بــۆ بڵاوکردنەوە، ڕۆژی ٢٤ ی شوباتی ٢٠٠١ بە پۆستی ئەلیکترۆنی نامەیەکم بـۆ نووســەر نووســی و، داوام لێکـرد مۆڵـەتی بڵاوکردنــەوەی کتێبەکــەیم پێبدات و، ئەگەر بکرێ پێشەکیەکیش بۆ چاپی کوردیی کتێبەکە بنووسێ. هەر هەمان ڕۆژ وەڵامی لێگێڕامەوە و بەم نامەیە وەڵامی دامەوە:

٢٠٠١/٢/٢٤ بەڕێز نەجاتی عەبدوڵڵا،

ئافەرین بۆ ئەم کارە گەورەیەی وەرگێڕان کە سەلیقەی زمانەوانی تێدا کەمە و، بەداخەوە من بۆ خۆشم بەبێ لێوردبوونەوە ناتوانم بیخوێنمەوە. کەوایــە مــن متمانــە بــە پــاکی وەرگێڕاوەکــەی ئێــوە دەکــەم و، مــافی بڵاوکردنـەوەیتان پـێدەدەم. تکایـە شـوێنی تـەواوی چـاپکردنەکەیم بـۆ بنووسە، پێم بڵێ بۆ چ مێژوویێکە. من ئامادەم کورتە پێشەکییەك ( بۆ چاپی کوردی) بنووسم. لێرەوە تا دە ڕۆژی دیکە لێرە نابم.

لــە ســەرووی لاپــەڕە ٤ی لێکۆڵینەوەکەمـدا، لەوانەیــە هەڵەیــەك سەبارەت بە پۆستی حوکمڕانی حەیدەر و ئالیشان هەبێ، کە هاتمەوە لێـی ورد دەبمـەوە و، دوای گەڕانـەوە نووسـراوێکی ڕاسـتکراوی ئـەم بەشەتان بۆ دەنێرم.

هەر خۆش بن لەدڵەوە

هانس-لۆکاس کیسێر

## پێشەکی نووسەر بۆ چاپی کوردی

ڕاپەڕینی ساڵی ١٩١٩ی قۆچگیری–دێرسم، خەباتی سەربەخۆیی کورد و هەوڵدانێکی سەرنەکەوتووی کورد بوو بۆ خۆگرێدانی بە سەردەمەوە وەك کیانێکی نەتەوەیی لە سیستمی نوێی جیهانیدا کە سەرۆك ویلسن ڕایگەیاند. تراژیدیای کورد لە سەدەی بیستەمدا، بە ئاشکرا شوێنکاری ئەم پرەنسیپەی پێوە دیارە: دوژمنانی تەواو تەیار و ئامادە هەموو چەشنە دیالۆگێکیان ڕەت کردەوە، دەسەڵاتە زلهێزەکان ناپاکییان لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەدا کرد کە بانگەوازیان بۆ دەکرد. هەروەها نەبوونی تەبایی لەنێوان کورد خۆیدا و نەبوونی هاودەنگی نێو ئیتنیکی ناوچە. بەم چەشنە بوونی کورد لەوەبەدوا بوو بە لاوەکی: ژینۆسیدەکان، ڕاگوێزانەکان و توانەوەی زۆرەملی دووبارە بوونەوە. ڕاپەڕینی قۆچگیری–دێرسیم، پێشینەی ئەو ئیتنۆکوژییە بوو کە لە ماوەی لەشکرکێشیەکانی کەمالیستەکاندا لە ساڵی ١٩٣٧–١٩٣٨ جیهانی کوردە عەلەویەکانی گرتەوە. گیانی دژە مرۆیی و دژە پێکەوە ژیانی فرەیی، پێشتر لەلایەن نوورەددین پاشا و تۆپاڵ عوسمانی سەرۆك میلیشیاوە دەستی پێکردبوو و، هەردوکیان ئەرکی خامۆشکردنی خەباتکارەکانی قۆچگیری–دێرسیمی ساڵی ١٩٢١یان پێسپێردرابوو.

**من دوو جاران، وەکوو مێژونووس، دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵکەوتووە بەسەر سەرنەکەوتنی گەورەی قۆچگیری-دێرسیم ۱۹۱۹-۱۹۲۱ دا بچمەوە. ئەم زووانە بە وتاری:** *Les kurdes Alevis et question identitaire: Le soulevement du Koçgiri-Dersim (۱۹۱۹-۱۹۲۱)* **واتە (کوردە عەلەویەکان و پرسی ناسنامە: ڕاپەڕینی قۆچگیری-دێرسیم ۱۹۱۹-۱۹۲۱) کە لە کتێبی:** Martin VanBruinessen (dir.de): Islam des Kurdes ( Les Annales de l´autre Islam, n ٥, Paris, Inalco-Erism, ١٩٩٨, S.٢٧٩-٣١٦) **دا بڵاوکراوەتەوە. پێشتریش لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۹۹۰ەوە ئەو وتارەم ئامادەکرد کە ئێستە بەهۆی نەجاتی عەبدوڵڵاوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، من لەدڵەوە سوپاسی دەکەم و بە هیوام کارەکەی جێگەی بایەخ بێ.**

**جا ئەگەر کوردەکان لە سەردەمی دەوڵەت-ناسیۆندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆڕاندبێتیان، ئەوا هیچ شتێك ڕێگەی ئەوەیان لێناگرێ تا لە سەردەمی دادێدا نەبەنەوە، کە بێگومان ئەو سەردەمە سەردەمی لامەرکەزێتی، جێگۆڕکێی سنوورچێتی و گلۆبالیزاسیۆن دەبێ.**

**هانس-لۆکاس کیسێر**

# پێشەکی

لە کۆبوونەوەیەکی ساڵی ١٩١٩ی "کۆمەڵەی تەعالی کوردستان"دا لە ئەستەمبووڵ ، پزیشکی بەیتەری گەنج نووری دێرسیمی، خەڵکی دێرسیم[٨] دەستی کرد بە قسەکردن بۆ ڕازیکردنی ئەندامەکانی ئەم یانە کولتوورییە ناسیۆنالیستە بۆ ئەوەی کوردە سوننیەکان و عەلەویەکان ئاشت بکرێنەوە، تا حکوومەتی تورك ئەم هەلی پارچەپارچەبوونە بۆ خۆی نەقۆزێتەوە. پێشنیارەکەی دێرسیمی "بە توندی ڕەت کرایەوە"و نووری دێرسیمی لەم بارەیەوە لە بیرەوەریەکانی خۆیدا نووسیوویە:

"بەداخەوە بە درێژایی ماوەی ڕاپەڕین لە کوردستاندا، کوردە عەلەویەکان بەشدارییان لە ڕاپەڕینی کوردە سوننیەکاندا نەکرد و بە هەمان شێوە کوردە سوننیەکانیش بە هیچ شێوەیەك بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکانی کوردە عەلەویەکاندا نەکرد. پارچەپارچەبوونی ڕاپەڕینەکان دووبەشی بە قازانجی حکوومەتی تورکیا شکایەوە"[٩].

---

[٨] دێرسیم دەکەوێتە باکوور–ڕۆژهەڵاتی تورکیا (نێوان دیڤری، سیواس، تەرجان/ ئەرزەجان و ئەلازیێ). لەساڵانی سییەوە ناوەکەی کرا بە تونجەلی (وەك زۆر ناوی دیکەی ناوچەکە). قۆچگیری، هەموو ناوچە هاوسێیەکانی ڕۆژئاوای دێرسیم بەرەو سیواس دەگرێتەوە.

[٩] Nuri Dersimi, *Hatiratim*, p.٩٩.

ئەم کتێبە ساڵی ١٩٨٦ لە ستۆکهۆلم، ١٣ ساڵ دوای مردنی نووسیارەکەی، بڵاوکرایەوە.

ئەم پارچەپارچەبوونە مەزهەبیانە بۆچی ؟ ڕەگەکانی چین و لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێن ؟ لێکۆڵینەوەکەی من تیشك دەخاتە سەر بزووتنەوەی قۆچگیری دێرسیم (١٩١٩-١٩٢١) کە ساڵانی ونبوونی دەسەڵات لە ئانادۆڵ، پاش تێکشکان و داڕمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سەری هەڵدا. پرسیارێکی دیکە کە خۆی دێنێتە پێشەوە: بۆچی کوردەکانی دێرسیم یەکەمین کورد و دوایەمین کورد[10] بوون لە گەرمەی جەنگی سەربەخۆییدا (١٩٢٣-١٩٢١) بەرەنگاری ڕژێمی تورکیای کەمالیست بوونەوە ؟

سەرەتا، لە بەشی یەکەمدا، بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەست پێدەکەین کە دەکرێ مێژووەکەی دەستنیشان بکەین و، لە بەشی دووەمدا، لە ڕەوشی عەلەویەکانی ئەم ڕووداوانە دەکۆڵینەوە بۆ ئەوەی لە بەشی سێیەمدا بچینە ناو کرۆکی باسەکە. مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە هەر تەنها دەستنیشانکردنی کردەوەیەکی نوێ نییە، بەڵکە لێکۆڵینەوەکە بەگوێرەی ئەو زانیارییە کەمانەی کە لەبەر دەستدان ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندی ڕووداوەکان بە ناسنامەی ئیتنیکی-ئایینی ناوچەکەوە[11].

---

[10] ڕاپەڕینی دێرسیم ١٩٣٦-١٩٣٨. ڕاپەڕینی چەکداری کورد لە تورکیا تەنها لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەستی پێکردەوە ( لە تونجەلی/ دێرسیم لە ساڵی ١٩٩١ تێهەڵچۆوە)، بنۆڕە Yeni Ulke, ٦-١٢-١٩٩٢.

[11] نووسیاری ئەم باسە لەم بارەیەوە منەتباری نیشاندانی هەموو بابەتێکی نوێ دەبێ لەم بارەیەوە (نەخوازە دۆکۆمێنتەکان). سەرچاوەکانی ئەم باسە ئەوەی تایبەتە بە ڕاپەڕینی قۆچگیری، ئەم کتێبانەی خوارەوەن (ئاماژە بە سەرچاوە ئەرشیڤیە سەربازیەکانی تورك دەکەین کە لەبەردەستدا نین، بە هەمان شێوە سەرچاوە ئەرمەنیەکان و ڕووسیەکانیش).

**هەرچی بەستە بە سەرچاوە ئینگلیزیەکانەوە، ئاماژە بۆ ئەو دەستنیشانکردنانە دەکەم کە ڕۆبەرت ئۆڵسن ئیشارەی پێکردوون:**

Robert Olson, *The Emergemce of Kurdish Nationalism* ١٨٨٠-١٩٢٥, Texas ١٩٩١-١٩٨٩.

Nuri Dersimi, op.cit & *Kurdistan Tarihinde Dersim*

**چاپی یەکەمی ئەم نووسراوەی دوایی، ساڵی ١٩٥٢ لە حەڵەب/ سووریا بڵاوکرایەوە (نووری دێرسیمی نووسیاری ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٣٨ەوە لە سووریا ژیاوە). ئەم دوو کتێبەی ئەم ناسیۆنالیستە کوردە زانیاری زۆر ورد بە دەستەوە دەدەن، وێڕای ئەوەش کە نووسیار هەڵوێستی خۆی نەشاردۆتەوە.**

-Rahmi Apak, *Turk Istiklal Harbi-iç Ayakanmalar (*١٩١٩–١٩٢١), t ٦, Ankara, ١٩٦٤ ( T.C. Generealkurmay Baskanigi Harib Tarihi Dairesi Resmi Yayinlari seri, n ١ Gukur.Basimevi).

**ئەم کۆنە خەباتکارەی تورك، شوێنێکی گرینگی لە کتێبەکەی خۆیدا بۆ ڕاپەڕینی قۆچگیری تەرخان کردووە.**

-Ali Kemal, *Erzincan Tarihi*, Istanbul, ١٩٣٠.

**چاپی دووەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەستەمبووڵ بە تورکی نوێ بڵاوکرایەوە.**

- Faik Bulut, *Belgelerle Dersim Raporlari*, Istanbul, ١٩٩١.

**(بەڵگەنامە و گەواهینامەکانی ئەم کتێبە بەشێکیان لە عەلی کەمالییەوە ڕاگوێزراونەتەوە).**

**لە ڕەوشی زۆر تازەدا، پرۆتۆکۆلە نهێنیەکانی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورك:**

-Turkiye *Buyuk Millet Meclisi, Gizli Celse Sabitlari*, Ankara, ١٩٨٠.

**ڕاپەڕینی قۆچگیری، لە بڕێك کتێبی تورکیدا، شوێنێکی دیاری هەیە. کەچی بە پێچەوانەوە بە عەمەلی هیچ چاپەمەنییەك لەسەر ڕاپەڕینی قۆچگیری بە زمانە ڕۆژئاواییەکان بەدی ناکرێ. بە فرانسی نامەی دیپلۆمی** Muslum Erdogan **بەناوی** *La revolte de Koçgiri* **کە ساڵی ١٩٩١ بە چاودێری ڕۆبێرت پاریس لە زانکۆی** EHESS **لە پاریس ئامادەکراوە، تائێستە چاپ نەکراوە. بە زمانی ئینگلیزیش، دە دوانزە لاپەڕەیەك لە کتێبەکەی ڕۆبێرت ئۆڵسندا هەیە... هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨–٣٩.**

# بەشی یەکەم

## ڕاپەڕینەکە

### ١. ١. ئامادەکاریەکان

خواستی ڕاپەڕیوەکانی قۆچگیری، "کوردستانێکی سەربەخۆ کە ناوچەکانی: دیاربەکر، ئەلعەزیز و دێرسیم بگرێتەوە"، قۆناغێکی گرینگە لە مێژووی ناسیۆنالیزمی تازە لەدایکبووی کورد. ڕاستیەکەی، سەربەخۆییەکی بەم شێوەیەی کورد، نە ئامانجی میر بەدرخان بەگی میری بەهێزی بۆتان بووە کە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ژیاوە و، نە خواستی یەکەمین یانە کوردیەکانیش بوو کە دوای شۆڕشی تورکە-لاوەکان لە ئەستەمبووڵ لەدایك بوون[١٢]. بالاْدەستی سوڵتان-خەلیفە تا ئەوکاتە جێگەی پرسیار نەبوە. سەربازگیری ساڵی ١٨٩٠ی هۆزە کوردیەکان، کە ناوی حەمیدییەیان لە ناوی سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بەسەردابڕا، بۆ ئەوەبوو بەر لە هەرچی بەری خواستە نەتەوایەتیەکانی ئەرمەن بگرێ و، ئەمە تاڕادەیەك ئەو پەیوەندییە بنەڕەتییە بە ڕوونی لێك دەداتەوە کە تا دوێنێ بوو جەنگی یەکەمی جیهانی بەشی زۆرترینی کوردەکانی بە دەوڵەتی تورکی-عوسمانییەوە بەستبۆوە[١٣].

www.zheen.org

---

[١٢] بەدەر لە داخوازیەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (ساڵی ١٨٨٠)، بڕوانە: ڕۆبەرت ئۆڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢.

[١٣] Cf. Martin Van Bruinessen, *Vom Osmanismus zum Separatismus: Religiose und ethnisch Hintergrunde der Rebellion des Scheich Said*, In Islam und Politik in der Turkei, Hg, J. Blaschke, M.Van Bruinessen, Berlin,١٩٨٩.

هەروەها ئۆلسن، هەمان سەرچاوە، ل ١-٢٩.

**زۆرترین بەشی دێرسیمیەکان، بەشدارییان لە جەنگی تورکی-ڕووسیدا ١٩١٤-١٩١٧) و جەنگی تورکی-ئەرمەنی (١٩١٦-١٩١٨)[١٤] دا نەکرد. بەڵکە ئەوان زێتر هەوڵی ئەوەیان بوو دەرفەتی شکستی تورکەکان بقۆزنەوە[١٥] و، کەمتر بە ئاشکرا خۆیان دەدایە پاڵ ڕووسەکان. ساڵی ١٩١٧ گفتوگۆ لەنێوان دێرسیمیەکان و سەرکردایەتی ڕووس"لاهۆف" و سەرکردایەتی ئەرمەن"موراد پاشا"دا هەبوە. دێرسیم بۆ خۆی لەنا و نیمچە ئۆتۆنۆمییەکدا دەژیا.**

**ساڵی ١٩١٨ بە خۆکێشانەوەی ڕووسەکان لە ناوچەکە، دێرسیم کەوتە بەر هەڕەشە. بەڵام تورکەکان بێجگە لە چەند گەنجێك کە کەڵکەڵەی ئەوەیان بوو ببنە ئەفسەر لەناو سوپای تورکدا، وێڕای هەوڵدانێکی زۆر نەیانتوانی دێرسیمیەکان بهێننە ژێر باری ئالیکاریکردنی تورکەکان. ئەوە تەنها لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بوو کە دێرسیمیەکان بڕیاریان دا بەشداری لە جەنگدا بکەن.**

**وەختێك ڕووسەکان هێزی خۆیان لە ناوچەکە کێشایەوە و هێزی ئەرمەنیەکان تاك و تەنیا مایەوە، بەشێکی دێرسیمیەکان وایان بیردەکردەوە کە پێویستە ستایشی حکومەتی تورکی بکرێ و وای لێبکرێ ڕاپەڕینەکان لەبیربکات و هەوڵ بدرێ میلیشیا بە پارەی فرەی دەوڵەت پێکەوە بنرێ[١٦].**

---

[١٤] فرات، مێژوونووسی بە ڕەگەز کورد، لەمە ناڕازییە، بڕوانە:
M. Sherif, Doguilleri ve Varto Tarihi, Ankara ١٩٨٣ (١٩٥٢), p. ١١٤.

[١٥] عەلیشێری ناوداری قۆچگیری زمانی ڕووسیی زانیوە، چاوپێکەوتن و پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ سوپای ڕووسدا هەبوە، بەو نیازەی کە بتوانێ پرسی سەربەخۆیی کورد پەرەپێبدات.

[١٦] N.Dersimi, *Kurdistam.......op.cit*, p. ١١٨.

سـەید ڕەزا، بـەهێزترین سـەرۆکهۆزی دێرسـیم، هەمیـشە پێـی وابـوو هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە ئەرمەنەکان ترسناکە، بەڵام دواجار گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەگەڵ هۆزەکەیدا بەشداری بکات بۆ چوونەپاڵ بەشێکی هـۆزی ئۆڤاجـك Ovacik بـۆ ڕاونـانی هێـزی ئەرمەنـەکان لـە ئـەرزەنجان و ئەرزەڕۆم. جێگەی سەرنجدانە ئەوە تێبینی بکرێ کە شایەدییەکەی نووری دێرسیمی تا چەند حوکمی پێویست بووە بۆ ئیشارەتدان بەوەی کە سەید ڕەزا دوای دوودڵییـەکی زۆر بەشـداریی لـە ڕاونـانی هێزەکـانی ئەرمەنـدا کـردووە، ئەمـەش بـۆ پاراسـتنی کوردەکـان لـە ترسـی ئـەوەی نـەوەکا ئەرمەنــەکان، کاتێــك هێزەکــانی خۆیــان دەکێــشنەوە لــە نــاو گونــدە کوردنشینەکاندا، دەست بە ڕەشەکوژی بکەن.

نـە سـەید ڕەزا، نـە دێرسـیمیەکان، بەگشتی نەیاندەویست بخزێنـە نـاو بازنـەی دژایـەتیکردنی ئەرمەنـەکان، بۆیـە بـە هـیچ کڵـۆجێ بەشـی گـەورەی هۆزەکـانی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای دێرسـیم خۆیـان هەڵنەدایـە ناو بازنەی ئەم دژایەتییەوە[١٧].

www.zheen.org

حکومەتی تورکە-لاوەکان هەوڵی دا لەڕێگەی چەلەبی جەمالـەددین ئەفەندیی یـەکێك لـە بەرزترین نوماینـدەی تەریقـەتی بەکتاشییەکانەوە، دێرسیمیەکان ڕازی بکات بدەنە پاڵ سوپای تورکیا. سەرکردەی گشتی سوپا چاوەڕوانی وەرچەرخانێکی کاریگەر بوو لە بەرەکانی جەنگدا دژ بــە ســوپای ڕووس و ئەرمەنــەکان. ســەرکردایەتی گــشتی ســوپا، هــەروەکوو چــەلەبی ئەفەنــدی، بــێ‌لێبڕان خــەریکی ئــەوەبوو ئیمــاژی

[١٧] N.Dersimi, *Kurdistam…….op.cit*, p. ١١٨.

جەنگێکی پیرۆز (جیهاد) بدەنە جەنگەکە وا کە دەبێ بە هەر نرخێك بووە بەشداریی تێدا بکەن. بەڵام هۆزەکانی دێرسیم هەر بەوەندە قایل بوون کە چاودێری بزاوتی سوپای ڕووس و تورك بکەن[١٨]. نووری دێرسیمی بە هەڵچوونەوە هەڵوێستی سوارەی حەمیدییە لە هەمان سەردەمدا وەسپ دەکات:

"دێرسیمییەکان، خۆیان لە داوی دەسەڵاتی تورك دەرهێنابوو و، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوون بۆ خۆیان. بەڵام بەداخەوە سوارەکانی حەمیدی کە لەلایەن کوردەکانی باشووری کوردستانەوە پێك هاتبوون، لەگەڵ یەکە خۆبەخش(موتەتەویع)ـەکاندا دژ بە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی کورد تێهەڵچوونەوە ناو جەنگێکی لەڕادەبەدەری خۆکوژی دژ بە سوپای ڕووس و برا ئەرمەنەکان"[١٩].

ئەستەموول، لە ساڵەکانی ١٩١٩ تا ١٩٢٢، بوو بوو بە "پایتەختی سیاسیی کوردستان"[٢٠] و سەرکردە کوردەکان لەوێوە هەوڵیان دەدا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵی کوردەواری، کە چەند هەزار کیلۆمەتر لە ڕۆژهەڵاتەوە دوور و تا بینەقاقاشی لەناو عەشیرەتگەریدا نوقم بووبوو و، لەڕووی نە کۆمەڵایەتی و نە زمان و نە ئیتنیکیشەوە هاوچەشن نەبوو. کۆمەڵەی تەعالی کوردستان Kurdistan Teali Cemiyeti ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەموڵ دامەزرا و، لەڕووی ستراتیژەوە، دوور بوو لەوەی کە کۆمەڵەیەکی یەکڕا بێ. نووری دێرسیمی، پزیشکی ڤێرتینەری

---

[١٨] N.Dersimi, *Kurdistam…….op.cit*, p.١٠٢.
[١٩] N.Dersimi, *Kurdistam…….op.cit*, p. ١١٤.
[٢٠] H.Bozarslan, *le probleme national Kurde en Turquie kemalist*,
نامەی زانکۆی EHESS بە چاودێری ڕۆبێرت پاریس، ١٩٨٦ (چاپ نەکراوە)، ل ٩٥.


ناوچەکانی زازا، دیڤری و کانگاڵ، بە مەبەستی کارکردن لەناو هۆزەکانی سیواسدا، حوزەیرانی ١٩١٩ بە هاوەڵی حەیدەر بەگ، ئەویش ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بوو، گەیشتە دێرسیم. ئەوانە، کتێبی کوردی و ڕۆژنامەی کوردی (ژین)یان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو. حەیدەر، لقێکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستانی لە ئۆمرانییێ (عومرانییە) Umraniye کردەوە.

عەلیشێر، کە دەکرێ بە کەسایەتی سەرەکی هەموو هەرا کوردییەکانی ناو دێرسیمی دابنێین، بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەك، دەشێ لەڕێگەی ئەرمەنییەگی گوندی ئارمۆدانی ناوچەی قۆچگیرییەوە چەند ڕێنوێنییەکی لەلایەن عەبدولقادری سەرۆکی کۆمەڵەی تەعالی کوردستانەوە پێگەیشتبێ[21]. عەلیشێر، لە خزمانی بنەماڵەی مستەفا پاشای سەرۆکی هۆزەکانی قۆچگیری و باوکی حەیدەر و ئالیشان بوو. عەلیشێر سازژەنێکی کارامە، شایەر و حەماسەبێژێکی ڕووناکبیر، ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیش بوو" هەر بە سایەی ئەویشەوە، کۆمەڵە لە ناوچەی قۆچگیری-دێرسیم بڵاوبۆوە. نووری دێرسیمی-ش خۆی لە دێرسیم بینییەوە، ئەو بە پێچەوانەی ڕووناکبیرە کوردەکانی دیکەوە، دژ بە سوپای تورك چووە ناو بەرەکانی جەنگ.

www.zheen.org

---

[21] Apak, op.cit, p.١٥٢-١٥٣; Nuri Dersimi, Kurdistan……op.cit, p. ١٢١-١٢٢; N.Dersimi, *Hatiratim*, p. ١٠٠; Nazmi Sevgem, Koçgirili Aliser, In Tarih Dunyasi, Say ٩, Istanbul, ١٩٥٠, p. ٣٧٨.




(Komal: koçkir, halk hareketi, Ankara1976 - ژێدەر - (شوێنی هوزەکان لە کاتی راپەرینی قوچگیری،

دانیشتنی یەکەمی سەرکردەکانی دواتری ڕاپەڕینی قۆچگیری، لە گوندی بۆوازڤیران بوو، ئەوە هەر هەمان ئەو گوندەیە کە ئالیشان، برای حەیدەر بەگی تێدا دەژیا. ئالیشان، حەیدەر، نووری دێرسیمی و عەلیشێری تێدا بەشدار بوون. یەکێك لە دانیشتنە گرینگەکانی خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین، سەرەتای ساڵی ١٩٢٠، لە تەکیەی[٢٢] حوسێن عەبدال لە یێلجی (ناوچەی کانگال/سیواس) لەگەڵ هۆزەکاندا کرا.

"جانبان کورمێشان و هۆزەکانی دیکە و هەروەها هەموو کوردەکانی ناوچەکە بەشدارییان تێدا کرد... هەموو بە یەکدەنگییەکی تەواو بڕیاریان دا چەك هەڵبگرن بۆ خەبات تا کۆتایی بۆ ئەوەی

[٢٢] تەکیە (تەکێ) ماڵی ئایینی، شوێنی کۆبوونەوە، دەرزوتنەوە و حەوانەوەیە.

کوردستانێکی سەربەخۆ بەگوێرەی پەیماننامەی سێڤەر دروست ببێ کە ناوچەکانی: دیاربەکر، وان، بتلیس، ئەلعەزیز و دێرسیم-قۆچگیری بگرێتەوە"[٢٣].

مەبەست لەمانە پۆلە ئەکتەرەکانی دواڕۆژی ڕاپەڕینەکە بوون، واتە گەورەترین هۆزە عەلەویەکانی قۆچگیری کە لەنێوان سیواس، ئەرزەنجان و دێرسیمدا دەژیان و چەند هەزار کەسێك دەبوون و، ڕاپەڕین ناوەکەی لەوانەوە وەرگرت[٢٤] و ئاوایییەکانی عەلەویە تورکەکان، هۆزەکانی هاوسێ، هەروەها بەشێکی هۆزەکان و هەمدیس عەلەویەکانی دێرسیم[٢٥] بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد.

ئەوەی تایبەتە بە سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە زۆر لە نووسەران قامك دەخەنە سەر ڕۆلی سەرەکی عەلیشێر، بە تایبەت ن. سێڤگین و ڕ. ئاپاك:

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[٢٣] N.Dersimi, *Kurdistan……op.cit*, p. ١٢٦.

[٢٤] Mark Sykes, *The Caliphats last heritage*, London, ١٩١٥, p. ٥٨٤.
ناوی ١٠٠٠٠ خانەوادە دەبات بەگوێرەی ئەو دەمگۆیەی گوایە خەڵکی دێرسیمن و ئەوە زێدە دەکات کە " قۆچگیرییەکان خەڵکانێکی لاشەڕن، چەك هەڵناگرن و خەڵکێکی تەواو دوور لە شەڕ و بێوەین".

[٢٥] هۆزەکانی هۆزات و چێمیشکزێك بەسەریەکەوە ٤٥٠٠٠ جەنگاوەریان هەبوو و کاتی کۆبوونەوەکەی کۆتایی ١٩٢٠ بڕیاریان دا بچنە ناو ڕاپەڕینەکە N.Dersimi, *Kurdistan….op.cit*, p.١٢٨ بەگوێرەی ستاتستیکی ساڵی ١٩٢٧، دێرسیم ٢٧٠٠٠٠ دانیشتووان بوو (هەمان سەرچاوە،ل ٥٧). نووری دێرسیمی وەسپێکی هۆزەکان و ناوچەکە دەکات و بەشداریکردنی هۆزەکان لە ڕاپەڕینەکە دیاری دەکات (هەمان سەرچاوە،ل ٤٢-٦٨). هەروەها لەبارەی ئاوایییەکانی تورکە عەلەویەکان، ل٦٤-٦٥ و هەروەها ل١٢٦. ئاپاك پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەوا سەرلەبەری ئاوایییە تورکمانەکان و هەموو هۆزەکانی عەلەویەکانی قۆچگیری دەزانن بە تورکی بئاخڤن.

"دەبێ بزانین کە حەیدەر بەگ لەو جۆرە کەسانە نەبوو کە کاروبارەکان بە چاکی بەڕێوە ببات، ئەوە عەلیشێر بوو لە پشتەوەی بوو کە کارای ڕاستەقینە و دینەمۆی ڕاپەڕینەکە بوو"[٢٦].

" ڕۆڵی عەلیشێر لە جۆشدانی گەلدا، هەر لەسەرەتاوە، زۆر مەزن بوو. ئەم پیاوە، لە ماوەی ڕاپەڕینی قۆچگیریدا، وەکوو دامەزرێنەر و سەرکردەیەك ناو و شۆرەتی لە جێبەجێکردنی ژمارەیەکی زۆر خراپەکاریدا وەرگرت"[٢٧].

سەید ڕەزا لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا کاروبارەکانی دابووە دەست خەڵکی دیکە، بەتایبەت نووری دێرسیمی وەکوو نوێنەری خۆی. کەواتە دەبێ: ئالیشان و حەیدەر، سەرۆکی هۆزەکانی قۆچگیری، هەروەها عەلیشێر و نووری دێرسیمی، یەکەمین هاندەر و ڕێکخەرەکان[٢٨] سەرۆکی هۆزەکانی دیکەی قۆچگیری و دێرسیم (

---

[٢٦] N. Sevgen, op.cit, p. ٣٧٨.
[٢٧] Apak, op.cit, p. ١٥٣.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ژنەکەی عەلیشێر، زەریفەخان، هاوەڵ و دەستەڕاستی عەلیشێر بوو، گوناهبار بوو بە "چەکهەڵگری و بە وتە" هەموو ساڵێك سەری دێرسیمی دەدا. زەریفەخان وەکوو داوەرێکی ڕاستەقینە ناکۆکیەکانی ناو هۆزەکانی چارەسەر دەکرد. ئەم ژن و مێردە منداڵیان نەبوو. ئەفسەری تورك ن. سێڤگین (هەمان سەرچاوە) زەریفەخان بە هەمان شێوە وەسف دەکات و ڕێزلێنان بۆ عەلیشێر ناشارێتەوە. نووری دێرسیمی لە کتێبی دێرسیم وەکی دیکە بڕێك لە N.Dersimi,مێژووی.......ڕێز لە عەلیشێر و زەریفەخان دەنێ، بڕوانە:
*Kurdistan…………..op.cit*, p.٢٧٨–٢٨١.

[٢٨] ڕۆڵی نووری دێرسیمی ئاوەها زۆر ئاشکرا نییە، هەروەك ڕۆبەرت ئۆڵسن–یش تێبینی ئەمە دەکات، ڕۆبەرت ئۆڵسن، هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

نووری دێرسیمی لە (بیرەوەریەکانم)دا کە ڕۆبەرت ئۆڵسن بەکاری نەهێناوە، گرینگی ئەرکەکەی خۆی زۆر ڕوونتر دیاری دەکات. بڕوانە (ل ١٠٥–١١٧). بەڵام جێگەی

بەتایبەت هۆزی ئۆڤاجك)، لە ڕیزی سەرکردە بنەڕەتیەکانی ڕاپەڕینەکەدا، ڕۆڵێکی گرینگیان بینی[٢٩]. ئالیشان و حەیدەر وایان بە باش دەزانی بە نهێنی کاربکەن، بۆ نموونە برووسکەی ٨ ی ئازار و ٨ ی نیسانیان بەناوی سەرۆکهۆزی دیکەوە مۆرکرد (بڕوانە داوێنی کتیبەکە) و لە دوایین کۆبوونەوەی نۆڤامبەری ١٩٢٠ی شۆڕشگێڕەکاندا لە هۆزات، بەیاننامەیەکیان دا بە ئەنقەرە:

– چەند زانیارییەك دەرهەق بە مەبەست و هەڵوێست وەرگرتنی حکوومەت لەبارەی سەربەخۆیی کوردەوە.

– ئازادکردنی زیندانە سیاسیەکان.

– کێشانەوەی کارگێڕە تورکەکان لەو ناوچانەی کەوا زۆرینەیان کوردە.

– کێشانەوەی هێزە سەربازیەکان کە بۆ قۆچگیری نێردراون.

هەر دە ڕۆژ دوای دانیشتنەکەی هۆزات، ٢٥ ی نۆڤامبەری ١٩٢٠، تێلگرافێك بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی ئەنقەرە نێردرا، هەڕەشەی ئەوەی تێدا کرابوو کە بە زەبری چەك ماف کوردستانێکی سەربەخۆ بەدەست دەهێنن.

---

سەرسوڕمانە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی دیکەدا ( لەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان، بە نموونە لە وتووێژەکانی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیدا) باسی ناو و ئەرکی نووری دێرسیمی ناکەن، ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێ کە نووری دێرسیمی سەرکردەیەکی سوپایی نەبوە. Sosyalizm ve Toplumasal Mucadeleter Ansikklopedisi, لە لاپەڕە ١٩٠٧ دا پێ لەسەر ڕۆڵی گرینگی نووری دێرسیمی دادەگرێ و بە هەمان شێوە حەمید بۆزئەرسلان-یش (هەمان سەرچاوەی پێشوو....، ل١٢٢).

[٢٩] بگەڕێوە بۆ لیستەکە لە کتێبی: N.Dersimi, *Kurdistan……op.cit*, p. ١٠٩

### ١. ٢. یاخیبوون و چەوساندنەوە

لەو کاتەوەی بڕیار لە تەکیەی "حسێن عەبدالْ"ەوە وەرگیرا، کردەی گەریلا کوردەکان خەستتر بوو. کوردەکان هێرشیان دەبردە سەر پایگا سەربازی و پۆستەکانی پۆلیس، لایەنگیرەکانی ڕاپەڕینەکە چەك و ئازوقەیان دەست دەخست و کۆنترۆڵی ناوچەکەیان دەکرد. وێڕای سەرکەوتنە گرینگەکانی مستەفا کەمال، ئەگەر بزانین کۆنگرەی ئەرزەڕۆم (تەمووز–ئووتی ١٩١٩)، کۆنگرەی سیواس سێپتامبەری ١٩١٩ بەستران و هەروەها ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورك کە ٢٣ی نیسانی ١٩٢٠ لە ئەنقەرە کرایەوە، چوار نایبی دێرسیمیی تێدابوو[٣٠]، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخستنەکانی ڕاپەڕینەکە هەر لە بەرەوپێشەوەچووندا بوون.

حکوومەتی تورکیا کە تازە لە ئەنقەرە دامەزرابوو، سەرقاڵی ململانێ بوو دژ بە خەنیمەکانی دەرەوە و ناوەوە و، دەیەویست ڕەوشەکە ئارام بکاتەوە و کات بدزێتەوە بەوەی لە پاییزی ١٩٢٠دا حەیدەر بەگی بۆ پۆستی حوکمڕانی ئۆمرانیێ (ئمرانلی Imranliای ئێستە) دانا و ئالیشانی براشی بۆ پۆستی حوکمڕانی ڕەفاهیێ[٣١]. مستەفا کەمال ٢٠ ی دیسامبەر لە سیواس نووری دێرسیمی دەستگیرکرد، بەڵام بە هەڕەشەی سەید ڕەزا ئازادی کرد. بانگەوازی

---

[٣٠] مووسا ئاغا، مووسا دیاب ئاغا، ئەحمەد ڕەمزی و حەسەن خەیری (N.Dersimi, *Kurdistan..op.cit*, p.١٣٠–١٣٢) ئێمە لە بەشی دووەمی باسی کەمالیزم و ئەنجومەنی نیشتمانی گەورەدا دەچینەوە سەر ئەم باسە.

[٣١] N.Dersimi, *Kurdistan..op.cit*, p. ١٢٧ & N.Dersimi, *Hatiratim*, p.١٠٣.

سەرکردەی ناسیۆنالیستی تورك بۆ گرتنەبەری سیاسەتی وەفاداری بۆ حکوومەتی ئەنقەرە بەفیڕۆ چوو.

ئاپاك پێی وایە تەقینەوەی ڕاپەڕینەکە لە سۆنگەی داواکردنەوەی لایەنگیرانی زالم چاوەش[٣٢] بووە کە قایمقامی زازا[٣٣] لە گوندییەکانی داوا کردۆتەوە. ئەمانیش (واتە گوندییەکان) ڕێگەیان بەخۆیان نەداوە داب و نەریتی ماڤ پەنابەری بشکێنن ( بڕوانە بەشی دووەم)، بەڵام ئامادەبوون وتووێژ لەبارەی شوێنی ژیانی چاوەشەوە بکەن هەرکاتێك ناوبراو گوندەکەیان جێبهێڵێ.

چاوەش خۆی پێشنیاری کردبوو کە دەچێ بۆ لای قایمقام ئەگەر لێی ببوورێ. ئاپاك ئەوە بەئەنجام دەهێنێ: قایمقام لە ڕەتکردنەوەی هەردوو پێشنیارەکەدا[٣٤] هەڵەی کرد.

تیپی شەشەمی سوارەی سوپا نێردرا بۆ ئومرانیێ بۆ دەستگیرکردنی چاوەش، کە دە دوانزە لایەنگیرێکی لەگەڵدا بوو، هەروا بۆ دەستگیرکردنی ژمارەیەکی هەرچی زۆرتری هەڵاتووی سەربازی.

پێکداهەڵپژانی چەکداری لە سەرەتای بەهاری ١٩٢١ـەوە دەستی پێکرد. سوپای تورك لە مانگی شوباتەوە ئومرانیێ-یان چۆڵ کردبوو و

[٣٢] بەوەفا لەگەڵ ترادسیۆنی جەنگیی، ئاپاك وەك باندچی و دز نیشانی دەدات کە لووتی لە ڕاپەڕینی Yildizcli Yozgat ژەنیووە و لەم سۆنگەیەوە ناچاربووە رابکاتە دێرسیم. بەڵام لای نووری دێریمی پاڵەوانێکی کوردە. N.Dersimi, *Kurdistan….op.cit*, p. ١٥١.
[٣٣] قایمقامی زازا ئەو دەم سەر بە ئومرانیێ بووە.
[٣٤] Apak, *op.cit*, p. ١٥٤.

کوردەکـان هێرشـیان بـردە سـەر شـارەکە و ئـاڵای کوردسـتانیان لـە ناوەنـدی شـارەکە هەڵـدا. (٧ی ئـادار) سـەربازگەلێکی زۆر کـوژران و ئەوانی دیکـەش خۆیـان بەدەسـتەوە دا. خـالیس، سـەرکردەی سـوپاکە لەسـێدارە درا. ڕووداوەکـانی ئومرانیـێ حکوومـەتی نـوێی ئەنقـەرەی ترسـاند[٣٥] و، لـە هـەمان کاتیـشدا ئەمـە هـانی هۆزەکـانی دیکـەی دا بـۆ پێوەنـدیکردن بـە شۆڕەشـگێڕەکانەوە. هـەرێمی کانگـال، کۆشیـشار، دیڤریـی، زازا، ڕەفـاهیێ، کوروچـای و کێمـەهـ-ی گرتـەوە ( کـە لـەوێوە شۆڕشگێڕە کوردەکان چەند ئاغایەکی دەوڵەمەندی کوردیان بە تۆمەتی هاریکاریکردن لەگەڵ تورکەکاندا گـرت)[٣٦] و هـەموو ئەم هەرێمانەشیان خستە ژێردەستیانەوە.

لە هەمان کاتدا حکوومەت یاسای عورفی *loi martiale* ڕاگەیاند (١٠ ی ئادار)[٣٧] و لەشکرێکی گەورەی بەرەو قۆچگیری هـەنارد. حکوومـەتی ئەنقـەرە لـە نیـوەی مـانگی ئـاداردا کۆمیـسیۆنێکی نـارد بـۆ لای شۆڕشـگێڕەکان و لـە ڕێگـەی والـی سیواسـەوە چـەندین نامـەی بـۆ کەسـایەتییە باڵادەسـتەکانی نـاو ڕاپەڕینەکـە نووسـی بـەو ئامانجـەی

---

[٣٥] بۆ ئەم مەبەستە تێرمی "ڕووداوەکانی ئۆمرانییێ" واتای "ڕووداوەکانی قۆچگیری" دەگەیەنێ. Cf. Ebubekir Hazim Tepeyran, Belgelerle Kurtulus Kocgiri Hadisesi Savasi Anilari, Istanbul, ١٩٨٢, p. ٦٩.

[٣٦] Robert Olson, op.cit, p.٣٢.

[٣٧] Apak, op.cit, p. ١٥٦; N.dersimi, *Kurdistan….op.cit*, p.١٤٥.

ئاپاك و نووری دێرسیمی مێژووی ١٥ ی ئادار دەنووسن، هەرچی شاهینە مێژووی جاڕدانی یاسای عورفی یەکی ئادار بۆ قەزای زازا و ١٥ ئاداریش بۆ هەموو ناوچەکە ڕادەگەیەنێ، بڕوانە:

Tahir Erdogan Sahin, *Erzincan Tarihi*, tome II, Erzincan, ١٩٨٧, pp.٤٥٧-٤٥٨.

بزووتنەوەکە و پارچەپارچە بکات[٣٨]. بەگوێرەی ڕەحمی ئاپاك، حکوومەت ویستوویە نیازی پاکی خۆی بخاتە سەنگەوە، بەوەی هەوڵیداوە بۆ دوایەمین جار بە شێوەیەکی ئاشتیانە کۆتایی بە ڕاپەڕینەکە بهێنێ. وەڵامی سەرۆکهۆزەکان و شێخەکانی هۆزات (دێرسیم) نەرێ بوو.

"سوپا دەمێك بوو لە ناوچەکەماندا خەریکی ئەوە بوو سەرژمێری دانیشتوانی دەکرد بە ئامانجی هەستانەوەی ژمارەیەك موسڵمان و گاور. ئێمە بە گێڕانەوەی ئەم چەشنە زانیاریانە، تێگەیشتین حکوومەت نیازی وایە کوردەکان قڕ بکات، هەروەك چۆن ئەرمەنیەکانی قەڵاچۆکرد. کەواتە مەبەست بەرگرییەکی عادیلانەیە، مامەڵەی هۆزی قۆچگیری ڕاست و ڕەوایە"[٣٩].

ڕاستیەکەی تاکتیکی (دیپلۆماسی)یانەی حکوومەت، بەشی زۆری سەرکەوتنی بەدەست هێنا و هۆزەکانی قۆچگیری ئۆڤاجك بە تەنیا مانەوە. تەنانەت حەیدەر بەگیش تەحەفوزی وەرگرت. ١٣ی ئاداری ١٩٢١ سەرکردەی ئۆردووی ناوەندی تورك Merkez Ordusu نورەددین پاشا فەرمانی بۆ هات تا ڕاپەڕینی هۆزی قۆچگیری سەرکوت بکات. لە تەلگرافێکی نهێنیدا سەرکردەی گشتی سوپای تورك لەگەڵ سەرکردەی ئۆردووی ناوەندیدا هاتووە کە ڕووداوەکانی ئومرانیێ سەرلەنوێ سەریانهەڵداوەتەوە و لەبەر گرینگی ئەم ڕاپەڕینە دەبێ بە ڕێگەی

[٣٨] Muslum Erdogan, op.cit, p.٤٩-٥٠.

[٣٩] لە وەڵامێکی دیکەی جیاوازدا، (ڕاگوێزان) لەجیاتی ( قڕتێخستن) لە کتێبی N.dersimi, *Kurdistan, op.cit,* p.١٤٦; Apak, op.cit, p. ١٥٥ دەبینرێ.

سـەربازی چڕوخەسـت و لـە ڕێگـەی سـەرکردەی سـوپای ئەرزەنجانـەوە دابمرکێندرێتەوە[40]. نورەددین پاشا ئەم ڕێنوێنیانەی خوارەوەی دەرکرد:

"زەبر و زەنگی ئۆپیراسیۆنەکان دژ بە سەرکردەکانی ڕاپەڕینەکە دەبێ، دەبێ باوەڕی گەل ببردرێتەوە و گەل باوەڕ بەوە بکات کە حکوومەت: ژیان، شەرەف و مافی هەموو هاونیشتمانیەکان بەبێ جیاوازی ئایینی چاک دەپارێزێ و قەبووڵیان دەکات (.......) دەبێ سەرکردەکان و ئاژاوەچیەکان بگیردرێن و ڕەوانەی سەرکردایەتی ناوەندی سوپا بکرێن لە سیواس، سەروەت و سامانی ئەمانەی دوایی دەستی بەسەردابگیرێ، ماڵەکانیان بسووتێندرێ و تێك بدرێ. ئەگەر ئەم مەبەستە کەسانی لاتەریك نەگرێتەوە، بەڵکە کۆمەڵێك دانیشتوانی گوندێك koyhalk بگرێتەوە، هەمان شێواز بە سەر تەواوی خەڵکی گوندەکەش دەسەپێ"[41].

٣ی نیسانی ١٩٢١ نورەددین پاشا چەند فەرمانێکی دایە یەکەکانی سوپا کە لەم ڕستانەی خوارەوەدا کۆتاییان دێت:

"بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئۆپیراسیۆنە داپلۆسێنەکان، فەرمان دەدرێ یا ئەوەتا هۆزی قۆچگیری کەم بکرێتەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێنەدرێ چیدیکە ڕاپەڕن، یا ئەوەتا دابەش بکرێن و لەو سەرزەمینانەی کە ئێستە تێیدا دەژین ڕابگوێزرێنەوە"[42].

---

[40] Apak, op.cit, p. ١٥٦.

مولازیمی بەئەزموون جەمیل شاهین بۆ ئەم هەوڵدانە دانرابوو، بەڵام ئەو بە بیانووی نەخۆشییەوە ڕازی نەبوو ئەمە بکات.

[41] Apak, op.cit, p. ١٥٦-١٥٧.

[42] Apak, op.cit, p. ١٥٦-١٦٢.

ئەم چەند هەڵبژاردەیە لە ڕێنوێنییەکانی سەرکردەی سوپا، لە چاکترین مەبەستدا لە دێڕی یەکەمەوە بە ناوەڕۆك لە جیاوازی مەزهەبی عەلەوی–سوننی دەدوێ، هیچ گومانێك لە پلەی لەشکرکێشیەکان ناهێڵێتەوە کە چۆن ئاواییەکان و خەڵکی سیڤیل دەبنە قوربانی هەرکاتێك سوپا ئۆپێراسیۆنەکانی خۆی دەست پێبکات. تۆ بڵێی جگە لە" ڕێگەچارە"ی سەربازی هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەستدا نەبووبێ ؟ لەو تێهەڵچوونەدا هەر لە کاتی ڕاگەیاندنی یاسای عورفییەوە، یاخیبووەکان تەلگرافێکیان بۆ ئەنقەرە لێداوە و خواستەکانی خۆیان زۆر دەستکاری کردووە و لەجیاتی کوردستانێکی سەربەخۆ، یەك ویلایەتی ئۆتۆنۆم داوا دەکەن:

بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی:

ئێمە خواستمان دەسەڵاتی ویلایەتێکە کە دادوەری و بەڕێوەبردنی تێدا بە دەست والییەکی کوردی خەڵکی ناوچەکەوە بێ. ئەم ویلایەتە دەبێ لەو ناوچانە پێك بێ کە زۆرینەی کوردن و قەزایەکانی: قۆچگیری، دیڤریی، ڕەفاهێ، کوروچای و کێمەه بگرێتەوە.

**١١ ی ئاداری ١٣٣٧ (١٩٢١)**

لە ساداتەکانەوە[٤٣] : عەلیشێر، محەمەد تەقی لە سەرۆکهۆزەکانی قۆچگیری، مستەفا، سەدرەدین، مونزیر لە سەرۆکهۆزەکانی دێرسیم[٤٤].

---

[٤٣] ئابلاتیڤی ablativeی ساداتە ( کۆی سەیید)، شاهین نووسیویە saadatdan هەرچی ئاپاکە نووسیوویە Sagatat'tan

[٤٤] N. Dersimi, *Kurdistan, op.cit*, p.١٤٣.

هەمان تێکست لە گەڵ پاشکۆی چەند دێڕێك کە جیاوازیەکی کەمیان هەیە و مانگێگ دواتر نووسراوە، ئەمەیان ئەو پاشکۆیەیە لەگەڵ ئیمزایەکان:

تەنانەت خودی شۆڕشگێڕەکانیش، هەر هیچ نەبێ بە سەرزارەکی، ئامادەبوون بۆ تەنازولێکی گرنگ. لەولای دیکەشەوە، ژمارەیەك پیاوماقوڵ چەند نامەیان بۆ والی سیواس و سەرکردایەتی سەربازی نووسیوە و وتوویانە ئەوان ئامادەن خۆیان لە ڕاپەڕینەکە دووربخەنەوە. بە قسەی حازم تێپێران، کە ئەوکات والی سیواس بووە، نورەددین پاشا نەیویستووە تێهەڵچێتەوە ناو کردە سەربازیەکان و بەئەنقەست کوشتنی هەزاران خەڵکی بێتاوان[٤٥].

نامەوێ بچمە ناو وردەکاری کرۆنۆلۆژیای کردە سەربازیەکان[٤٦]، بەڵام چۆن کردە سەربازیەکان کاراکتەریزە کران و چۆنیش کۆتایان هات ؟ خۆ ئامادەکردنە سەربازیەکان چوار هەوتووی خایاند. ١١ی

---

ئەگەر کاروبار بەوشێوەیەی پێشنیاد کراوە بەڕێوە نەڕوات، ڕاپەڕین دەپەرێتەوە ئەودیو دێرسیم و تا ئەرزەنجان، وان، دیاربەکر و ئەرزەڕۆمیش دەگرێتەوە، خوێن لەنێوان دوو گەلی موسڵمان دەڕژێ و دوژمنانی ئیسلام پێی کەیفساز دەبن ( وەرگێڕانی وشە بە وشە: دەم و چاوی دوژمنانی ئیسلام پێدەکەنێ). ٨ ی نیسانی ١٣٣٧، لە ساداتەکانەوە: عەلیشێر.، لە سەرۆکهۆزەکانی قۆچگیری: محەمەد تەقی، سەرۆکی هۆزەکانی دێرسیم: ئیبراهیم، مستەفا, محەمەد، سەیدخان (سەیتان) مونزیر، بڕوانە:

Tahir Erdogan Sahin, *Erzincan Tarihi*, tome II, Erzimcan, ١٩٨٧, pp.٤٦٠,

وەرگێرانەکەی ئاپاك، هەمان سەرچاوە، لاپەرە ١٦١ (لەو شوێنانەی جیاوازیان هەیە خراونەتە ناو کەوانەوە).

[٤٥] تێپران خۆی لەگەڵ نوورەدین پاشا هاوڕا نییە، ئەو کردەوەکان بە پێوەند لەگەڵ قۆچگیری باس دەکات، هەمان سەرچاوە، ل ٦٩-٨٤

[٤٦] ئاپاك کرۆنۆلۆژیای ڕووداوەکان بەدەستەوە دەدات و لە گەلیشیانەوە سێ پلان و لیستەکان لەگەڵ ژمارەی تەشکیلیە سەربازییەکان بە دەستەوە دەدات. بە هەمان شێوە شاهین کەم و زۆر ئەوەی ئاپاك کورت دەکاتەوە.

نیسانی ١٩٢١ سوپای ناوەند بە هەموو یەکەکانیەوە دەستی بە ئۆپیراسیۆن کرد. ئاپاك تەنها، بۆ ڕۆژەکانی هەوەڵ، زانیاری لەبارەی جەنگی دوو گوندەوە لە پاکژکردنەوەی ناوچەی چێنگیرلیدا بەدەستەوە دەدات[٤٧]. مامەڵەیەك کە بە شێوەیەکی ئاسایی هاوڕێ بوو لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنێکی زۆری سامان، وەحشەتگەری و کوشتنی خەڵکی سیڤیل، ژن و زارۆك. ئەم ڕووداوە بوو بە هۆی گەرمترین وتووێژ لەناو ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی تورك. ئاپاك هەروا زانیاری لەبارەی وێرانبوونی ئاواییە تورکیەکانیشەوە بەدەست شۆڕشگێڕەکان دەخاتە بەردەست[٤٨]. سوپا، بە وەسیلەی سەربازی و ڕێکخستنێکی تەواو بالاتر لە خەنیمەکەی، درێژەی بە ئۆپیراسیۆنی پاککردنەوە دا. نوورەددین پاشا ٢٤ ی ئایار ئەم تەلێگرامەی بۆ سەرۆکی گشتی سوپا ناردووە:

"ئۆپیراسیۆنی تۆڵەکردنەوەی ئومرانیێ لە تەواوبووندایە. تائێستە ناوچەکانی نێوان ڕووباری فورات، ئەرزەنجان و ئومرانیێ-مان پاکژکردۆتەوە و نزیکەی ٥٠٠ یاخیمان کوشتووە"[٤٩].

پێکدادانی پڕ کوشتار، تا حوزەیرانیساڵی ١٩٢١ درێژەیان کێشا. ئەگەر ژمارەی سیڤیلەکانیشی بخەینە سەر، ئەوا ژمارەی کوژراوەکان، ئەوانەی کە لە برسان دوای ڕووداوەکە مردن، ئەوا ژمارەکە زۆر زێتر هەڵدەکشێ. لۆژیك و کاراکتەری داپلۆسێنەرانەی دژ بە کوردە

---

[٤٧] گوندی براستیك و گوندی پوسانس (ئاپاك، هەمان سەرچاوە، لا: ١٦٤).
[٤٨] Apak, op.cit, p.١٥٨-١٦٠.
[٤٩] Apak, op.cit, p.١٧١.

عەلەویەکانی قۆچگیری–دێرسیم، پێشەکی ئەو ژینۆسیدە بوو کە حکوومەتی تورکیای کەمالیست ساڵەکانی ١٩٣٦–١٩٣٨ بە ناوی (شارستانێتییەوە) بەڕێوەی برد. بەڵام فراوانیەکەی ئەمەی دوایی قابیلی بەراورد نییە و، ڕەوشە مێژوویيەکەی لە گەلێك لایەنەوە لەوەی یەکەم جیاواز بوو.

سەربوردەی جەنگی سەربەخۆیی تورك، بێگومان سەرچاوەکەی بۆ گریکەکان (بەرەی ڕۆژئاوا)، بۆ ئەرمەنەکان (بەرەی باکوور–ڕۆژهەڵات) و بۆ فرانسییەکان (کیلیکا) دەگەڕێتەوە، هەروەها دەبێ ئەو یاخیبوونانەی کە لەلایەن هاوپەیمانەکان و بابیعالییەوە لەدوورەوە ڕێبەرایەتی دەکران، بە تایبەت لە ئانادۆڵی ڕۆژئاوا و ناوەنددا، باس بکرێن. بەڵام نابێ ئەم سەربوردەیە هەرگیز ئەوە لە بیربکات کە ناسیۆنالیزمی تورك سەرەتا پێی لەناو ناوچەی باکوور–ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە نا کە لەلایەن بزاڤێکی ناسیۆنالیستی دیکەوە داواکرابوو گەنجتر لەو: ئەویش کوردەکانی قۆچگیری–دێرسم بوو.

دابڕانی ئەم شۆڕشگێڕانە هەمەچەشنە بوو: جوگرافی، مەزهەبی، نێونەتەوەیی[٥٠] و کۆمەڵایەتی بوو، بەجۆرێك کە بۆ سەرۆکهۆزەکان و زەویدارە گەورەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات مایەی دڵنیایی زیاتر بوو کە هیواکانیان بخەنە سەر حکوومەتی ئەنقەرە کەوا چاویان تێبڕیبوو، بە

---

[٥٠] لەلایەکەوە هێزەکانی بێگانە لە پەڕاوێزی بەرژەوەندییە ستراتیژی و نەوتیەکانیانەوە بە دەگمەن بایەخیان بەو ناوچەیە داوە و لەلایەکی دیکەوە خودی شۆڕشگێڕەکانیش ئایدیای کۆمەگ پێکردنی بێگانەیان ڕەت کردۆتەوە، N.Dersimi, *Kurdistan, op.cit*, p.١٤٢

جۆرێکی دیکە کارێکی وەك ئەمە بە ڕەواییکردنەوەی ئەو سەروەت و سامانە بوو کە لە ئەرمەنیەکانەوە وەچنگیان خستبوو[٥١]. لە سەرێکی دیکەوە ناپاکیەکان، ناکۆکی نێوخێڵەکان، بەفربارین کە ڕێگەی ئالیکاری دەگرت و بڵاوبوونەوەی زۆر و زەوەندەی سەربازی دژ بە یاخیبوانی گۆشەگیرکراو، هەر زوو سیمایەکی خوێناوی دایە ڕاپەڕینەکە. وێڕای ئەوەی کە ڕاپەڕینەکە دەمێك بوو خۆی بۆ ئامادەکرابوو، لەگەڵ ئەو ئیلتیزاماتەدا، بەگوێرەی قسەی ڕووناکبیرە کوردەکان، بەری بیرێکی تەواو ماقووڵانە بوو[٥٢].

بنکەی ژین
www.zheen.org

[٥١] Cf. Olson, op.cit, p. ٣٦-٣٧ & Bulent Tanor, *Turkiye de yerel kongre Ikidarlari,* Istanbul, ١٩٩٢, p. ٥٠.

[٥٢] Temiz ve asil bir dusunce urunu (Kadri Cemil Pasa, *Doza Kurdistan*, Ankara, ١٩٩١, ١ er ed. Beyrouth, ١٩٦٩, p. ٨١.

### ١. ٣. دەنگدانەوەی ڕاپەڕینەکە
### لەناو ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیدا[٥٣]

١٦ی ئاداری ١٩٢٠ ئەنجومەنی دەوڵەتی عوسمانی (مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانی) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە هەڵوەشایەوە. ٢٣ی نیسانی هەمان ساڵ، مستەفا کەمال و هاوڕێیەکانی ئەنجومەنێکی نیشتمانیی دیکە: ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیان لە ئەنقەرەدا کردەوە. ساڵ و نیوێك دواتر، سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٢١ ئەنجومەنی نیشتمانیی تورك دۆسیەی قۆچگیری تاوتۆکرد. بابەتی شۆڕشی کورد و داپڵۆسینی سەربازی، تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان لە تورکیادا هەر ون نەبوون ... دوای شکستی ڕاپەڕینەکە زۆربەی جەنگاوەرەکان پەنایان بردە بەر دێرسیم.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئەنجومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك لە ئەنقەرە کۆمسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی نوێی بۆ ناوچەکە نارد. ڕاپۆرتی کۆمسیۆن، عەلیشێر و نووری دێرسیمی وەکوو هاندەری ڕاپەڕینەکە تۆمەتبار دەکات. دیوانی جەنگ harip divan لە سیواس، بەبێ ئامادەبوونی ئەوان، لە دوورەوە حوکمی مەرگی بۆ دان. مستەفا کەمال ئەوانی لەو لێبوردنە هەڵاوێرد کە بۆ ئەوانی دیکەی دەرکردبوو کەوا لە سۆنگەی ڕاپەڕینەکە مەحکوم

[٥٣] Turkiye Buyuk MilletMeclisi=TBMM.

پرۆتۆکۆلە نهێنیەکان لەبەردەستن، لە کتێبی:

TBMM Gizli Celse Zabitlari, Ankara, ١٩٨٠, tom, pp.٢٥٢-٢٨٠&٥١٣-٥١٩.

کرابوون. بەڵام ئەوان لە دێرسیم دوور لە دەسەڵاتی دادی تورکی مانەوە[٥٤].

دوای چەند وتوویژی دوورودرێژ لە ئەنجومەنی نیشتیمانیی تورك، بڕیاریان دا دانیشتنەکان لەبارەی قۆچگیرییەوە بە نهێنی بن، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان ئاگاداری ڕووداوەکان بن[٥٥]، ڕای پێچەوانە لەلایەن چەند پەرلەمانتێرێکەوە پشتگیری لێوەکرا، وەك مستەفا دوراك بێگ (ئەرزەرۆم):

(... ئێمە دەمانەوێ ئەو کارە بێزەوەرانەی کە لە وڵاتەکەماندا دەکرێن، بۆ هەموو دونیا ئاشکرا بن کە هەموو خەڵکیش دەیزانن. بەڕێزەکان ئەم هەموو ئازار و زەجرەی لە وڵاتەکەمان ڕوودەدات، بۆیە خۆیان بەرهەم دەهێننەوە، چونکە ئێمە لە خەڵکیان دەشارینەوە[٥٦]. تەگەرەکان ئاشکران، دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری سەربازی و پرسی حاڵەتی تاوانباری بوون بە پرسی سەرەکی وتوویژ و هیچ کام لە پەرلەمانتێرەکان ناتوانن نکولی لێبکەن[٥٧].

www.zheen.org

---

[٥٤] N.Dersimi, *Kurdistan, op.cit*, p. ١٦٢-١٦٦.
ڕاپۆرتی کۆمسیۆنەکە لەبەردەستدا نییە، بەڵام لە سەرچاوەیەکی بریتانییەوە تەلگرامێك لە ئەنقەرەوە بە مێژووی ٢١ ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١ ەوە هاتووە کە ستراتیژی حکوومەتی تورکیا دیاری دەکات: لەکاتی ئێستەدا نابێ لەشکرکێشی بکرێتە سەر یاخیبووەکان، بەڵکە دەبێ هەموو هەوڵ و کۆششێك بخرێتە گەر بۆ ڕاکێشانی سەرۆکهۆزەکان...... لە چاوەڕوانی هەلێکی لەباردا بین، چونکە لەشکرکێشیەکی وا پێویست دەکات هێزێکی تەواو بنێردرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ٤٠٠٠٠ سوار لە ناوچەیەکی یەکجار سەختدا، لە ڕۆبەرت ئۆڵسن، هەمان سەرچاوە، لا: ٣٨–٣٩ ڕاگوێزراوەتەوە.

[٥٥] پەرلەمانتێر ئەمین بەگی ئەرزەنجان، بڕوانە: T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٤٨.

[٥٦] T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٥١.

[٥٧] بڕوانە: گوتەکەی لە T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٥٠.

ددانی پێدابنێن، وەزیری ناوخۆ ڕەفعەت پاشا[٥٨] بازی بەسەر ئەم خاڵەدا دا. بەڵام ئەرکی بە پەلەی ڕزگارکردنی وڵات لە مەترسی، ڕێگەی لە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو ئاشکرا گرت. (هاوڕێیان قسە لەبارەی ڕزگارکردنی وڵات بکەن. ئێمە دەبێ یەکەمجار وڵات ڕزگار بکەین)[٥٩]. وێڕای گرفتی ئەم (گوتە نایابە) کەچی پرۆتۆکۆڵە نهێنیەکانی دانیشتنەکان بەگشتی تێبینی وتووێژی زیندوو و کراوە بەدەستەوە دەدەن. ئەوە تەنها لە سەرەتای سییەکانەوە بوو کە وشەی کورد بوو بە تابوو، ئایدۆلۆژیایەك کە بەگشتی نکولی لە ئیتنی کورد دەکات و تا ئێستەکەش ددانی پێدا نانێ.

ئەوەی ساڵی ١٩٢١ بە خۆیەوەی بینی هاریکارییەکی سەربازی بوو، ئایا ئەو شێوەیەی مامەڵەی ئەرمەنیەکانی پێکرا، گەواهی ئەوە نەبون کە لە نیمچە هۆشیارییەکی کۆلەکتیڤدا چەندە هێما بۆ ئەم مامەڵە دڵڕەقانە دەکرێ کە هاوڕێ بوون لەگەڵ داپلۆسینی قۆچگیریدا. ڕاپەڕینی قۆچگیری پێشتر هەر لە یەکەم وتووێژ لەوکاتەوە وەدیاردەکەوێ داخۆ دانیشتنەکان کراوە بن یا نە؟

ئەمین بەگ بانگی دانیشتنی نهێنیی داو، لە دووەم تێهەڵچوونەوەیدا بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە بێگانەکان دەڵێن: یەکێك ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوئاینیەکانی خۆیدا بکات، داخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ گاورەکاندا دەکات ؟

---

[٥٨] T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٥١.

[٥٩] پەرلەمانتار تونالی حلمی بەگی پۆلۆ لە: T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٥١.

ئامانجەکانی ڕاپەڕینەکە هەر لەپێشدا ڕەت کرانەوە و لەودیو وتووێژەکان مانەوە[٦٠]. (عەلیشێر ڕەنگێکی سیاسیی داوەتە ئەم ڕێگرییە)، ئەم ڕستەیە کورتەی هەڵوێستی گشتییە[٦١].

دەتوانین ناشایستەیی سیانەیی شۆڕشگێڕەکان لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا بناسینەوە: ویستی بەردەوام لە وشەی پڕ جنێو بۆ شۆڕشگێڕەکان[٦٢]، ناوزڕاندنیان وەك دوژمنی نیشتمان[٦٣] و نزیککەوتنەوە بۆ پارەی بێگانە (ڕووس و ئینگلیز) خستنە باخەڵ. وێڕای ئەوەی هەر دەمودەست لە وتووێژەکاندا ئەم دەروازەیەی دوایی بەتوندی لەلایەن پەرلەمانتارەکانی دێرسیمەوە بەرپەچدرایەوە[٦٤]. هەرچی تایبەتە بە دوو ڕەخنەکەی دیکە، چەند پەرلەمانتارێك ڕەوشی

---

[٦٠] لێرەدا پرسیارێك خۆی دەهێنێتە پێشەوە کە ئەم چاپەی ئێستەی دانیشتنەکان چەندە ناتەواون. چەند مانگ دواتر، لە فێڤریەی ١٩٢٢ یاسای پڕۆژەیەك بۆ ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورك T.B.MM پێشنیاری (ئۆتۆنۆمییەکی) زۆر سنووردار بۆ کوردستان دەکات ( بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەم پڕۆژەیە لەناو T.B.MM G.C.Zabitlari دا نابینین). پڕۆژەکە ڕەت کرایەوە، ئۆڵسن، هەمان سەرچاوەی پێشوو لە پاشکۆی کتێبەکەدا دەقی پڕۆژەکە لەڕووی سەرچاوەیەکی بریتانییەوە بەدەستەوە دەدات.

[٦١] پەرلەمانتێر ئەمین بەگی ئەرزەنجان، بڕوانە: T.B.MM Gizli Celse Zabitlari, p. ٢٦٨.

[٦٢] Soyyuncu, Capulcu, Saki (ڕێگر، دز، باندچی) Şekavet (شەقاوە) هتد

[٦٣] پەرلەمانتێر فەوزی ئەفەندی ئەرزەڕۆم، بڕوانە: T.B.MM Gizli Celse Zabitlari,p.٢٥٢ " ئەوان سواری ئەسپەکانیان بوون " جەنگیزخانەکان ( ڕووسەکان لە تێکستەکەدا)، ئەرمەنەکان و گرێکەکان (چەکەکانیان کردۆتە شان)، کەوایە سەختی لە سزادانیان زێدەڕۆیی نییە.

[٦٤] حەسەن خەیری بەگی دێرسیم TBMM, G.C.Z, p.٢٥٣، مستەفا بەگی دێرسیم هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٥.

www.zheen.org

سـووككراوەیان دەخواسـت بـۆ ئـەوەی لێبوردنێـك دەربكـرێ[65] یـان بەردەوامبوون تا جاڕدانی داد بۆ ناوچەكە[66].

یەك لە چوار پەرلەمانتێرەكانی دێرسیم، حەسەن خەیری بەگ وای حوكم دا كـە پێویـستە گێڕانەوەیـەكی مێـژوویی دووردرێـژ لـەبارەی كەلـەپووری ناوچـەكەوە بكـرێ، هـەر لـە جـەنگی چـاڵدێرانەوە دوای ئـەوەی سـوڵتان سـەلیم یـاوز قـوڕگی هـەموو عەلەویـەكانی بەردەسـتی خۆی بڕی (...) لـە مـەرگ ڕزگاربووەكـان دایانـە چیایەكانی دێرسیم[67]، لەوانەیە گوتاربێژ لە سەردەمی ئاخاوتنی خۆی زێتر چووبێتە دەرەوە، بـەڵام لـە هـەموو بارێكـدا ئـەو بەتـەواوی ئـەوەی دەربـڕی كـە تـا چ ڕەهەندێكی مێژوویی چەوساندنەوەی ئایینی و داپڵۆسینی خوێناوی مەبەسـت بـووە. قزڵباشـەكان جـاران مـەحكووم بـوون بـەوەی ئالیكـاری شـای (ئێـران) دەكـەن، عەلەویـەكانی دێرسـیم، دوای جـەنگی یەكـەمی جیهانی، زێتر خۆیان لەوەدا دەبینییەوە كە تاوانبار بوون بە نزیكییان لەگـەڵ ڕووسـەكاندا[68] و بێگومـان لەمـەدا وەكـوو دوژمـنی نیـشتمان

www.zheen.org

[65] كە ساڵی ١٩٢٢ ڕووی دا، بڕوانە N. Dersimi, *Kurdistan…op.cit*, pp. ٢٦٢-٢٦٤.

[66] TBMM, G.C.Z, p.٢٦٧.

[67] TBMM, G.C.Z, p.٢٥٣.

[68] ( بەڕێوەبردنی خراپی دەوڵەت دێرسیمییەكانی بەلای ڕووسەكانەوە شكاندەوە)، حەسـەن خـەیری بـەگ بـە خـۆ نازینێكـەوە وای نیـشاندەدا كـە ئـەو بـۆ خـۆی چـەندان ملیـۆنی ڕەت كردۆتەوە كە ڕووسەكان پێشكەشیان كردووە بۆ ئەوەی ئالیكاریان لە گەڵدا بكات، بڕوانە TBMM, G.C.Z, p.٢٥٣ عەلەوییـەكانی ئـەنادۆلی ناوەنـد و ڕۆژهـەڵات لـە سـاڵەكانی حەفتایەكانـدا لـە وابەسـتەیی خەیاڵدیـدەییان بـەرەو مۆسـكۆ بـاجی كۆمۆنیـستی بـوون و بێخـوایی خۆیانـدا، بڕوانـە: Jean-Francois Bayart, *La question Alevi dans la*

مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. یەکێکی دیکە لە پەرلەمانتێرەکانی ناوچەکە، ئەمین بەگی ئەرزەڕۆم سەربوردەی تۆقینێك دەگێڕێتەوە کە دژ بە خێزانێکی عەلەوی تورکی ڕەفاهیٚ کراوە، سەروەت و سامانیان دەستی بەسەردا گیراوە، ژنەکە ڕفێندراوە و پیاوی خێزانەکەش بەو تاوانەی کە عەلەوییە، دڵڕەقانە کوشتوویانە[٦٩]. پەرلەمانتار مووسا بەگی دێرسم، بۆ ئەوەی بیسەلمێنیٚ کە دەستدرێژییە سەربازیەکان هەر تەنها کوردەکانی قۆچگیری نەگرتۆتەوە، مەرگی گوندییە تورکەکان دەگێڕێتەوە[٧٠].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

*Turquie modern* In O.Caree (sous la dir.de), L'Islam et l'Etat dans le monde d'aujourdhui, Paris, ١٩٨٢, p.١١٩.

[٦٩] منداڵەکەشیان بە پەتێکەوە خنکاندووە، تۆقینێك کە ماوەی شەش سەعاتان درێژەی هەبووە. تێکستی پرۆتۆکۆلەکە ڕێگەی ئەوە دەدا کە ئەم خنکاندنە وەك ڕووداوێکی جیاکەرەوە لە دەورانی پێشوو لێك بدەینەوە، بڕوانە: TBMM, G.C.Z, p.٢٦٩

[٧٠] TBMM, G.C.Z, p.٢٧٥.

# بەشی دووەم

## ڕەوشی عەلەویەکان لە دێرسیم

هانـدەرەکان، هۆکارەکـان و ئـەو بەرژەوەندییانـە چـی بـوون کـە ڕاپەڕینەکـەیان تەقانـدەوە ؟ چ ڕەوشـێك ڕێگـەی بـۆ ڕاپەڕینەکـە خـۆش کـرد؟ شۆڕشـگێڕەکان بەئاشـکرا یـەك تاکـە ئامـانجی ناسیۆنالیـستی دەردەبـڕن: کوردسـتانێکی سـەربەخۆ. نـووری دێرسـیمی ڕوونـاکبیرو نیشتمانپەروەری بەحەماس ئەم موتیڤە لە یەکەمین پلانی ڕەوشـەکەدا دەبینـێ: بـەڵام ئـەم مۆتیڤـە دوورە لـەوەی تاکـە مـۆتیڤ بـێ. کۆمـەڵێك هۆکار هەبوون کە بزووتنەوە میللیەکەیان درێژە پێداوە. ڕەحمی ئاپاك وای دادەنـێ کـە ئەمـە یەکـەمین هـەنگاو بـووە بـەرەو سـەربەخۆیی کوردەکان، ئەویکی کەمالیست، وەك لە هەموو ڕاپەڕینەکاندا کاریگـەری هێزەکانی بێگانـەی دژە- تـورك دەبینـێ.[71] بێگومـان ئـەو لـەم بارەیـەوە هەڵەیە. هۆکارەکانی ڕاپەڕینەکە دەکرێ لە چوار خاڵدا لێك بدرێنەوە:

* ڕەوشی جیۆپۆلیتیکی و مێژوویی ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای داڕووخانی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی و نەخوازەش: لە ڕۆژهـەلاتی ئەنادۆڵی پێکداهەڵپژاو بە ناسیۆنالیزمی بەهێزو ناوەندگرتووی تورك).

[71] Apak, op. cit., p.١٧٢.

*** ناسیۆنالیزمی کورد (بە پلەی یەکەم لەناو ڕووناکبیرە کوردەکاندا بڵاوبوو بۆوە).**
*** عەلەویەتگەری دێرسیم[٧٢]، بۆ خۆی ناسنامەیەکی ئیتنیکی- ئایینیو کولتووری تایبەتە.**
*** ئۆپۆزسیۆنیترادسیۆنی سەدان ساڵەی ناوچەی دێرسیم (کە پەیوەستە بە ڕاگرتنی بەرژەوەندیو مۆدە تایبەتیەکانی ژیان).**

**لەم بەشی دووەمەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندێتیەکانی دێرسیم کە لەگەڵ ڕاپەڕینەکەدا گونجاو بوون، باس بکەین. دوو خاڵەکەی دوایی: عەلەویەتگەریەتی دێرسیم و ئۆپۆزسیۆنی ترادسیۆنی سەدان ساڵەی ناوچەی دێرسیم، بە تایبەت پێیانەوە خەریك دەبین. بەڵام ئەوانیش هەر پەیوەست دەبن بە دوو خاڵەکەی یەکەم، کەواتە ئێمە ناتوانین پشت گوێیان بخەین. بە هەموو شێوەیەك، ئەوە تەنها خوێندنەوەیەکی خێرای ناتەواو و یەك بابەتییە، ئەوە هەر تازەیە کە زانیاری وردو تەواومان لەبارەی ئەم بابەتەوە دۆزیوەتەوە[٧٣].**

www.zheen.org

[٧٢] لەبەر چەند هۆیەکی پراکتیکی، ڕێگە بە خۆم دەدەم لەوەبەدوا تێرمی (دێرسیم) بۆ زۆر ناوچە لە تێگەیشتنێکی بەرفراوانەوە بەکاربهێنم: واتە تەواوی ناوچەکانی دێرسیم بە ناوچە هاوسێیەکانیشیەوە وەکوو قۆچگیری.

[٧٣] دێرسیم (بەشی کوردستانی کەمتر سەر ڕێگە بووە و کەمتر ناسراوە)، بنۆڕە (مارتین ڤان برۆینسن هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩)، ڤان برۆینسن چەند ئاگادارییەك لەبارەی عەلەویەکانی دێرسیمەوە بەدەستەوە دەدات، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٧-١٤٩، بەڵام زانیاری لە هەموان بەداوێنتر لەبارەی عەلەوییەکانی ئانادۆڵەوە بەگشتی لە کتێبی:
Krisztina Kehl – Bordrogi, *Die Kizilbas- Aleviten, Untersuchungen uber eine esotersche Glaubensgemeinschaft in Anatolien*, Berlin ١٩٨٨ p.٦٢.

## ۱.۲. عەلەویتگەری و
## پراکتیکی عەلەوی لە ناوچەی دێرسیم

عەلەویەکان کێن ؟ ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە تورکیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا بڵاوبۆوە بۆ ئەوەی شوێنی زاراوەی قزڵباش بگرێتەوە کە هاوواتای پڕ جنێوی یاخیبووی گاوری هەبوو. ئەم تێرمەی دوایی لەپێشدا ناونانێکی سیاسیی هەبوو کە دەستنیشانی هەوەڵێن لایەنگرەکانی سەفەویەکانی دەکرد (کۆتایی سەدەی پانزەهەم) لەکاتی بانگەشەی سەفەویەکانەوە بۆ مەزهەبی شیعە، ژمارەیەك تورکمان کە کۆنسێپتی ئایینیان سۆفیزم و شێعەگەرێتی بوو[٧٤]، چوونە ناویەوە[٧٥].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

دەبینرێ کە زۆر بەکورتی لە ڕاپەڕینی کوردەکانی قۆچگیری–دێرسیم دەدوێ. کارێکی مەیدانی، گوتارێکی لێکەوتەوە کە سوودی تایبەتی بۆ ئەم باسەی ئێمە هەبوو:

Peter J. Bumke, *Kizilbas – Kurden in Dersim (Tuncli/ Turkei), Marginalitat und Heresie* ; in; Anthropos, N ٧٤, ١٩٧٩, P. ٥٣٠ –٣٤٨.

کە پڕیە لە زانیاری و ئاگاداری و لە دێرسیم کۆکراونەتەوە. هەروا وتارەکەی

Molyneux –Seel; A Journey in Dersimin; *Geographical Journal*, ٤٤, ١٩١٤, p.٤٩–٦٨.

باسی ڕەوشی دێرسیم دەکات وەك چۆن لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بینیویە. گوتارێکی پڕ بایەخە، گەرچی برێك لە دەرئەنجامەکانی لەسەر دێرسیم زۆر گشتگیرن و، زانیاریەکانی کۆبوونەوەکانی دێرسیم بەدەستەوە دەدات.

[٧٤] وشەی تورکی قزڵباش واتەی (سەر– سوور) دەگەیەنێ، لایەنگیرە هەوەڵیەکانی سەفەوی بوون کە کڵاوی سووریان لەسەر دەنا، بنۆڕە:

بەکتاشەکان هەوڵیان دا قزڵباشەکان لە تەریقەتدا یەك بخەن. تەریقەتی بەکتاشەکان، لە سۆنگەی پەیوەست بوونیانەوە بە گرووپە هەرە دیارەکانی سوپای ئینکشارییەوە، ڕۆڵێکی تایبەتی لە ئیمپڕاتۆریای عوسمانیدا گێڕا[٧٦].

قزڵباشەکان/ عەلەویەکان، هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە بەهۆی هەڵوێستیان دژ بە عوسمانیەکان تاوانبار کرابوون و، دواتر بە درێژەی سەدەکانی دوایی وەکوو گاور (مولحید) hérétique ناسران. عەلەویەکان هەروەکوو شیعەکان بەگشتی نە خەلیفە و نە ئیمامەکان ناناسن. ئیدی دوای شکستی ڕاپەڕینەکانیان، لە چارەگی یەکەمی سەدەی شانزەهەمەوە، نەیانتوانی-هەر بە نیمچە شاراوەیی نەبێ- مەزهەبی

Abdulbaki Golpinarli, *Kizilbas*, Islam Ansiklopiaisi, Iatanbul ١٩٥٥, p. ٧٨٩ et Irene Melikoff, Le Probleme Kizilbas, in Turcica ٦, Paris – Strasburg ١٩٧٥, p. ٥٢.

[٧٥] ئەمە بەتایبەت لەگەڵ وەرچەرخانی کاریگەری سەفەوی بوو لەژێر چاودێری شێخ جونەیدی باپیری شا سمایلەوە.

[٧٦] بەکتاش: تەریقەتێکی دەروێشییە، لەناوی حاجی بەکتاش وەلی (سەدەی سێزدەهەم و چاردەهەمەوە) هاتووە. کەمتر لەگەڵ سوننیزمدا تەبایە (هەر لە سەدەی شانزەهەمەوە ئایینی دەوڵەتی عوسمانی بوو). تەریقەتی بەکتاشەکان لەگەڵ یەکەمین سوڵتانەکاندا پێوەندییان گرت و، حاجی بەکتاش وەلی بوو بە سەرکردەی سوپای ئینکشاری. تۆ بڵێی بەکتاشەکان لەمەدا مەبەستیان ئاڕاستەکردنی ئیسلامی ناگونجاو بێ لەگەڵ بەکتاشەکاندا بە کۆنترۆڵی حکومەت ؟ بنۆڕە: Mlikoff op. cit, p. ٥٣. سالێك دوای هەڵوەشاندنەوەی سوپای ئینکشاری، تەریقەتی بەکتاشیش هەڵوەشایەوە، لە ١٨٢٧ـەوە تا ساڵی (١٩٠٩) قەدەغە بوو، ساڵی ١٩٢٥ مستەفا کەمال لەنوێوە وەك هەموو تەریقەتە ئایینیەکانی دیکە قەدەغەی کرد . ئەم ڕەوشە بەپلەی هەوەڵ دژ بە نەقشبەندیەکان کرا.

خۆیـان پراكتیـك بكـەن و، زۆربـەی جـار بـەرەو ناوچـە هەڵەمووتـەكان، بەتایبـەت دێرسـیم، هەڵدەكـشان. بێگومـان ئەمـە تـەنها تێڕوانینێكـی گشتی زۆر بەرفرەوانی دروستبوونی دیاردەی ئیتنیكی- ئایینی بوو لە دێرسیم. (یەك عەلەوی، پێش ئەوەی بتوانێ ببێتە ئیسلامی ڕاستەقینە، پێویـستە ببێتـە جوولەكـە و دواتـر مەسـیحی). ئەگـەر ئـەم پێوانەیـە بەگشتی بەسـەر عەلەویەكاندا پراكتیـك ببـێ، ئەمـە بەشێوەیەكی دیكـە دێرسیمیەكان مەحكووم دەكات[٧٧].

بەگوێرەی یاسایەكانی سوننە و شـەریعەت، عەلەویـەكان بەئاشـكرا گـاورن: ئـەوان تـەنها یـەكێك لـە كۆڵەگـەكانی ئیـسلام قـەبووڵ دەكـەن. عەلـەوی مەزهـەبێكی ئایینیـە كـە دەسـتنوێژ هـەڵناگرن، (تەنانـەت دوای كاری سێكسی نێوان ژن و مێردیش خۆیان ناشۆن)، ئیمانیان بە كتێبی پـیرۆز نییـە وەكـوو گـەواهییێكی پـڕ بایـەخ (ئـەوان لەگـەڵ نـە ئوسـووڵە ڕاستییە بێبەستەكانی قورئان و نە كتێبەكانی دیكەدا گونجاو نین)[٧٨]و،

www.zheen.org

---

[٧٧] مارك سایكس لەگەڵ حەزی زانینی ئەوروپییانەیەوە ئەوە تێبینی دەكات كەUlugی كەمالیست لەگەڵ رادەی تەواوی شارستانیدا بەوەی كەشوێنكاری ئایینیەكانی پێش ئیسلام (ئـــــەنیمیزم، animisme، نـــــاتوریزمی aturisme شـــــامانیزم chamanisme، پاگانیزم) paganisme لەناو دێرسیم بدۆزنەوە. بنۆڕە:

Mark Syks, *The Calips last Heritage*, London, ١٩١٥, p. ٥٧٠; Nasit Ulug, Tunceli Medeniyete aciliyor, Istanbul ١٩٣٩, p.٧٢ -٩٠.

[٧٨] بەگوێرەی دیدێ كەساڵی ١٩٠٩ Van Rensselaer هەڤپەیڤینی لەگەڵدا كردووە، مەبەست لەمە پێنج كتێبە پیرۆزەكانی: ئیبراهیم، مووسا (تەورات)، داود(زەبوور)، مەسیح (ئینجیل)و موحەمەد (قورئان)ە هەمان دیدێ كتێبی ناردراوی ئیبراهیمی بەسوهول Suhul ناودەنێ و لەمەدا پشت بەوە دەبەستێ كە ئەم كتێبەیان هێشتا لە میزۆپۆتامیادا ماوە. Van

عارەبی وەکوو زمانی عیبادەت قەبووڵ ناکەن. کەوایە دابڕانێکی گەورە لەنێوان عەلەوی و سوننەدا هەیە کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر ماوە. هەتا خەڵکی کوردو تورکە هاوسەردەمەکانیش هێشتا ئەم پێوانەیە دەزانن: ئەوەی دوو (یان سێ. . .) عەلەوی بکوژێ، بەهەشت جێگەیەتی[٧٩]. پێویستە هەروا پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ کە عەلەوێتگەری زۆر بەتوندی خۆی لە شیعەگەری ئۆرتۆدۆکس orthodoxe، کە لە سەدەی شانزەهەمەوە لەسەر شێوەی جەعفەری بوو بە ئایینی ڕەسمی ئێران، جیادەکاتەوە. جەعفەری، وەکوو سوننیزم هەموو شەریعەتەکان (سیستمی یاسا ئوسووڵیەکانی ئیسلام، وەرگیراو لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر) قەبووڵ دەکات. بێگومان ئەمە ڕاست نییە جەختی بکەینەوە کە عەلەوێتگەرێتی هێندەی ئەوەی لە سوننەی ئۆرتۆدکسەوە دوورە، لە جەعفەرییەوە دوورە[٨٠].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

Rensselaer لە پەراوێزێکی خوارەوەی کۆتایی ٨٧ی قورئان لەگەڵ کتێبی "ئیبراهیم"دا دەناسێتەوە. ئەم دیدیە هەتاکوو پێویستی دانپیانانی پرەنسیپەکانیشی وەکوو ڕەوشی ئایینی ڕەتکردۆتەوە.

Van Rensselaer; *The Alevis, or difiers of Ali*, in. *Harvard Theological Review*, ٢, New York ١٩٠٩, p. ٣٤٦ et ٣٥٠ –٣٥١.

[٧٩] تەنها جارێك گۆڕانی مەبەستی پڕ مانای ئەم پێوانەیەم دۆزیەوە". . . بڕێك سەید ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە کوشتنی یەك تورك لە کوشتنی سی‌وشەش مەسیحی زۆر شایانترە"

(Molyneux–Seel, op. cit, p. ٦٧.)

[٨٠] Omer Laciner, *Der Konflikt zwischen Sunniten und Aleviten in der Turkei; in Islam und Politik in der Turkei*, hg. J.Bruinessen, Berlin ١٩٨٩ (١٩٨٥), p. ٢٣٦–٢٣٧.

عەلی لەناو عەلەویەکاندا لە زۆر لایەنەوە شوێنێکی نیمچە خوایی هەیە، وەکوو مەسیح وایە بۆ مەسیحیایەتی. بەڵام عەلی لای سوننیەکان هەر تەنها پیاوێکی ژیرو بوێرە وەك هەموو خەڵکی دیکە، شیعەکان باوەڕیان بە کەرامەتێك هەیە کە عەلی کردوویە و ئەوان پێیان وایە عەلی وەکوو جێگیرەوە و جێبەجێکاری پێغەمبەر دەستنیشان کراوە. جگە لەوە عەلەویەکان: عەلی، لەناو هەموو پێغەمبەرەکاندا، وەکوو ڕۆحی بوون و بەرجەستەکراوی خوا دەبینن[٨١].

زۆرینەی عەلەویەکان زمانیان تورکییە. زمانی پەرستن و کتێبەکانی وێردیش Buyruk بە هەموو شێوەیەکیەوە هەر بە تورکییە. حاجی بەکتاش وەلی خۆی وەعزی داون و بە زمانی تورکی نووسیونی. زۆربەی عەلەویەکانی دەوروبەری تونجەلی/ دێرسیم، ئەلازیی، وارتوو مووش زمانیان کوردییە (زازا یا وەکوو کرمانجی). کوردە عەلەویەکان هەروا لە ناوچەکانی مەرەش، مەلاتیە و دەوروبەری شارەکانی سیواس، ئەرزەنجان و ئەرزەڕۆمیشدا دەبینرێن[٨٢]. لەکاتێکدا زۆرینەی کوردەکان سوننەی مەزهەب شافعین، بەتەواوی لە مەزهەبی حەنەفییان

---

[٨١] "... باوەڕی پێش . بوونی عەلی " Van Reusselaer, op. cit, p. et ٣٤٩. کاپیتان Molyneux- Seel لە سەرچاوەی پێشوو ل٦٥ هەواڵ دەدات کە: "هەموو ئەو سەیدانەی کە من پرسیارم لێکردوون، ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە مەسیح و عەلی یەك کەسن و، پێیان وایە هێندێك کەس لەکاتی جیاواز و بە ناوی جیاجیاوە دێنە دونیاوە".

[٨٢] هەروا عەلەوی تورکیش هەن. پێویستە لێکۆڵینەوەی زۆر بکرێت بۆ ناسینی شوێنی نیشتەنی ورد و تەواوی کوردەکانی عەلەوی، بنۆڕە: Kehl- Bodrogi, op.cit, p. ٩٢. لەسەرێکی دیکەوە دەتوانین دیاردەی توانەوەی کورد – تورك تێبینی بکەین کە جیاوازکردنەوەیەکی وردی ئیتنێکی ئاڵۆز دەکات. بنۆڕە cf; Buhmke, op. cit, p.٥٣٢. .

جیادەکاتــەوە کــە مەزهــەبی زۆرینەیــە لــە تورکیــا و، هــەروا لــە عەلەویــەکانیش جیایاندەکاتــەوە. بــەڵام جیــاوازی نێــوان شــافعی و حەنەفی، بە بەراورد لەگەڵ جیاوازی نێوان سوننی و عەلەویدا، ئەوەندە گرینگ نییە (ڕاستیەکەی، زۆر کوردی شافعی قەبووڵیان نییە عەلەوی‌و ئێزدیەکان وەکوو کورد حسێب بکرێن): وێڕای ئەوەی کە ئەوان بە کورمانجی یان زازاکی دەئاخاڤن‌و، خۆیان وەکوو خۆیان حسێب دەکەن[٨٣]. پێچەوانەکەشی، بە پێچەوانەوەی هەڵوێست، بەدەگمەن جیاوازی هەیە. ئەوەی بەڕاستی دیارە ئەوەیە کە لەنێوان هەموو لایەنگریــە Loyauté عەشــیرەتگەریەکاندا، لایــەنگری مەزهــەبی بەفرەوانییەوە بەسەر هەموو لایەنگریەکانی دیکەدا زاڵ بووە، بەتایبەت بەسەر لایەنگری (نەتەوەیی)دا. بەم شێوەیە عەلەویەکانی کوردستان بەرەو ڕووی ڕەوشێکی دوانەی کەمینایەتی بوونەتەوە: بەرامبەر بە هەم زۆرینەی کوردی سوننی‌و هەم دەوڵەتی عوسمانی‌و تورکی.[٨٤]

ئەمڕۆکە، ژمارەیەکی زۆر کەم مزگەوت لەناو ئاواییەکانی دێرسیمدا هەن. زۆربەی خەڵکە گوندنشینەکان بریتین لە عەلەویەکان[٨٥]. مزگەوتەکان

---

[٨٣] Van Bruinessen, The Ethnic Identity of the Kurd; in; Andrews, Peter; Ethnic Groups in the Republic of Turkey, Wiesbaden ١٩٨٩ .p. ٦١٤.

[٨٤] عەلەوی تورکمان لەرووی ئیتنیکییەوە ئەگەر خۆیان بەکورد دانەنێن زۆر کەمینەترن.

[٨٥] لە شارەکاندا ژمارەیەك تورکی سوننی، بەشێ کارمەند و فەرمانکارەکانی دەوڵەت خۆیان نیشتەنی کرد.

Peter Anderews; Ethnic Groups in Republic of Turkey, Wiesbaden ١٩٨٩, p. ١٢٣ –١٢٤.



بنکەی ژین www.zheen.org

لە سالأنی هەشتاوە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ گوندیەکان، بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ڕۆژئاوای وڵاتەوە دێنو وەکوو سیستمی ناوچەی ئازاد[٨٦] کار دەکەن، دروست کراون. عەلەویەکان لە(جەم)دا کۆدەبنەوە، کۆبوونەوەی کاراکتەری ئایینی و کۆمەڵایەتی: پەرستنو جەژن، خواردنی هاوبەش، هەروا (ئەنجومەنی گوند) (بە واتەی تێرمەکە)و دادگا.[٨٧] جەم، دەکرێ لەناو هۆڵێکی گەورەدا یا لە شوێنێکی بەر بەرەڵاشدا بگیرێ. بە دەورەی دێدێوە (دێدێ دەخوێندرێتەوە) لە ناوەندی کۆبوونەوەی پیاواندا، ژنان و منداڵان بەگوێرەی تەمەن کۆدەبنەوە. پیاوان و ژنان، وەك لە مزگەوتەکاندا وایە، بەتەواوی لەیەك جوداواز نین. هاوسێ سوننیەکانیان، لەسۆنگەی ئەم کۆبوونەوانەوە ڕقیان دژ بە عەلەویەکان و (ناموسیان)[٨٨] هەڵگرتووە. عەلەویەکان بڕای فرەژنی ناکەن (لە حاڵەتی زۆر

---

ژمارەی سەدی ٧٣,٥٪ دەدا بۆ گوندییەکانی عەلەوی زازا بۆ ناوچەکانی هۆزات، نازمیێ، ئۆڤاجك و پولومور لە ساڵی ١٩٥٠ دا.

[٨٦] Dora Ferbe / Doris Grasslin; Die Herrenlosen, leben in enem Kurdischen Dorf, ١٩٨٨, p. ١٣٩.

[٨٧] بەگشتی بۆ کاروباری رۆژانە، راپۆرتێکی بەها سەید بەگ لەسەر بەکتاش و قزڵباشەکان کە بۆ پارتی ئیتیحاد و تەرەقی نووسراوە، تێبینی رەوشی سزادان و هەتا وەکو تاوانی قورسیش دەکات.

**In; Nejat Birgogan, *Anadolu nun Gizli Kulturu Alevilik*, Hamburg ١٩٩٠, p. ٣٧١ – ٣٧٧.**

لە ساڵەکانی شێستەکانەوە سترەکتوری ترادسیۆنی عەلەوی لە ئاستی ئاواییەکاندا بە پراکتیکی لەکار وەستابوو. بەڵام ناسنامەی عەلەوی هەر بەردەوام هەبوو، هەتا لەنێوان ساڵەکانی حەفتاوە بەرەو ئایدیای سۆسیالیزم وەرچەرخایەوە. گەواهی عەلەوی تورك و کوردی پەڕیوەی ناو سوێسمان لەلا هەیە.

In; Merhaba, Zeitschrift uber die Emigration aus der Turkei, Basel, ٧ e annee ٤/١٩٩٠ p. ٨٢٣.

[٨٨] واتەی زۆر سووك دەگەیەنێ بەتایبەت بۆ ژنان.



بنکەی ژین
www.zheen.org

دەگمەنـدا نـەبێ). وەك دەردەكـەوێ شـوێنی كۆمەڵایـەتی پیـاوو ژن لای عەلەویەكان، لە شوێنە ئیسلامیەكانی دیكە یەكسانترە.

دابەشكردنی لوقمە ماوەی پەرستن لە جەمدا (بەگشتی میوەیە)و لەكاتی جەژنەكانـدا[89] دابـەش دەكـرێ، هاندەرێكـە بـۆ یەكسانی. ئـەم لوقمانـە نابـێ لەگـەڵ پارچـە حـەڵوا Friandiseی هـەمان نـاودا تێكـەڵ بكـرێن كـە بەهایـەكی بەخششیان هەیە و، هەروا وەكوو یەكسانی وایە لە ئاستی: خێزان، هاوسێ و نـاو گوندەكانـدا . . . هتـد عەلـەویزم لەسـەر بنـەمای كۆمیونیتـەیی زۆر توندی پێكەوەبەند ڕێك خراوە، كە خەون بە یەكێتیو یەكسانی گێتییـەوە دەبینـێ[90]. ڕەتكردنـەوە، هێزێكـی دیكـەی تایبەتمەنـدی عەلەوێتگەرییـە. لـە پلانی ئاینی عەلەویەكاندا: شەریعەتو ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان نییە. . .تاد.

لە پلانـی سیاسیدا، ڕووبەڕووبوونـەوەی میرنشینە كوردیـەكان. لـە پلانـی زمانەوانیـدا، بـەكارهێنانی دوو (شـێوە) زمـانی دانپیانـەنراوی نارەسمی (زازا و كورمـانجی). كەوایـە هۆشیاری ئۆپۆزسیۆن هاوڕێیـە لەگەڵ مێژووی عەلەویدا و هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە.

عەلویەتگـەری، ئـاینی كەمینەیـە لـە حاڵـەتی بەرگریكردنـدا خـۆی دەشارێتەوە، چونكە دەیەوێ نهێنیەكانی خۆی بپارێزێ. لـە تێرمـەكانی

---

[89] وەك لەدوای ڕۆژووی هزر Hizir یا دوای ڕۆژووی ئۆنیكە ئیمام لە مـانگی دووی موحـەڕەم asure Coxbas عەلەویـەكان پێـی دەڵێن لوقمـە و هـەروا دەدرێ بـە هاوسـێ سـوننەكانیش، بەنموونە لەو شوێنانەی كە زۆر گوندنشینی عەلەویی تێدا پەڕیوە بوون.

[90] Van Rensselaer, op. cit, p٣٥١.

ئەمە لەلایەكەوە مۆتیڤی ئۆپۆزسیۆن لێكدەداتـەوە و، لەلایـەكی دیكـەوە بەشداری دەكات لـە لێكدانـــەوەی پابەســـتەبوونی عەلەویـــەكان لـــە ســـاڵەكانی شێـــستەكانەوە بـــە ئایـــدیای سۆسیالیزمەوە.

ئاییندا بەتەواوی هیچ شتێك بە كراوەیی ناخوازێ. ئایینی عەلەویەكان نە ڕەقەكارە و نە تۆڵەسێن. عەلەویەكان، دەتوانن دەرگە بەسەر زۆر توخمی دیكەشدا بكەنەوە، بەبێ‌ئەوەی ناسنامەی عەلەوی‌بوونی خۆیان لەدەست بدەن[٩١]. هەروك توانیمان لەناو پەڕیوەكاندا تێبینی ئەمە بكەین[٩٢]. بەم شێوەیە درێژە بە دووپاتكردنەوە یا دۆزینەوەی نوێ دەدەن. لە حاڵەتی دێرسیمدا، ئەمە لە سەدەكانی پێشوودا ڕێگەی بە سانكرێتیزمێكی Syncretisme بەهێزی ئایینیدا لە ناوچەكە. لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە، كرانەوەیەكی خێرا بە ڕووی ئایدیای كوردستانێكی سەربەخۆداو لە ساڵەكانی شێستەكانیشەوە كرانەوە بە ڕووی ئایدیای سۆسیالیزمدا. ئەم كرانەوەیەی عەلەوێتگەری بەگشتی سەرلەبەر لەگەڵ چەند ئایدیایەكی كەمالیستەكانیشدا گونجاوە. زۆرینەی عەلەویەكانی توركیا پێشوازی سیستمی لایكی-یان كرد، بەو هیوایەی كە دەبێ بەتەواوەتی بڵێین، لە (لایكییەكی ڕاستەقینە) و نەوەكا ئەوەی لەڕاستیدا تەنها یەك ملكەچ بوون لە ئایینەوە بۆ دەوڵەت شوێنی بگرێتەوە. بەشێوەیەك ئەمەی دوایی بەردەوام دەبێ لە پەسندكردنی سوننیزمی حەنەفی، مەزهەبی بەئەزموون لەكرنۆش بردن بۆ پرەنسیپی دەوڵەت بێ ئەوەی بەشێوەیەكی وریایانە مامەڵە لەگەڵ هەوڵدانەكانیدا بكات بۆ ڕاكێشانی عەلەویەكان بە قازانجی خۆی.

www.zbeen.org

---

[٩١] Cf. Marha, op. cit, p, ٨, et Bumke, *The Kurdish Alevis Boundaries and perception,* in; Andrews, op. cit, p. ٥١١.

[٩٢] بەگوێرەی ووشە كۆنەكانیان "دەتوانین بمرین، بەڵام ناتوانین باوەڕ بە ئاینێكی دیكە بهێنین و حاشا لەئاینەكەمان بكەین". ( Olmek var, donmek YOK )

وێڕای پێوەندیە ئایینیە ئاڵۆزەکان، کەچی لە ڕێکخستنی عەلەویدا هێرارشی (مەرتەبە) hirrarchie کەمتر هەیە[٩٣]. سەیدەکانی عەلەوی واخۆیان دەنوێنن، وەك ئەوەی لە خانەوادەی پێغەمبەر بن و، زۆربەی جار لەگەڵ کەسایەتیە پیرۆزەکانی نیزیك بە حاجی بەکتاشدا خۆیان بەنزیك دەناسن. ئەوان وەکو دێدێ[٩٤] ڕۆڵێکی کارا دەگێڕن، چ وەك سەرۆکی ئایینی و چ وەك نێوانکاری Médiateur کۆمەڵایەتی و سیاسی. جا تۆ بڵێی بتوانین قسە لەسەر ڕەوشێکی هاویەك و یەکسان بکەین کە لە سایەی نێوانکاری و چاکسازییەك سەرچاوە بگرێ کە لەلایەن ڕێکخراوی عەلەوییەوە جێبەجێ بکرێ ؟ بومکی بەرامبەر بە دێرسیمیەکان حوکم دەدات بەوەی کە لە هیچ سەردەمێکدا یەك سیستمی سەرانەیان بۆ ئاغایەکانیان بە هەمان پلەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان[٩٥] پەرە پێنەداوە. بێگومان دەبێ خۆوەدوورگرتنی –ناڕۆشنی مێژوویی– ڕەوشەکە لەبەرچاو بگیرێ کە بە هەژارییەکی لەڕادەبەدەر و کولەمەرگی دەناسرێتەوە، کە ناکۆکیە خێڵەکیەکانی تێدا بەرنامەی ڕۆژ بوون و، زۆربەی جار ڕێگرێتی ئالیکاری مانەوەی کردوون لەژیاندا. ئاستەمە ئەوە بسەلمێنین کە دێرسیم لە سێبەری وەبەرهەم هێنانە کۆمەڵایەتیەکاندا بووە[٩٦]. کەمالیستەکان تەواو هەروەك

---

[٩٣] ئەمە بەپێچەوانەی بیروڕایەکانی دیکەیە، بەڵام بەگوێرەی بومکێیە
Bumke, Kizilbas Kurden . ., op. cit, p. ٥٣٤.

[٩٤] تێرمی پیرو شێخ، زۆر بەدەگمەن نەبێ وەدیار ناکەون.

[٩٥] Bumke, The Kurdish Alvis . . , op. cit, p. ٥١٤.

[٩٦] بەنموونە بگەڕێوە بۆ گەواهیەکانی کەمالی کە لە Faik Bulut, Belgelerle Dersim Raporlar, Istanbul ١٩٩١, p. ٧٦. ئیشارەی پێدراوە، یاوەکوو بگەڕێوە بۆ



بنکەی ژین
www.zheen.org

دەوڵـــەتی ناوەنـــدی پێـــشووی خۆیـــان، بـــەڵام بـــە ئـــامراز و ماتیریـــال و ئایدیۆلۆژیایـەکی زێـتر بەتونـدی تـەنها قامکیـان خـستۆتە سـەر ئـەم خاڵـە نێگەتیڤـە، بـۆ مـەحکومکردنی گـاورێتی ئـەم خەڵکانـە بـۆ زۆربـەی خـەڵکی نەخوێندەوار (جاهیل) و نـەزان. لـە نامیلکەیـەکی ساڵانی ١٩٣٠ی وەزارەتـی ناوخۆدا، کە بە مەبەستی زۆر تایبەت ئاڕاستە کراوە، ئەمە دەخوێنینەوە:
"سوننیەکان خزمەتی دەوڵەت دەکەن و پێوەی بەستراونەتەوە . . .(. .) شـیعە (عەلەویـەکان) کـە زۆرینـەی دانیـشتوانی دێرسـیمن، سـونگەی سـەرەکی خراپەکاریـەکانن. خەڵکەکـە وا بەسـتەی دێـدێ و سـەیدەکانن کـە. . ( ) دەسـتیان بەسـەر هەسـت و نەسـتیان دەشـکێ و، هـەروەکو ئاغا ڕیاکار و یاخیبووەکان، هەر هەوڵی باندچێتی‌یانە و لە کردەوەی دونیاییدا دەسەڵاتی تەواویان هەیە"[٩٧].

لای عەلەویـەکان هێنـدێك لـە سـەیدەکان، هـەروەك لـەناو کـوردە سوننیەکاندا هێندێك شێخ بە پیرۆز دادەنێن و خاوەنی کەرامەتن: واتـە هێزی خودایی، کەرامەت و پیرۆزییەکی حەزرەتی پێغەمبەریان هەیە کە لـەکاتی مردنـی پیـاو چاکەکەدا لـەناو ناچـێ (ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ نهێنییـەك کـە عەلەویـەکان وا دەڵـێن) و، ئـەوە لەوێوەیـە گرنگـی زیارەتکردنی گڵکۆکانیان دەردەکەوێ. هەڵبەتە کەرامەت ڕۆحانییە و لە

---

دەستنیشانکردەکان لەسەر شا حوسێن لە: Vital Cuinet, La TURQUIE, d´Asie, Paris ١٨٩٢, t٢. p. ٣٩٩.

[٩٧] Buluk, op. cit, p. ١٢٠ (TC Dahilye Vekaleti, Jandarma umum Kumandanliginin ١٩٣٠ Iarda hadzirladirgi ve Kayit altinda, Kisiyeozel olarak ١٠٠ adet bastirdig brosurun ١٩١ –٢٤٦ arasindaki sayfalarindan alinmister.

سەرووی سروشتەوەیە، کە دەکرێ لە هەر شوێنێکدا بێ بێتە خوارەوە. بەڵام نە کەمەرات و نە کردەی پیرو شێخی تەکیە، هەر تەنها بە سەیدەکان نەبەخشراون. سەیدەکان، بەقسەی بومکێ[98]، لە ناوچە سنووریەکانی ناو عەشیرەتەکاندا دەژین و بەشێك نین لەوان. ئەوان تا رادەیەك سەربەخۆن، بەڵام وەکی دیکە هەژارن. هەوڵەکانیان بۆ ئۆرگانیزەکردنی جەم و نێوانکارییان لەنێوان عەشیرەتەکاندا، لە چەند بوارێکی کاری کشتوکاڵی ڕەهای کردوون. ئەوانە سەدەقە donsیان بۆ دێت، کە بەشێکی بەکاردەهێنن بۆ خۆیان و بەشێکیشی دەنێردرێ بۆ پێویستیەکان یان گوندەکانی دیکە کە لە ئاستەنگی داکەوتوون. لەلایەکی دیکەوە ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئێستە وتمان، لە گەواهینامەکانی نووری دێرسیمدا سەیدەکان وەکوو دەسەڵاتێکی بێوێنە دیارن: سەید ڕەزاو سەید ئیبراهیم ئاغای باوکی سەید ڕەزا بە نموونە دەهێنێتەوە. هەروەها هۆزی دەروێش جەمالیش دەستنیشان دەکات کە ژیانی خۆیان وەکوو ڕێبەری کاروان داین دەکەن، چونکە ئەوان وەکو سەید، نە ئەوان و نە کاروانچییەکان هێرشیان ناکرێتە سەر[99]. لیستی عەشیرەتەکانی ئەرزەنجان و دێرسیم کە لەلایەن کەمالییەوە ڕێك خراوە، ئیشارە بە سەیدەکان دەکات بەدەر لە

---

[98] Bumke, Kizilbas – Kurden. . ,p. ٥٣٥.

[99] N. Dersimi, Hatiratim. P. ٢٢. Molyneux- Seel, op, cit, p.٥٢.

هەمان ڕاپۆرت (سەرۆکهۆزی هەر گرنگ سەیدەکان بوون. ئەم سەیدانە سەرۆکی ئایینی بوون و دەسەڵاتگیریەکی بێسنووریان بەسەر ئەندامانی خێڵەوە هەبوو).

عەشیرەت و هی دیکە، هەروەك دەرویش جەمالیەکان کە چەند هۆزی تایبەت پێکدەهێنن[١٠٠].

ژمارەیەك شوێنی پیرۆز لە دێرسیمدا هەن[١٠١] کە شوێنی جەم و زیارەتن و، زۆربەی جار گڵکۆی چاکێك بەخۆوە دەگرن، لە سەرچاوەیەك و درەختێك پێکدێن و دەکەونە شوێنێکی هەڵەمووتی ناو چیایەکان. ئەمڕۆ ئێستەکەشی لەگەڵدا بێ، بە نموونە زیارەتەکانی دوزگون بابا کە گۆڕی مونزور بابای لە باوەش گرتووە، یا هی بۆیوك چێشمێ شوێنی ڕێزلێنانێکی گەورەن و زۆر لە عەلەویەکان دەچنە زیارەتیان یان دەیانەوێ بچن (هەتا وەکو عەلەویە هەندەرانیەکانی ئەوروپاش)، هێندێك دەڵێن ئەم زیارەتە بۆ ئەوان واتەی سەیرانێکی خێزانی دەگەیەنێ، بەڵام زۆربەیان بڕوایان وایە کە هێزێك لەوێدا وجوودی هەیە و دەچن نوێژی لێدەکەن. نەخۆشەکان، هیوا دەخوازن لەوێدا چاك ببنەوە، ئەو خێزانانەی کە منداڵیان نابێ چاوەڕوانی گۆڕانێکن. . تاد. خەونە یەك لەدوای یەکەکان بەسەر گڵکۆکە دەتوانن قامك بخەنە سەر دواڕۆژ[١٠٢] کە لە چەند شوێنێکدا چەندین تەکیە هەبوون، کەوایە داخۆ باوەڕقایمی (ئۆرتۆدۆکسی) عەلەویەکان چی شێواند کە چەندین دێرە و کلێسەی ئەرمەنیەکان بەبۆنەی زیارەتی کوردە عەلەویەکانەوە جمەیان دەهات[١٠٣].

---

١٠٠ In; Kemali, Erzincan Tarihi, ٢e ed. ١٩٩٢, p. Bulut, op. cit. ٣٣٠.

١٠١ N. Dersimi, Kurdistan. . .op. cit..

١٠٢ Freb/ Grasslin, op. cit, p. ١٤٥–١٥٦.

١٠٣ بگەڕێوە بۆ دەستنیشانکردنەکانی:

### ٢. ٢. عەلەویەکانی دێرسیم و ئەرمەنیەکان

ژمارەیەك ئیشارە گەواهی پێوەندییەکی تەواو تێکەڵاوی نێوان دێرسیمیەکان و ئەرمەنیەکانە، هەتا لە فۆرمەکان و پراکتیکە هاوبەشەکانی مەزهەبیشەوە. بە پێچەوانەی ناوچەکانی دیکەوە، زۆربەی گوندەکانی دێرسیم فرەمەزهەبین: مەسیحی (ئەرمەنیەکان) عەلەوی و سوننی. سەرچاوە دیمۆگرافیەکان لەبارەی شوێنی ژیانی ئەرمەنیەکانەوە لە ساڵی ١٩١٤دا، ئەوە نیشان دەدەن کە چەندین گوندی ئەرمەنی لە ناوچەی دێرسیمدا هەبوون و، دەوروبەری دوو سەد تا سێسەد دانیشتوان دەبوون، کڵیسەیەك و بڕێك جاریش قوتابخانەیەکی ئەرمەنییان هەبوە، ئەرمەنیەکان و "قزڵباشەکان" زۆربەی کات بە یەکسانی تێیدا دەژیان. ئەم سەرچاوە دیمۆگرافیانە ئەوە بەدەستەوە دەدەن کە ژمارەی گوندە ئەرمەنیەکان لەو ناوچەیەدا بە بەراورد کەم بووە[١٠٤]. برۆینسن ئیشارە بەوە دەدات کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە ژمارەیەکی زۆری ئەرمەن لە ڕەوشێکی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زێتری کاتیدا عەلەوێتگەری و زمانی کوردییان وەرگرت و بە تەواوی لەنا و کۆمەڵگەی کوردیی عەلەویدا توانەوە. Molyneux-Seel کە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤– ١٩١٨ سەردانی دێرسیمی کردووە،

---

Raymond H. Kevorkian / Paul B. Paboudjian, Les Armeniens dans Empire Ottoman a la veille du Genocide paris, ١٩٩٢, هەروا بەشی "سەنجاقی دێرسیم " لە Molyneux- Seel, op. p. ٦٣ ٣٨٧- ٣٨١.

[١٠٤] Kevorkian/ Pabudjian, op. cit, chap. Sandjak du Dersim: p. ٣٨١- ٣٨٧.

ئەوەی تێبینی کردووە کە زۆربەی ئەو عەلەویانەی ئەو چاوی پێکەوتوون بە ڕەگەز ئەرمەنی بوون[١٠٥].

(... خارپووتی پیرۆزمان یەك لە شوێنە پیرۆزەکانی ئەوانیش بوو).

ڕۆبینی پارتیزانی بەنێوبانگی ئەرمەنی ئەمەی نووسیوە کە ساڵی ١٩٠٦ لە دەڤەری دۆران، لە ناوچە چیاییەکانی نێوان گۆلی وان و دێرسیمدا[١٠٦]، خەباتی دەکرد. گەواهیەکانی ف. دۆغان، لە فەرمانێکی ئایینی سەید ڕەزاوە ئیشارەی بەوە داوە کە کڵێسەی ڤان Van Kilisesi لەلایەن ئەرمەنە مەسیحیەکانو کوردە عەلەویەکانەوە[١٠٧] زۆر سەردانی

---

[١٠٥] Van Bruinnessen, The Ethnic Identity…op cit, p. ٦١٩. (Aga, Scheich und Staat, p. ١٥٤ – ١٥٥.

Molyneux Seel, op. cit., هەروا لە تێکەڵاوبونی ئیتنیکی کورد و ئەرمەنی دەکۆڵێتەوە.٦٨-٤٩ جەلیلی جەلیل باسی ئەرمەنیەکانی دێرسیم دەکات کە پێوەندیەکی دۆستانەیان لەگەڵ کوردەکان هەیە و ڕێز لە ئایینی قزڵباش دەگرن.

(XIX Yuzyil Osmanli Imparaturlugu nda Kurtler, Ankara, ١٩٩٢/ Moscon ١٩٧٣, p. ٣٢).

[١٠٦] Rouben, Memoires d un Partisan armenien, La Tonr d Aigues ١٩٩٠, p. ٦٤.

هەمان نووسیار ئیشارەی بەحوکمدانە بۆ ئامادەبوونەکەی دەکات لەلایەن دادگاکانی تورکیاوە ساڵی ١٩٠٧ بێجگە لەوە باسی (هاوپشتی لەگەڵ کوردەکانی وارتۆو دێرسیم دا دەکات لا (١٥٧). Burhan Ozkok. لەچەند جێگەدا ئیشارە بەئەرمەنیەکان دەکات کە ڕۆڵیان بینیوە لەدێرسیم لە ماوەی بزوتنەوەی یاخیبوونەکانی نێوان ١٩٠٧ و١٩١٦

(*Osmanlilar devrinde Dersim isyanlar*, Istanbul ١٩٣٧, p. ٨, ٣٥, ٦٨)

[١٠٧] کڵێسەی ڤانك لە ناوچەیەك دروستکراوە کە تێدا ئەرمەنیەکان و کوردەکان یەك لەگەڵ ئەوی دیکە لەپێوەندییەکیبەرفراوان و تێکەڵاودا دەژین. لەم ناوچەیەدا ئەم کڵێسەیە پەیامی خوا و پەرستنی هاوبەش بوو. من خۆم جارێك چوومەتە ئەم کڵێسایە بۆ ئەوەی بەشداری لەپەرستن دا بکەم... کەشیشی ئەم کڵێسایە کەسێکی زۆر جێگەی متمانە بوو.



www.zheen.org

کراوە. کردەی تاوانبارکردنی سەرۆکەکانی ڕاپەڕینی ١٩٣٦ـ ١٩٣٨ لە دادگە، لە یەکێك لە پەرەگرافەکانیدا ڕۆڵی تایبەتی ئەم کڵێسەیە دەسەلمێنێ.[١٠٨] بە قسەی گارۆ ساسۆنی ئەرمەنی، ئەرمەنەکان کە سەرەتای ئەم سەدەیە لە دێرسیم چالاکی و خەباتیان دەکرد، پێوەندی زۆر دۆستانەیان لەگەڵ کوردەکانی ئەم ناوچەیەدا پەیدا کردبوو. ئەو، ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە دێرسیمیەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە

---

سەید رەزا هەموو کاغەزە رەسمیەکان و پارەکانی بەو ئەسپارد بوو. لەماوەی ڕاپەڕینەکەدا، کەشیشەکە وەکو ئەمانەت پاراستبوونی، بەڵام ئەفسەرانی سوپا گەیشتن و کوڕی کەشیشیان گرت و لەژێر ئەشکەنجە دا ناچاری قسەکردنیان کرد. ئەفسەرەکان کاغەزەکان و پارەنیان رفاند و کلێسەی ڤانکیان سوتاند و لەگەڵ زەویدا راستیان کرد. بەڵام وەك دەڵێن یەك بەشی بەرچاوی ئەسپاردەکە هێشتا لەژێر خاکدا شاردراونەتەوە. (گەواهینامەکان لەلایەن Faik Bulut کۆکراونەتەوە، هەمان سەرچاوە، لا: ١٩٣)

[١٠٨] (سەید رەزا گوندێکی لەنزیك قەڵای سێسێن Sesen Kalesi هەبوو ناوی ڤانك بوو.. لەکلێسەی مکومی ئەم گوندەدا خاچێك هەبوو.. لەناوەڕستی ئەم خاچە، لەژێر شوشەیەکی چەماوەدا شتێکی بەقەد گوێزێکی لێبوو. ئەم شتە ئێسکی پەنجەی گەورەی ئیمام حسێن بوو. دێرسیمیەکان، خەڵکە رێگرەکان وەختاییك خۆیان لەئاستەنگی دا دەبینیەوە، دەچنە ناو ئەم کلێسەیە بۆ داوای کۆمەگی کردن و بەهێمنی و خشووعەوە خاچەکە یان ماچ دەکرد. ژنی دووگیانی لەگیروگرفت کەوتوو، بەهەمان شێوە نەخۆشیەکی بێچارەسەر سەردانی دەکەن و کەشیشەکە دەپاڕێتەوە و خاچەکە ماچ دەکەن. کێ دەزانێ داخۆ کەشیش لەکەینێوە هەموو دێرسیمیەکانی فێرکردووە ئەم خاچە یان وا خۆش بوێ. بەشێکی کردەی تاوانباری کردنی دادگایی خاتیمی شاملو، بریکاری کلێسە لە کۆماری تورکیا لەکتێبەکەی ١٧٨ـ ١٥٦ Bulut, op cit, p. دا نووسراوەتەوە. ئەوەش تایبەتە بە کلێسەی ڤانك هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨) هەروەها ٦٤-٦٣ Molyneux – Seel….op op. cit. p. بەشێوەیەکی جیاواز، ئەم بەحەجی کوردەکان وەسپ دەکات. ئایا ئەمە هەمان ئەو شوێنەیە کە هالڤۆری پێدەلێن؟ـ (تاقە کلێسەی ئەرمەنیەکان کە مابێتەوە... کلێسەی سان ژان پاتێست بوو.... ئەم کلێسەیە لە ایەن کوردەکانەوە وێران نەبوو چونکە پەرجووی جەستەی سان ژان پاتێستی هەبوو).

**زۆر ئەرمــەنییان ڕزگــار کــردووە[١٠٩]. گــارۆ ساســۆنی، لــە هــەمان لاپــەڕەدا، حەســرەت بــۆ ئــەوە هەڵدەڕێــژێ کــە هــۆزە بــەهێزەکانی کــورد (کــە ســوارەی حەمیــدیان پێکهێنــابوو) دژی ئــەوان بــوون. ســوڵتان عەبدولحەمیــد پــێی دەوتن: باوکی کوردان Kurtlerin babasi . سوارەی حەمیدییە ساڵی ١٨٩٠ لە هۆزە کوردە سوننیەکان پێکهاتبوو، لەلایەك دژ بە هەڕەشەکانی دەرەوە (بەتایبــەتی ڕووســیا)و هــەروا دژ بــە ڕاپــەڕینی ئەرمەنیــەکان و یــاخیبووە کوردەکانی دێرسیم و مووسڵ[١١٠] پێکهاتبوو. لەگەڵ شۆڕشی تورکە-لاوەکان ١٩٠٨دا، هۆزە عەلەویەکان هەروەك ئەرمەنیەکان - لەم کاتەدا- پێشوازییان لـە شـۆڕش کـرد دژ بـە سـوڵتان عەبدولحەمیـد، لەکاتێکدا لـەم دەمـە کـوردە سوننیەکان جاڕی شۆڕشیان هەڵدا دژ بە تورکە-لاوەکان[١١١]. دێرسیمیەکان زۆر بە پەرتەوازەییەوە بەشداری جەنگیان کرد. ئەوان هێشتا کەمتر بەشیان لــە ڕەشــەکوژی ئەرمەنیەکانــدا هەیــە کــە ساڵی ١٩١٥ لەلایــەن حکوومــەتی تورکــە- لاوەکانــەوە ڕێــك خــرا. بەپێــچەوانەوە، دێرســیم ڕۆڵــی زەوی پەناهەندەی گێڕا. گازارۆس دو ئەلیکسانیەن ئەو خودی خۆی چەند ماوە لەوێدا پەناهەندە بووە و نووسیوویە:**

www.zheen.org

[١٠٩]Garo Sasuni, *Kurt ulusal hareketleri ve Ermeni – Kurt illiskileri*: Stockholm ١٩٨٦ (١٩٢- ٣١), p. ١٢١.

**هەروەها بنۆڕە ل (١٥٣) هەروەها ئەرمەنیەکانی دیکە لەم ڕۆڵەدا هاوڕان. بنۆرە کاری تازەی:**
A. Ter Minassian, *La republique d´Armenie* ١٩١٨ – ١٩٩٢, p. ٥٩. Karl Meyer

[١١٠] Mustafa Sonmez Dogu Anadolu nun hikayesi; Ankara ١٩٩٠, p. ٨٣.

[١١١] **Van Bruinessen, Vom Osmanismus, op cit, p. ١٢٣. Rouben, op. cit., chap ١٨- ٢٠.**

**"ژمارە یەکی زۆری ئەرمەنی ڕزگار بوو لەنا و هەموو دێرسیمدا دەبینران، ئەوان لەوێدا دووبارە لەنا و کوردەکان تێهەڵچوونەوە نا و ژیان"[112].**

**بەقسەی نووری دێرسیمی ٣٦٠٠٠ ئەرمەنی لەلایەن دێرسیمیەکانەوە ڕزگار کران کە ئەمە بوو بەهۆی ڕەخنەی توندوتیژ لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە.[113] لەگەڵ ئەوەشدا دێرسیمیەکان نەیانتوانی پلانی ئەرمەنستانێکی گەورە قەبووڵ بکەن کە بەشێکی گەورەی ئەنادۆڵی ڕۆژهەلاتی دەگرتەوە. بۆ ئەم مەبەستە ساڵی ١٩١٨ [114] ئەوان لەگەڵ موراد پاشای سەرۆکی سوپای ئەرمەنیەکاندا یەکرا نەبوون. ئەوان هەر هەمان ئەم هەڵوێستەشیان بۆ مستەفا کەمال دووبارە کردەوە[115].**

**ڕەنگە بێ کەڵك نەبێ ئەوە یاد بکرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری کوردەکان – نەك تەنها شۆڕشگێڕەکان کە شۆڕشەکە لە بۆتانەوە تا دێرسیمی دەگرتەوە – دوو ساڵ دوای جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٧دا چارەنووسێکی هاوچەشنی دڕندایەتی ڕاگوێزان و**

www.zheen.org

---

112 J. der Alexanian, op. cit., p. ١٣٢ – ١٤٤.

بەگوێرەی چەند شایەتێك، عەلەویەکان زۆر سەختتر سزای ئەو بێدادیانەیان داوە کە دژ بە هاوسێ ئەرمەنەکانیان کراوە وەك لەوەی دژ بە ها و ئاییینیەکانیان کراوە.

Bridogan, op. cit., p. ٣٧٧ – ٣٨٨.

113 Nuri Dersimi, Hatiratim, p. ٤٢ et Kurdistan… op cit, p. ٤١- ٤٢.

نووری دێرسیمی هەروا ئیشارە بە پارتیزانە ئەرمەنیەکان دەکات، لەناویاندا ڕۆبین شیشمانیانی بەنێوبانگ کە سوودیان لە مافی پەنابەری خۆیان وەرگرتبوو لە دێرسیم.

114 عەلیشێر لە ژانڤیەی ١٩١٨ لە ئەرزەڕۆم چاوی بە موراد پاشا کەوتبوو

N. Dersimi, Kurdistan. Cit., p. ١٢٣.

115 N.Dersimi, Kurdistan. Op. cit., p. ١٢٣.

قڕکردنیان بەخۆیانەوە بینی[١١٦]. چوار ساڵ دواتر لەئاداری ١٩٢١دا، لە نوژەنەوە لەناو گەرمەی شۆڕشدا، کوردەکان تەلگرافێکیان بۆ ئەنقەرە لێدا کە ئەوان دەزانن حکومەتی تورك نیازی وایە ئەوانیش وەکوو ئەرمەنیەکان قەلاچۆ بکات[١١٧]. ڕەحمی ئاپاك دەنووسێ:

"دەمگوێ ئەوەی تورکەکان کوردەکان وەکو ئەرمەنیەکان قەلاچۆ دەکەن لە هەموو لایەکی ئەم ناوچەیەوە دەنگی دایەوە"[١١٨].

بە قسەی نووری دێرسیمی، نووری پاشای سەرکردەی ئۆردووی ناوەند، زۆرجاران ئەوەی دووبارە دەبڕیبوو:

"ئێمە لە تورکیا ئەوەی دەڵێ زۆ zo (مەبەست لە ئەرمەنیەکانە) قڕمان تێخست، بە هەمان شێوە ئەوەی بڵێ لۆ lo (کوردەکانی دێرسیم کە زۆربەیان بە زازاکی قسە دەکەن ) لە ڕیشەیان هەڵدەکێشین"[١١٩].

دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی قۆچگیری لە٣ تا ٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا (بنەڕە بەشی یەکەم). ڕاگوێزان و قڕتێخستنی کوردەکان وەکوو ئەرمەنیەکان سەدایەکی زۆری لە وتوێژکانی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیدا لە ئەنقەرە دایەوە. شۆڕشگێڕەکان ئەو بیرەیان بلاوکردەوە کە کوردەکانی عەلەوی وەکو ئەرمەنیەکان ڕادەگوێزنەوە، ئەمە بەشداری لە پەرەسەندنی ڕاپەڕینەکەدا کرد[١٢٠]. مولازمێك لەکاتی تێپەڕبوونی بە

---

[١١٦] J. des Alexanian op. ی ئەرمەنی سەربوردەکەی لە کتێبی Gazaros des Alexanian گێڕاوەتەوە. cit. p. ١٣٢ – ١٤٤.

[١١٧] Apak, op cit., p. ١٥٥. بگەڕێوە Olson, op. cit.

[١١٨] Apak, op. cit., p. ١٥٤.

[١١٩] N. Dersimi, *Kurdistan. op. cit* .p ١٥٨

[١٢٠] پەرلەمانتێر فەوزی ئەفەندی لە ئەرزەنجان. TBMM: G.C.Z.P.٢٥٢

ئومرانییێدا گوتبووی (وەکوو ئەرمەنیەکان بەتەواوی قڕتان دەکەم) ئەمە ترسـی خـستبوە نـاو دڵـی کوردەکـانی ناوچـەکە[121]. لـە ڕۆژنامـە کوردیەکانـدا کـە لـە دێرسـیم بڵاودەکرانـەوە، کوردیـان بـە ئەرمەنیـەکان بـەراورد کـردووە[122]. دەمگـۆی ئـەوەی "ئـەوان وەکـوو ئەرمەنیـەکان قورگمان دەبڕن" بڵاو بووبۆوە[123]. ئەوەی لە ئومرانیێ کرا بە بیانووی تۆڵەسەندنەوە، لەو ڕادەیەدا بوو کە تەنانەت بەربەرە ئافریکاییەکانیش قەبووڵی نەکەن و ئەمە دێرسیمیەکانی ترساندبوو. تۆقاندنێکی ئاوها، هـەتا دژ بـە ئەرمەنیـەکانیش نـەکرا[124]. ڕاستیەکەی وێـڕای ئـەوەش کـە ئەرمەنیـەکان پـەلاماری ئـەرزەنجانیان دا[125]، کەچی هێشتا تۆقاندنێکی

[121] پەرلەمانتێر ئەمین بەگ لە ئەزەربجان ٢٦٩ .TBMM: G.Z.P

[122] پەرلەمانتێر ئەمین بەگ لە ئەزەربجان TBMM: G.C.Z.P.٢٧٠

[123] پەرلەمانتێر حاجی ئەحمەد ئەفەندی لە کوش TBMM: G.C.Z.P.٢٥٢

[124] پەرلەمانتێر ئەمین بەگ لەئەزەربجان. TBMM: G.C.Z.P.٢٧٠

[125] پەرلەمانتێر خەیری بەگ لەدێرسیم.TBMM: G.C.Z.P.٢٧٠

بەراوردکردنی کـورد بـە ئەرمەنیەکانـەوە هێشتا جارێکی دیکـە دوای پـانزە سـاڵ لـەماوەی ڕاپـەڕینی دێرسـیم ١٩٣٦- ٣٨دا دووبـارە کرایـەوە. " هۆزەکـان خیانـەتیان لەگەڵدا کـردین، هیچ کەس کۆمەکمان پێناکات، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەن ئەگەر ئەوان (سەربازەکان) ئێمە لەنا و دەبەن، ئەوان گەرووتان دەبڕن وەکوو ئەرمەنیەکان، ئەم خیانەتە واز لێبهێنن" Bulut, op. cit, p. ١٨٩ هەروا ڕاپۆرتەکەی خالیس پاشا، لا:١٤٣ ئەم ترسە تەئکید دەکاتەوە. تەجرەبەی جەرگبڕ بە بەراورد لەگەڵ ئەرمەنیەکان بێگومـان تـەنها دێرسـیمیەکان ناگرێتـەوە. لـە هـەوەڵین کۆنگرەی ئازادیدا، ساڵی ١٩٢٤، شێخ سەعید بەڵگەی هێنایەوە، وتی چاکترە داوای یارمەتی لـە کافرەکـان بکـەین وەك لـەوەی هـەمان چارەنووسـی ئەرمەنیـەکان بـچێژین. Van Bruinessen, Agha.. op cit., p. ٤٠٤. نووری پاشا، سەرکردەی ڕاپەڕینی ئارارات لەسەر ئەوە یەکرایە کە تورکەکان دەیانەوێ کوردەکان "بەتەواوی هـەروەك ئەرمەنیـەکان قڕ بکـەن" Ihsan Nuri Pasa, *Agridagi Isyani*, Istanbul, ١٩٩٢, p٤٩.

ئاوەهــا دژ بــە ئەرمەنیــەکان نــەکرا. بــە لەبەرچــاوگرتنی پێوەنــدی دۆســـتانەو تێکـــەڵاوی دێرســـیمیەکان و ئەرمەنـــەکان، مـــۆتیڤی تۆڵەکردنەوەی ئەرمەنیەکان -وەك دەردەکەوێ- لۆژیکە. من تـەنها یـەك سەرچاوەم لەبەر دەستە: عـەلی کـەمال هـەواڵی ئـەوەمان بـۆ دەدات کـە گروپێکی بیست شۆڕشگێڕی دێرسیم لـەنێوان ئـەو چـەند هـەزارەدا کـە هێرشـیان کـردە سـەر ویلایـەتی سـیواس، بـەو نیـازە بـوون خۆیـان بگەیەننـــە ئەنقـــەرە. دەشـــێ وێرانکردنـــی گونـــدێکی چـــکۆلانە و شەهیدبوونی خەڵکەکەی، ئەوە ڕەوا بکەن کە بڵێن: ئەوەی ئێوە دژ بە ئەرمەنیەکان کردتان ئێمە تۆڵەیان دەسەنینەوە ![126].

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[126] Ali Kemali, Erzincan Tarihi; ن. ; هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠ (لە Bulut سێڤگین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧ وەرگیراوەتەوە)

### ٢ . ٣. ئیماژی یاخیبووی دێرسیمی عەلەوی

وێڕای ئەوەی مێژووی دێرسیم کەمی لێ کۆڵراوەتەوە، کەچی چەند نووسیاری جیاواز[١٢٧] لەسەر ئەم خاڵە یەکدەنگن کە: ئەم ناوچەیە لە زۆر زووەوە تەنها بە ڕووکەش بەشێك بووە لە ئیمپڕاتۆریای عوسمانیو، لە زۆربەی جاریشدا دێرسیم هەر بەتەواوی خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بووە. ئەمە بەتەواوی مانای ئەوەیە دێرسیم باجی نەداوە و سوپای داواکراوی بۆ دەوڵەت نەناردووە.

ئەگەر لەگەڵ ڕووداونووسەکانیش پێی بڵێین "یاخیبوو" ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە دێرسیم باجی نەداوە و هاوپشتی سەربازی ڕەت کردۆتەوە، وەختایەك حکوومەتی ناوەندی داوای لێکردووە[١٢٨]. ڕاستیەکەی دێرسیم خۆی لەناو یاخیبوونێکی بێلێبڕاندا بینیوەتەوە[١٢٩]. لەلایەنی ڕابووردووی قزڵباشیانەوە بە تەك

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٢٧] Ali Kemali;
(لە Bulut ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥ یان٧٥ـ ٩٣ N. Derimi, Kudistan, p.
یاوەکو Van Bruinessen, Genocide in Kurdistan, Hatlrutim; p. ١٧٣ (بەشی دێرسیم: ژینۆسیدێکی تەواو لەبیرکراو: ١٩٣٧ ـ ٣٨)

[١٢٨] Van Bruinessen, Agha, Scheich und Staat, p. ١٧١ et ٢٠٨.

[١٢٩] هەوڵ و تەقەلای دەوڵەتی عوسمانی بۆ خزینە ناو دێرسیم لە ماوەی ڕیفۆرمەکاندا توندتر بوو، بەتایبەتی لەژێر حوکمڕانی عەبدولحەمید و تورکە-لاوەکاندا، بەگوێرەی لێکدانەوەیەك کە Molyneux-Seel لەبارەی ئەنجامەکانی لەشکرکێشیە سەربازیەکانی ساڵی ١٩٠٨ بەدەستیەوە داون، وا دەردەکەوێ زیدەڕۆیی تێدا کردووە. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١): "... دواجار دێرسیمیەکان لە سۆنگەی ملکەچبوونێکی تەواوەوە، کەم بوونەوە. ئاواییەکانیان خاپوورکران، مێگەلەکانیان دەستیان بەسەر داگیرا و لە ڕەوشێکی

سەفەویەکانەوە، هەروا لەلایەکی دیکەشەوە وەستانیان دژ بە میرنشینە کوردیە سوننیەکان کە دەیانویست لەژێر بالاًدەستی عوسمانییەوە لە دوای شکستی شا سمایل لە جەنگی چالًدێران ۱٥۱٥ *ـەوە خۆیان بنیات بنێنەوە. بەلاًم دێرسیمیەکان خۆیان لە دەرەوەی پێکرانی دەسەلاًتگیری ئەوان بینییەوە[۱۳۰]. ئەوە تەنها لە سالًەکانی سی بوو کە دەولًەتی تورکیای کەمالیست، بە پشتبەستن بە سوپا و تۆپ و فڕۆکەو بە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕقەبەر و هۆشیار بەرامبەر بە"پەیامە مێژووییەکەی"، بەرگری لەم ناوچە چیاییە- پەناهێنەدا شکاند، لەگەلً تێرمی ئەو کاتدا پەیامی خۆی لە مۆدێرنیزەکردن و بەشارستانیکردنی خەلًکانێکی دواکەوتوو، نەخوێندەوار و چەوساوەدا لەلایەن ئاغاکانیان و دێدێکانیانەوە[۱۳۱] بە ئەنجام گەیاند.

دێرسیم (ناوچەی تونجەلی) تا ڕۆژی ئەمڕۆمان ناو و شۆڕەتێکی نێوەڕاستانەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوە بەسە قسە لەگەلً ژمارەیەك

www.zheen.org

---

تەواو هەژاریدا مانەوە" کۆلًۆنێلێکی سەرکردەی سوپایی Burhan Ozkok سەربردەی ڕەوشی دێرسیم لە سالًەکانی ۱۹۰۷- ۱۹۱۷دا لە کتێبی *Osmanlilar devrinde Dersim isyanlari* Istanbul ۱۹۳۷ دا دەگێڕێتەوە.

* ڕاستیەکەی جەنگی چالًدێران لە ۲۳ی ئووتی ۱٥۱٤ ڕووی داوە (وەرگێڕ).

[۱۳۰] N. Dersimi, Kurdistan, p. cit., ۷۷-۷۸.

[۱۳۱] لەنێوان ژمارەگەلێك نموونەدا:

Buyuk Erkani Reisininmutalalar, in: Bulut, op cit., p. ۱۳۹ -۱٤۱ Turk Nasit Ansiklopedisi, Ankara ۱۹٦٥ Ulug, (بابەتی دێرسیێم) هەروا کتێبەکەی:

Tunceli Medeniyete aciliyar, Istanbul ۱۹۳۹.

خەڵکی ڕۆژئاوای تورکیادا بکەین بۆ ئەوەی بەڵگەمان هەبێ. هەروا دایك و باوکی پەڕیوەی تونجەلیش هەن کە داوا دەکەن داخۆ بۆچی دەبێ منداڵەکانیان چاکتر نەبێ کە کاغەزەکانیان شوێنێکی دیکەی لەدایکبوونیان بەسەرەوە بێ.

"کوردی دانیشتووی دێرسیم زۆربەیان گەورە و کێوی هۆزی خوزیل باشەکانن".

ئەوە ئەرمەنییەکە ئەم وشانەی نووسیوە[١٣٢]، ساڵی ١٨٩٨ لە ناوچەی خارپووت، لە ئەلعەزی هاوسێی دێرسیم، لەدایك بووە. بۆ ئەو زۆر پڕ مەترسی بوو بۆ ماوەی سێ سەعات سەرەڕۆیانە بەناو ڕێگەیەکی چیایی بەناوبانگی ترسناکدا ڕێگە ببڕێ کە لەژێر دەستی بەشێکی هۆزە کوردییە کێویەکانی حوزێل باشەکاندا بوو[١٣٣]. کەوایە دەبێ چ ئیماژێك بتوانێ خۆی لە خەیاڵی خەڵکیدا وێنابکات بەوەی کە دێرسیم ناوچەیەکی زۆر سەیرو سەمەرە بووە[١٣٤]. بۆ پرۆپاگەندەی کەمالیست قورس نەبوو پێ لەسەر ڕاوڕووت دابگرێ لەو ناوچەیەی کە تورکەکان زۆر کەم سەردانی ئەم ناوچەیە دەکەن. جگە لەوە خەڵك خۆی

---

[١٣٢] گازارۆس دێر ئەلیکسانین سەبردەکە لە کتێبی: Junces dhes Alexanian, Le ciel etait noir sur sur I Eusphrate Paris ١٩٨٨, p. ٣٣٨ – ٣٣٩.

[١٣٣] J des Alexanian, کوڕی تایین op. cit., p. ٧٩.

[١٣٤] هەتاوەکو ئەتاشەی سەربازی باڵوێزخانەی فەرەنساش لەلایەن بابی عالییەوە لە هەواڵێکدا ساڵی ١٩٠١ بۆ وەزیری جەنگی ناردووە بۆ پاریس، لەبارەی کردە "ڕێگریەکان" و "یاخیبوونەکان"ی دێرسیمیەوە هەواڵدەدات کە دەقاق‌ودەق لەلایەن سوارەی حەمیدییەوە جێبەجێکراون. ئەرشیفی سەربازی، قەڵای ڤانسێن .N ١٦٣٣٧ )

بەدەست نائارامییەوە داد و بێدادی بوو :[١٣٥] ڕاستیەکەی ژمارەیەك تاوانکار لە ناوچە هاوسێیەکانی دێرسیمدا هەبوون، دەگەڕان پەنا ببەنە بەر دێرسیم بۆ ڕزگاربوون لە دەستی دادوەری. جا لە نوختە خاڵی شەرەفمەندییەوە، هەر ئاغایەك (سەرۆکهۆزێك) ئەو پیاوانەی کە پەنایان بۆ دەبردن، بە دەوڵەتیان نەدەدانەوە[١٣٦] ....ف. دۆغان خۆی ئیشارەت بەوە دەکات کە زۆربەی جار ئەو ڕێگرانە خۆیان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا ئالیکاری سوپایان دەکرد[١٣٧].

پەرلەمانتێر حەسەن خەیری بەگ (پەرلەمانتێری دێرسیم) وا حوکم دەدات کە پێویستە لەبەردەم پەرلەماندا بەرگری لە هاونیشتمانیەکانی خۆی بکاتو ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی ڕاوڕووت لەم ناوچەیە بڵاوبووەتەوە: گاورە چەوساوەکان ناچار بوون بدەنە شاخەکان، لەو بازرگانییـــە کەمەشـــدا کـــە لەگـــەڵ دەرەوەدا پـــەرەی ســـەند، دەیانچەوساندنەوە، چونکە ئەوان کورد بوون. ئەو چەردە بەرهەمە کەمەی هەشیانبوو دەیاندانێ: مەڕ، بزنو بەروبوومەکانی شیر "بۆ ئەم مەبەستە ڕێگری لە ناوچەی دێرسیم بڵاوەی کرد و زیانێکی زۆری لێوە پەیدابوو. بەڵام وێڕای ئەمانەش، دێرسیم نە لە کۆمیونیتەی ئیسلامی

---

[١٣٥] Bulut, op. cit., p. ١٨٣.

[١٣٦] مافی پەناهەندیی مافێکی پیرۆزە، بە کوردی بەخت (baht)ی پێدەلێن بنۆڕە:
N. Derimi, *Kurdistan,* p. cit., ٤١- ٤٢. Ali Kemali, *Erzincan , Tarihi*, (op. cit., p. ٧١٠ Bulut,)

[١٣٧] لەو گەواهینامانەی کە لەلایەن Bulut, OP. CIT., P. ١٨٣ کۆکراوەنەتەوە.



www.zheen.org

جـودا بـۆوە و نــە ئــەو مەبەستەشــی هــەبوە.[138] پێویــستە ئــەوەش بهێنینـەوە یـاد کـە عەلەویـەکان بـە درێـژایی سـەدەکان لەگـەڵ دەوڵـەتی سوننیدا لەکێشەدا بـوون و، ئەمـە زۆربـەی جـار پەلکێشی کـردوون بـۆ ململانێی قڕتێخستن.

"لـەم حاڵەتـە تـەواو دەستنیـشانکراوەدا، ئـایین هێـشتا هـەروەك چەكێكی خەبات دەمێنێتەوە، كە لەم كلاوڕۆژنەیەوە ترادسیۆنی ئیمام عـەلی و ترادسـیۆنی نـاوخۆیی، وەكـوو پـیر سـوڵتان عەبـدال، لەگـەڵ یەكتریـدا یـەك كولتـوور و یـەك پەرسـتنی پـیرۆز و فیـداكار دروسـت دەكەن"[139].

ساڵی ١٩١٦ لە ترسی کوشتارێکی وەك ئەرمەنیەکان و بۆ ئەوەی کوشتارێکی ئاوەها لەدژی ئەوانیش نەکرێ، چەند هـۆزێکی کوردی-عەلەوی لە دێرسیم خۆیان گەیاندە دوزگون بابە لـە ڕۆژهـەڵاتی دێرسیم کـە لـەژێر کـۆنترۆڵی سـەیدێکدا بـوو، بـۆ ئۆرگـانیزەکردنی هێرشـێکی خۆپارێزی دژ بە ئۆردوەکانی عوسمانی لە دەوروبەری ناوچەکەدا[140]. سـاڵی ١٩٢٠ کۆبوونەوەیـەکی گرینگـی خۆسـازدان بـۆ ڕاپـەڕینی قۆچگیری لـە تەکیـەی حوسـێن عەبـداڵ لـە یالیجـەی ناوچـەی کانگـال دیڤرکی شـوێنی کۆبوونـەوە بـوون کـە لـەوێوە خـەباتکارەکان بەتایبـەت

[138] TBMM. G.C.Z.P.٢٥٣.

[139] H.Bozarslan, *le probleme kurde*, op.cit., p.١٥٣.

[140] هێزەکـانی عوسمـانی کـە دژەهێرشـیان دەسـت پێکـرد بـە ڕوویێکـی بـەرفرەوان کـوردە شافیعیەکانی زازایان سەربازگیر کردبوو. Bumke, *The Kurdish Alevi.., op. cit.*, p. ٥١٤

**عەلیشێر بیری کوردستانێکی ئازاد و پێویستی بوونی خەباتی چەکداریان دەردەبڕی،[١٤١] گۆرانیو شیعر بەهایەکی بەرزیان بە کوردستان داوە بەتایبەت لە کولتووری زارەکیدا، تا ئێستەش زۆر کەم لە هۆنراوەکانی ڕاپەڕینی قۆچگیری ڕزگار کراون.[١٤٢] عەلیشێر، شاعیری کارامە تەلمیحێکی allusion لەنێوان عەلی و سومبولەکانی عەلەویدا کردووە:**

**ئێن کو سوند دخۆن ب سێڤێ**
**ب زولفقار و مورتەزا یێ**
**ژ پاشڤە تێل کشاندن**
**گوتن ئەم بیا رێگر ناکن**

*

**دلۆ یەمان، یەمان، یەمان**
**چیایان گرتۆ بەرف و دومان**
**مەرا بێشن شاهێ مەردان**
**ئەو دەرمانێ هەمو دەردان.[١٤٣]**

www.zheen.org

[١٤١] Sahin op. cit., p. ٥٤٥.

**پێش هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی ١٩٣٧- ١٩٣٨، سەید ڕەزا لەگەڵ کۆمەڵێك سەرەکهۆزدا زیارەتی ئاوایی هایڤۆرییان کرد بۆ خواردنەوەی ئاوی پیرۆزی ئەم ناوچەیە بۆ بەڵێندان بەوەی کە خەبات بکەن تا کۆتایی** Ebubekir Pamukcu. Dersim zaza ayaklaninasin tarihsel kukenleri. Istanbul ١٩٩٢, p. ١٢٣.

[١٤٢] **نووری دێرسیمی ئاخ بۆ ئەوە هەڵدەکێشێ کە نەیتوانیوە هۆنراوەکانی باوکی کۆبکاتەوە پێش هەڵاتنی "بیرەوەریەکانم"، ل٢٧.**

[١٤٣] Cemil, op cit, p. ٨١ – ٨٢ et N. Dersimi: Hatiratim, p. ١١٢; Kurdistan.. p. ١٥٥.

زولفەقار، شمشێری عەلی، سێوی لەتکراو و دابەشکراو لەنێوان ئەوانەدا کە سوێند دەخۆن، بانگەواز بۆ عەلی وەکوو پاشای خودایی، شوێنکاری زۆر بەهێزی عەلەوین و، بەلایەنی کەمییەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خەباتی قزڵباشەکان لە سەدەی شانزەهەمدا و عەلیشێر دووبارە وەریگرتوونەتەوەو کردوونی بە سوێندخواردن لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا لەسەر شمشێر کە ئەمە نواندنی زولفەقارە و دەبێتە پاڕانەوەیەك لە خواردنی سێوی لەتکراو لەلایەن زولفەقارەوە، هەروا لە نوێژەکانی فاتیمەی هاوسەری عەلییەوە[144]. ئێمە نابێ زێدەڕۆیی لە چەمکە هاوتایەکانی ئاییندا بکەین: لەم هۆنراوەیەی عەلیشێردا ئایین لە دوا چارەگی چوارینەکەو گۆرانیەکەدا ئامادەیە، لە هۆنراوەیەکی دیکەی عەلیشێر Sefil Gazi Asik تەنها لەپێش دوایەمین بەیتی هۆنراوەکەدا[145] لاواندنەوەیەك بۆ خوا دەبینین. لە سەرێکی دیکەوە مۆتیڤی نەتەوەیش هەروا لەم هۆنراوەیەدا ئامادەیە[146]. دوا بڕگەی ئەم هۆنراوەیە بە تورکییە، گۆرانیەکە بە کورمانجییە[147]. ئەمە بێگومان ئەوە دەسەلمێنێ کە بزووتنەوەی قۆچگیری دێرسیم نە لەڕووی زمان و نە لەڕووی ئیتنیکییەوە هاویەك نەبوە. (پرسیارێك لێرەدا خۆی دەهێنێتەوە پێشەوە: لە چ هەلومەرجێکدا عەلەوێتی بووە بە ئیتنیەکی تایبەتی) . ئێمە (لە بەشی

[144] ئەمە کورتکردنەوە و راگوێزتنەوەی هەڵبژاردەیەکی نوری دێرسیمەی‌یە لە کتێبی بیرەوەریەکانمدا، ل ١١٢.

[145] Elbet Mevlum, bize bir firat verir/ Eser ilgit yeli kockirin" Muslum Erdogan, op. cit., p. ١٧٣.

[146] هەروەها لە بڕگەی strophe سێیەمی هۆنراوەکەدا لەسەرەوە ئاوا وەسف کراوە:
Kurdistanin ordulari/ kahr ettiler barbartan/ vatan icin oleceğiz/ istemeyiz mogollari. ناسیۆنالیستە تورکەکان خۆیان مەنگۆلەکان دەناسنەوە.

[147] عەلیشێر هۆنراوەکانی بە زمانی تورکی، کورمانجی و کەمتر بە زازاکی نووسیوە.



بنکەی ژین
www.zheen.org

**یەکەمدا) ئیشارەمان بەوە دا کە زۆر لە ئاواییە تورکمانەکانیش هاوپشتییان لە بزوتنەوەکە کردووە و عەلیشێر بۆ هاندانی ئەوانیش: واتە تورکەکان کاری کردووە[١٤٨].**

## دێرسیمیەکان لە هەمبەر
## سێنترالیزاسیۆن و ناسیۆنالیزمدا

**لە پێداچوونەوەمدا، بە پشت بەستن بە مارتن ڤان برۆینسن کە ڕۆلی تایبەتی شێخەکانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە کۆمەڵگەی کوردی سوننیداو هەروا پێوەندییان بە یاخیبوونە ناسیۆنالیستەکانەوە کۆڵیوەتەوە[١٤٩]، بە کورتی ئەم ئەنجامانەی خوارەوە هەڵدەهێنجم:**

**- هەڵوەشاندنەوەی میرنشینە کوردییەکان لە دوای ڕیفۆرمەکان و سێنترالیزەکردنی ئیمپڕاتۆریای عوسمانی، ڕۆڵی گرنگی شێخەکانی وەکو ناوەندیکار** mediateur **لەناو عەشیرەتەکاندا هێنایە پێشەوە.**

**– فشاری سیاسەتی دەرەوە– (لەلایەن هێزە مەسیحیەکانەوە) بە چاکەی ئەرمەنەکان و ئامادەبوونی نێردە ئاینیە ڕۆژئاواییەکان لە**

www.zheen.org

---

[١٤٨] Sahin m op, cit., p. ٤٥٢.

**ئاساییە ئەم تورکمانانە خۆیان وەکو کورد بناسێنن، خەڵکانێکی گوندێکی نزیك ئەرزەنجان کە وەکوو تورکمان خۆیان حسێب دەکەن، بە منیان گوت ئەوان بە خۆیان دەڵێن (کورد).**

[١٤٩] Martin van Bruinessen; Agha,…

**بەشی چوارەموپێنجەم، هەروا گوتارەکەی:** vom Osmanismus, op. cit., pp. ١٠٩, ١٦٥.

ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا شکایەوە و، گرژی نێوان کورد و ئەرمەنیەکانی زێدەتر کرد و، ڕۆڵی سەرۆکە ئاینیە مەسیحیەکانی سەقامگیر کرد.

– ڕیفۆرمەکان کە بەشێوەیەکی دیکە بە ئامانجی پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان بوون، زۆربەی جار بۆ پاراستنی جووتکارە مەسیحیەکانی سەر بە ئاغا کوردەکان بوون کە دەبوو سەرانە بە ئاغا کوردەکان بدەن. ئەم کەمینە نەتەوەییانە، بە دەست لەپشتدانی هێزە مەسیحیەکان، ڕەتیانکردوە سەرانەی خۆیان بدەن.

– ڕیفۆرمەکان، هەروەك نفووزی هێزە مەسیحیەکان، کە دەیەویست باڵادەستیو ئیمتیازاتەکانیان بخەنە ژێر پرسیارەوە، لەماوەی سەدەی نۆزدەهەمدا سیاچارەییان بۆ کوردەکان هێنایە پێشەوە. شێخەکان[150] بوون بە دەمڕاست و، سەرەداوی ئەم ڕەوشە نوێیەیان بەدەستەوەگرت. لە چ ڕەوشێکداو بۆچی ڕەوشی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم جوداوازتر بوو؟

– لە دێرسیم، نە ئەم سیاچارەییە هاوچەشنەیە و نە شێخیش هەبوون بۆ چارەسەرکردنی ڕەوشەکە. پێش کەمالیستەکان، وێڕای هەوڵدانی هەمەجۆری دەوڵەت بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی ناوەند، کەسێك نەیتوانی بەڕاستی ستاتووی مۆدی چیایی تایبەت لە دێرسیم بخاتە ژێر پرسیارەوە. چیای مکومی تەواو لەگەڵ ژمارەیەك سەرکەوتندا

[150] دەرهەق بە سوارەی حەمیدییە، پێویستە هاوپشتی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ ئیسلام بەگشتی و بۆ مەقامە ئایینیەکان بەتایبەتی لەبەرچاو بگیرێن، بگەڕێوە بۆ:

F. Georgeon, *Le dernier sursaut ١٨٧٨ –١٩٠٨*, in R. Mantran, *Histoire de Empire Ottoman*; Paris ١٩٨٩, p. ٥٢٣ –٥٢٤.

بەرگرییان لە هەوڵەکانی بەناوەندیکردنی عوسمانی و تورکە-لاوەکان دەکرد لەسەر خاکی خۆیاندا.

- مسیۆنێرە ئایینیە ڕۆژئاواییەکان لە دێرسیم نیشتەجێ نەبوون. دێرسیمیەکان ئەو هەستەشیان نەبوو کە فشاری سیاسەتی دەرەوە بە قازانجی ئەرمەنیەکانە (ئەم ڕەوشە لەڕاستیدا هەر دواتر وەختایەك پلانی"ئەرمەنستانێکی گەورە" هاتە ئاراوە گۆڕا).
- ڕۆژئاوا نەیتوانێ دەسڕۆییەکی بەتایبەت لەم ناوچەیەدا هەبێ، بۆیە ئەو بەم شوێنەوە سەرقاڵ نەبوو.
- سیستمی سەرانەی زەویدارەکان، وادەردەکەوێ بە بەراورد کەمتر پێش کەوتبێ.

قزڵباشە-عەلەویەکانی دێرسیم لە چیا پەناهێنەکانی دێرسیمدا دژ بە هەر پێکرانێکی ناسنامەی خۆیان، ناکۆکیەکانی خۆیان دەخستە لاوە. دێرسیمیەکان، نەك تەنها لەڕووی بەڕێوەبەرایەتی عوسمانییەوە، بەڵکو هەروا لەڕووی ڕێکخستنی بەکتاشەکانیشەوە، زۆر سەربەخۆ بوون. ئۆرگانی عەلەوی لە دێرسیم زۆر بە لاوازی بە ئۆرگانی بەکتاشەکانەوە بەسترابۆوە. وا دەردەکەوێ دێدەی دێرسیم دەسەڵاتگیرییەکی بنەڕەتی لای عەلەویەکانی ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵ هەبووبێ[151]. ئەم وتانەی چەلەبی جەمالەدین ئەفەندی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ نووری دێرسیمی زۆر پڕمانان:

"ئەوە چەند سەدەیەکە باوباپیرانم حاجی بەکتاش وەلی چەند مسیۆنێرێك دەنێرن بۆ ناوچەی دێرسیم، بۆ ئەوەی هۆزەکانی دێرسیم بەگوێرەی

---

[151] van Rensselaer, op. cit., p. ٣٤٥ et ٣٤٧; M. Sykes, op. cit., p ٥٧٢.

ڕێنوێنیەکانی بخەنە ناو (بەکتاشەکانەوە). بەڵام دوای ئەوەی ئەوان دەمرن، زەمەن دەڕوا و کوڕەکانیان بنەچەیان لەبیردەکەن‌و بەتەواوی دەبن بە کورد. ئەوانە بەگوێرەی ویست و بۆچوونیان، ئاینێك لە دەرەوەی عەقڵ و لۆژیك و ڕێنوێنی دروست دەکەن، کە دێرسیمیەکان شوێن پرەنسیپەکانیان دەکەون"[١٥٢].

ئەم نوماینەدە بەرزەی تەریقەتی بەکتاشەکان بە بێهودەیی هەوڵی دا دێرسیمیەکان لە جەنگەکانی (عوسمانیدا) بەشداری بکەن (بنۆڕە بەشی یەکەم). هیچ خاڵێکی نامەنتیقی بۆ دێرسیمیەکان نەبوو تا بەرگری لەخۆ بکەن دژ بە هێزی نوێی ناوەند کە کەمالیستەکانی دروست کرد. زیاد لەوەش، ئەمەیان بەرەو هەمان ئاستی "ناسیۆنالیستی تورکی شارستانیخوازی، کۆمیتەی ئیتحادو تەرەقی دەڕۆیشت، هێندێك لە ناسیۆنالیستە هەوەڵینەکانی تورك بە خۆیان دەوت بەکتاشی[١٥٣]. پێویستە ئیشارە بەوەش بدرێ کە بەشی زۆری

---

[١٥٢] چەلەبی جەمالەدین ئەفەندی، لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا، بەرزترین نوماینەدەی تەریقەتی بەکتاشەکان بوو، کە لە تەکیەی حاجی بەکتاشی ناو شارۆچکەیەکی سەر بە کیرشار نیشتەجێ بوون. حاجی بەکتاش خودی خۆی بەدەگمەن سەری لە دێرسیم داوە، بەڵام بەکتاشیەکان هەر لە سەدەی یانزەهەمەوە سەری دێرسیمیان داوە.
N. Dersimi, KÜrdistan. Op. cit., p. ١٠١.

[١٥٣] تیل ڕەزا تێپکیف لە نامەیەکدا کە هەروا ناوی تەلعەت پاشای لێنراوە (Ramsaur, The Young Turks, Princeton, ١٩٥٧, p. ١١٣. I n; E. E.) لەسۆنگەی ئەوەی حاجی بەکتاش وەلی خزمەتی سوپای ئینکشاری کردووە، قورسە بتوانین بەکتاشیزم بەگشتی وەك ئۆپۆزسیۆن دابنێین لەهەمبەر دەوڵەتدا، گەرچی سوپای ئینکشاری زۆر جاران یاخی دەبوون و زنجیرەی تەریقەتی بەکتاشی لە ساڵانی ١٨٢٦-١٩٠٨دا قەدەغە بوو و خزمەتی ئۆپۆزسیۆنی کرد دژ بە عەبدولحەمید.

عەلەویەکانی ئەنادۆڵ تورك بوون و خۆیان لەگەڵ ناوەندی حاجی بەکتاشدا دەبینیەوە[١٥٤]. بەگشتی هەڵویستێکی دژایەتی کەمالیزمیان وەرنەگرتبوو، بەپێچەوانەوە زۆر پشتگیریان لێوەکرد و هاوپشتی بوون" دوای داپڵۆسینی چەندین سەدە لەناو دەوڵەتێکی سونییدا (ئیمپڕاتۆریای عوسمانی) بەشوێن وەدەستخستنی زێتری دادوەری و یەکسانییەوە بوون لە مافەکاندا، وەك هاونیشتمانی دەوڵەتێکی لایك (کۆماری تورکیا). ئەمە هەروا ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی گوندە عەلەویەکانیش بوو کە لەناو گوندە سوننیەکاندا کەمینە بوون، یان لەو هۆزە لاوازانە بوون کە بە دەستی خەڵکانێکی لە خۆیان بەهێزتر دەچەوسانەوە و هیچ هیوایەکیان بە کوردستانێك نەبوو کە لەناو قەڵەمڕەوی سوننیەکاندا بێ[١٥٥]". مستەفا کەمال وەختایەك خۆی لە عەلەویەکان بەنزیك گرت و ئەودەم گفتی لایکیەتی پێدان، کاغەزێکی لە هەموان سەرکەوتووتری بەدەستەوە بوو. دەتوانین ئاڵۆزییەك لە ڕوانینی دووسەرەی dichtomie کوردی و تورکی لەناو عەلەویەکاندا بەرەوڕووی کەمالیزم دیاردی بکەین.

---

[١٥٤] Kehl – bodrogi, op. cit., p. ٤٥.

[١٥٥] سەچاوە زارەکیەکان (دوورنشینەکانی بال)ی ناوچەی ئەرزەنجان. ئەوە بە ڕێکەوت نییە کە فرات، کوڕی هۆزی کوردێکی عەلەویە هۆرمێکەکانە لە وارتۆ لەلایەن هۆزە کوردە سونییەکانی جبرانەوە وەدەرنران، دوایی بووبە مێژوو نوسێکی تەواو بەوەفا بۆ کەمالیستەکان. هۆرمێکەکان بۆ خۆدەربازکردن لە باڵادەستی جیبرانیەکانەوە کە لەساڵی ١٩١٨ەوە ئیمتیازاتی حەمیدیەیان هەبوو، هاوپشتی کەمالیستەکانیان کرد.

بەڵام ئەو پڕوپاگەندەیەی کە ساڵەکانی بەر لە هەڵوەشاندنەوەی خەلیفایەتی لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبووەوە، بەتایبەت لەناو زۆرینەی کوردە سوننیەکاندا دیار بوو. ئەم پڕوپاگەندەیە خەباتی هەموو موسڵمانەکانی دژ بە دەستدرێژی کافرەکان و یەکپارچەیی "هەرێمە تورکیەکان" ڕادەگەیاند و، لە هەمان کاتدا مافی بە کوردەکان دەدا و بۆ سەرۆکە کوردەکانیش پۆستی گرینگ، ئەمە سەرکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی. مارتن ڤان برۆینسن نووسیویە:

"کەمالیستەکان بانگەوازی برایەتی تورک – کوردیان بە چاودێری خەلیفە هەڵدا، کە لە هەموو بانگەوازە ناسیۆنالیستیەکانی کوردەکان سەرکەوتووتر بوو"[156]. هەروا ئەکرەم جەمیل پاشا، باسی کەسایەتیەکان دەکات و لەوە دەدوێ کە ناوچە کوردیەکان لەدوای کۆنگرەی ئەرزەڕۆم و سیواسەوە، بردەی سەرکردەی تورک بوون: ئەمە بە ئەنجام دەهێنێ:

"لەم دەورانەدا، تەنها سەرکردەکانی قۆچگیری هاوپشتی مستەفا کەمال نەبوون، چەکیان هەڵگرت و ناسنامەی کوردیبوونی خۆیان سەلماند"[157].

دینامیکی عەشیرەتگەری" تەنها لەوکاتەدا ڕێکخراو دەبێ کە بتوانێ لەگەڵ ئاخاوتنێکی discourse هەم ناسیۆنالیستی و هەم ئایینیدا یەکگرتوو بێ، وەك لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵا ساڵی ١٨٨٠، شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥و مستەفا بارزانیدا ساڵی ١٩٦١ وا کەوتەوە. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ناتوانێ هیچ بەرنگارییەکی گشتگیر و پشوودرێژ

[156]Van Bruinessen, *Vom Osmanismus. . , op. cit.*, p. ١٣٣.

[157]Ekrem Cemil, *Muhtasar Hayatim*, Ankara, ١٩٩٢ (١٩٨٩) p. ٣٨.

بکات "[١٥٨]. له ڕاپەڕینی قۆچگیریدا، بیرکردنەوەی ناسیۆنالیست خۆی خستبووە ناو دینامیکێکی تەواو عەشیرەتگەرییەوە. بەڵام ئەم دینامیکە خاوەنی ئاخاوتنێکی ئایینی بەرەنگاریکار نەبوو تا خەباتی چەکداری بەناوی ئاینییەوە بگرێتە دەست، بەڵکو هەموو هەوڵەکان دەگەڕانەوە بۆ سومبلی عەلەویەکان. تۆبڵێی ناسیۆنالیزم پێشتر جێگەی ئایینی گرتبێتەوە ؟ زۆر بەدەگمەن و کەمتر ئەو هێندەی عەلەویەکان، بە تایبەت دێرسیمیەکان، زێتر ڕەوتی ئەوەیان هەبوو کە بە ناسنامەکەیانەوە – لەڕووی کارپێکردنی بڕوایێکی نوێ و ئایدیاکانەوە– تێهەڵچنەوە و بەیەکجاری دەستبەرداری ئەو شێوەیە بن کە بۆ ماوەی چەندین سەدە بە پەنهانی دەریاندەبڕی. لەوانەیە بتوانین ئەوەش بڵێین کە قۆچگیریە–دێرسیمیەکان زۆر زوو تێگەیشتنێکی بەڵگەنەویستیان لە مۆنتالێتەی تورکە–لاوە کەمالیستەکان بەرامبەر بە هەرێمەکانی ڕۆژهەلات وەچنگ خستبوو. بۆ کورتکردنەوەی ئەم باسە، نموونەیەك لەم تێرمانەی خوارەوە وەردەگرین" ...

نە تەنها هەژموونی سەربازی، بەڵکو هەروا باڵادەستی ئایینی و سیاسیش زیندوون بۆ دواڕۆژمان"[١٥٩].

www.zheen.org

[١٥٨] Hamit Bozarslan, un nationalisme kurde? In; Epicard (Sous la dir de) La question kurde, paris ١٩٩١. p. ١٠٤.

[١٥٩] kâzim karabekir, *istiklal harbimiz,* istanbol ١٩٦٠, p. ١١٠٣-١١١٢;

H. bozarslan, le kamalisme et le probleme kurde, in; H. Hakim, *les kurdes par-de lal exode*, paris, ١٩٠٢, p. ٧٢.

"یانە کوردیەکان" کە لەدوای ساڵی ١٩١٨بەدواوە کەموزۆر لەناو هەموو شارە کوردیەکاندا کرانەوە، پێش هەرچی مەبەستیان ڕاگرتنی کوردایەتی و ئیسلامێتی شارە کوردیەکان[١٦٠]بوو، کوردە سوننیەکان هەر زوو بە بەڵێنی کەمالیستەکان دڵشاد بوون بەوەی کە ڕێز لە ئیسلامو برایەتی کورد و تورك دەگرن. بۆ زۆربەی کوردە سوننیەکان، قۆچگیری تەنها ڕاپەڕینێکی عەلەوی بوو کە ئەوان پشتیوانییان لەلا ئەرك نەبوو[١٦١]. هەرچی بۆ کۆمیونێتەی عەلەوی-کوردی دێرسیم بوو بانگەواز هەڵدانی ئیسلامێك کە حوکمی گاوری و بەچاو سووك سەیرکردنیان بدات، تەنها دەتوانێت خەباتیان پرجۆشتر بکات. یەکجار جەنگی سەربەخۆیی تورك سەرکەوت، کەمالیستەکان بەر لەهەرچی پەلاماری مۆدی ژیانی ئایینی کوردە سوننییەکانیان دا لە دەرەوەی دێرسیم، دە ساڵ پێش ئەوەی ناوچە کوردیە-عەلەویەکان تێكوپێك بدەن. بە لەبەرچاوگرتنی نموونەی قۆچگیری، ڕۆبەرت ئۆڵسن نووسیویە:

"دەکرێ ناسیۆنالیستە کوردەکان وانەیەکی گرینگ وەربگرن: شێخەکان وەك سەرۆکی ڕاپەڕین زۆر لە ئاغایەکان لاوازتر بوون، بازنەی پێکەوەبەندی سەروو عەشیرەتگەرییان بەتەواوی پێویستی بە دروستکردنی یەك یەکێتی بەرفرەوان هەبوو و . . . ئەوان زۆر ناسیۆنالیستتر بوون".

هەروا ئۆڵسن درێژەی پێدەدا و دوورتر دەڕوات:

---

[١٦٠] Hamit Bozarslan, *le probleme national kurde* .. op. cit., p. ٩٥.

[١٦١] بنۆڕە هەڵسەنگاندنەکانی ڤان برۆینسن، . . هەمان سەرچاوە، ل٤٠١.

**ڕۆڵەکە هەرچییەك بووبێ کە ئاینە جیاواز و زمانەکان لە ڕاپەڕینی قۆچگیری ١٩٢١دا گێڕایان، لە هەموو بارەکاندا زۆر لە ڕاپەڕینی ١٩٢٥ کەمتر پڕبایەخ بوون، ئەمە بۆ خۆی لاوازییەکە: ڕاپەڕینی سوننی– زازا– نەقشبەندی دەکرا لەڕووی هەژموونێتی ئایین و زمانەوە بەهێزترو یەکگرتووتر بێ[١٦٢].**

**منیش ئیتنێکی بۆ زێدە دەکەم. هەڵوێست بەرامبەر بە ئەرمەنیەکانو زۆر لۆژیکی تر هەردوو بزووتنەوەکە دەستنیشان دەکات. قۆچگیریەکانی دێرسیم هەر لە دەورانێکی زووەوە چارەنووسی خۆیان بە هی ئەرمەنیەکانەوە بەستبۆوە، بە نموونە عەلیشێر هانا بۆ پەیامبەرێکی ئەرمەنیەکان دەبات، ڕاپەڕینی شێخ سەعید ڕەهەندەکانی خۆی بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئەرمەنەکان وەرگرت. وێڕای ئەوەش کە داوای بەرگریی لە ئاییینی (سوننی) دەکرد ! [١٦٣]. ئەمە بەراورد بکە بە**

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[١٦٢] R.Olson, op.cit., p. ٣٥.

[١٦٣] R.Oison op cit p٩٦–٦٧.

**ئیشارە بە هەواڵنێرێکی دەزگای نهێنی بریتانی دەکات کە هەواڵی ئەوەی ڕاگەیاندووە: پێشنیهادی کۆمەگی مەسیحیەکانی حەڵەب و ئەرزەڕۆم و هەروا ئەرمەنیەکان بەتەواوی ڕەت کرایەوە. هۆی ئەمەش ئەوەبوو کە مادام یاخیبووەکان بە ئامانجی ئایینی دەجەنگن، کەوایە ناتوانن کۆمەگ لە گاروان قەبووڵ بکەن ـ ئێمە لە بەشی دووەمدا ئیشارەمان پێداوە، بەشێوەیەك کە قەڵاچۆکردنی ئەرمەنیەکان شوێنکاری بەسەر مەنتیقی شێخ سەعیدیشەوە جێهێشتبوو.**

ڕاپەڕینی قۆچگیری، پێوەندییە ئاخنراوەکە و بازنەی ئایینیەکە، بەتەواوی زۆر بەهێزتر بوون[١٦٤].

لە شیکردنەوەکانی ئۆڵسندا "یەکەمین ڕاپەڕینی ناسیۆنالیست کە لەلایەن کوردەکانەوە لەسەر ئاستێکی بەرفرەوان هەڵگیرسا، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید بوو . من وای بە پەسند دەزانم لەگەڵ مارتن ڤان بروێنسندا بڵێم کە: ((ناتوانین بەتەواوی بە ڕاپەڕینەکە بڵێین نە ئایینییە و نە ناسیۆنالیستییە))[١٦٥].

بەپێچەوانەوە، قورسە ناوی ئەو ڕاپەڕینە بنێین ئایینی کە پێویستیە ئایینیەکانی فۆرمیولە نەکردبوو. چەمکی هاوواتای عەلەوی، گەرچی لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرا و دیاربوو، کەچی لە ڕاپەڕینی قۆچیگیردا نە بەرەوڕووی ئاخافتن و نە ئاوەڵناوەی (لایکیەت) نابینەوە، بەڵام زۆر زۆرتر بەرەوڕووی ناسیۆنالیزم و سێنترالیزمی تورکەکان دەبینەوە. خواستی کوردستانێکی سەربەخۆ ئایدۆلۆژیای قۆچگیری-دێرسیم تا ڕادەیەك ڕاستەوخۆتر خۆی لە بیرکردنەوەی دەستەی ڕووناکبیرە کوردە ڕادیکالەکانی ئەستەمووڵ دەردەبڕی. جەلال بایاری کۆنە سەرۆك وەزیران و سەرکۆماری تورکیا ئاوها حوکم دەدات:

(شێخ سەعید دەیەویست کۆمارێکی کوردی ـ ئیسلامی دابمەزرێنێ (........) بیرکردنەوەی ڕاپەڕینی دێرسیم بەتەواوی هی سیاسەتێکی

---

[١٦٤] لێرەدا پێوەندی شێخ سەعید لەگەڵ مەلا ئۆرتۆدۆکسەکان و ئەندامە تورکەکانی ناو دەزگای خەلیفەی هەڵوەشاوە لە ساڵی١٩٢٤دا دەهێنمەوە یاد Cf Van Brinessen vom Osmanismus...... op.cit, p, P. ١٤٩, ١٥٣.

[١٦٥] Olson, op.cit, p.١٦٣, Vom Osmanismus…op,cit, p. ١٦٢

کوردی بوو. ئەوان دەیانەویست تەواو ڕاستەخۆ dogrudan dogruya dogrudan حکوومەتێکی کوردی ئۆتۆنۆم دابمەزرێنن .

(.......) دێرسیمیە زۆر ئایدیالیستەکان خۆیان لە قۆچگیریدا گرد کردبۆوە و بۆ بەرزکردنەوەی پرسی کورد یەکگرتوو بوون (.....و) بەڕای من ڕاپەڕینی قۆچگیری لە هەموو ئەوانی دیکە پڕگرنگترە )[١٦٦].

ڕاپەڕینی ئارارات (١٩٣٠) نزیکەی دە ساڵ دوای قۆچگیری لە چەند شێوەیەکدا بەرهەمی دوانەی دوو گەورە ڕاپەڕینەکەی پێشوو بوو. داپڵۆسینی خوێناوی١٩٢٥ بۆ ئەوانەی لە ڕاپەڕینەکە ڕزگاریان بوو، لەژێر سەرکردایەتی ئیحسان نووری کۆنە ژێنرالی سوپای تورک کۆبوونەوە. لەگەڵیشیاندا بڕێك لە عەشیرەتەکان بە مەبەستی بەردەوامبوونی خەبات، لەسەر شێوەی قۆچگیری، بەلاّم زۆر واقیعبینانەتر. ڕاپەڕینی ئارارات وەك بەردی بناغەی هاریکاریکردن بوو لەگەڵ ئەرمەنیەکان و هاوپشتیکردنی کۆمەڵەیەکی ڕووناکبیری کورد (خۆیبوون) بوو لە ڕاپەڕینەکەدا. زێدە لەوەش، لەڕووی جوگرافیە چیاییەکەیەوە و لە خواستی کوردستانێکی سەربەخۆ کە ناوچەکانی: دیاربەکر، وان، بەتلیس، ئەلعزیز و دێرسیم-قۆچگیری بگرێتەوە لە ڕاپەڕینەکەی دێرسیم-قۆچگیری دەچوو. بێگومان لەبەر چەند هۆیەکی ستراتیژیکی کە لە پرۆگرامی خۆیبووندا بەرجستە بوو، خۆیبوون بە وردی هەموو خەباتی خۆی هەر تەنها دژ بە تورکیا ئاڕاستە کردبوو.

---

[١٦٦] Tercum gazatasi, ١٠,٩,١٩٨٦ (kurtul Altug Celal Bayar Anlatiyor, Kritik Olyalarin Arkasi bolumu). بەگوێرەی تێبینییەکانی محەمەد بایراق لە کتێبی قەدری جەمیل پاشا (زنار سلۆپی)، دۆزا کوردستان. ئەنقەرە ١٩٩١، ل ٢٤٣ وەرگیراوە.

هەڵبــەت شۆڕشــی ئــارارات دەرفــەتی لــە چــەند هاوپــشتی دەرەوە و سوودی لە نزیکی خۆی لە هاوسێتیی کۆماری ئەرمەنستان وەرگرت. بــەڵام جــارێکی دیکــە ئــەویش بــوو بــە قوربــانی سیاســەتی ڕەوشــی هەنووکەیی *statu quo* دەوڵەتە ئیقلیمیەکان[١٦٧]. خلیسکانە مەزهەبیەکان لــەناو نەچــووبوون، بــەڵام وا دەردەکــەوێ ڕۆلێکــی زۆر پــەنهانیتریان گێڕابێ. عەشــیرەتە ســوننیە کورمانجــەکان بەتــەواوی بەشــدارییان لــە ڕاپەڕینەکــەدا کــرد. ســاڵی ١٩٢٥زۆر لــە عەشــیرەتەکانی ڕۆژهــەڵاتی دێرسیم لەپشتەوە هێرشیان بردە سەر هێزەکانی شێخ سەعید، کەچی ســاڵی ١٩٣٠ بەپێــچەوانەوە، عەشــیرەتەکانی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوای دێرســیم بــە ســەرکردایەتی ســەید ڕەزا گردبوونــەوە بــۆ ســزادانی مێلیشیای کوردی (عەلەوی ؟) کە بەشدارییان لە داپڵۆسینی ڕاپەڕینی ئاراراتدا کرد[١٦٨].

ڕاپــەڕینی دێرســیم ١٩٣٦–١٩٣٨ (بــە ســەرکردایەتی ســەید ڕەزا) پــەرانتێزی یــاخیبوونی کــوردی کــە لــە ڕۆژهــەڵاتی ئەنادۆڵــەوە لەلایــەن قۆچگیریەکانەوە کرابۆوە، لەنێوان هــەردوو جەنگدا داخست. هــەردوو ناوچــەی ڕاپەڕینەکــە کــەموزۆر هــەمان ناوچــە بــوون بــە هــەمان کۆمیونێتــەی کــوردی– عەلەوییــەوە لــە هــەردوو بــاردا. مەبەســت لەمــە

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[١٦٧] کە خۆی لە پەیماننامەی سەعدئابادا بینییەوە (وادەی ڕاشکاوی وڵاتە رووبار نشینەکان دژ بـە چـالاکیەکانی یـاخیبووە کوردەکـان لـە ٨ی تـەمووزی ١٩٣٧ وە مـۆرکرا ــ سـەرکردە کوردەکـان لـە ئیتاڵیـا و یۆنانستانەوە یارمـەتی مالییـان بـۆ دەهـات H.Bozarslan *Le probIeme nationale kurde…..OP. cit*, P ١٨٤.

[١٦٨] N.Dersmi, *Kurdistan ……op.cit*, P .١٨٧ et ٢٥٧.

خەباتکردن بوو بۆ ئەم ناسنامەیە لە کەلەپووری دێرسیمدا. بێگومان (نەك هەر لە دیدی کەمالیستەکانەوە) بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئەوانە دەکرد کە خاوەن ئیمتیاز بوون لە ناو ئەم کۆمەڵەدا. بۆ ئەم مۆتیڤە (کۆنسێرڤاتیڤە) ناسیۆنالیستە کوردەکان لەیەك گردبوونەوە. ئامادەبوونی سەرکردە ڕووناکبیرەکانی وەك عەلیشێر و نووری دێرسیمی، لە چەند شێوەیەکدا، زامنێك بوو خۆی . بەڵام ئەوە ڕاستە کە لە سۆنگەی پەرەئەستاندنی ڕەوشی مێژووییەوە، ڕاپەڕینی ١٩٣٦–١٩٣٨ نەیتوانی چیدیکە لەسەر بیرکردنەوەیەکی ناسیونالی کوردی ئەوها بەرفرەوان و پڕهیوا بژی وەك ئەوەی لە ساڵەکانی دوای جە نگدا بلاّوبووبۆوە . عەلیشێر کوژرا، نووری دێرسیمی لە ناوجەرگەی ڕاپەڕین دوورخرایەوە، کە ئەمەیان بەشوێن خۆیەوە بێهیوایی مەسەلەی ناسیونالی کوردی لەناو دەوڵەتی سەقامگرتووی کەمالیستدا دەردەبڕی. ڕاپەڕینی قۆچگیری–دێرسیم ناسیونالیزمی کوردی ڕادیکال کرد و گەیاندیە هەوەڵین پێکداهەڵپژانی ڕاستەوخۆی نێوان کورد و دەوڵەتی کەمالیست. دێرسیمیەکان لە ڕاپەڕینی١٩٣٦– ١٩٣٨دا ئەوەیان سەلماند کە ئەوان یەکەمین کەس بوون (بۆ چەند دە ساڵێك ) بە جورئەتکردن و ئامادەباشییەوە پابەندی پێکداهەڵپژانێکی ئاوەها کراوە بنو، لەم بارەیەوە ئەوان باجی لە هەموان قورستریان دا. کەمالیستەکان، لە ئاستانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئیتنۆکوژیەکیان لە پەلاماردانی کوردە عەلەویەکانی دێرسیمدا بە بیانووی بەشارستانیکردنیانەوە دەست پێکرد، کە یەکەمین شوێنکارەکانی پێشتر لە ساڵی ١٩٢١ەوە خۆی نواندبوو. ئەم

ئۆپیراسیۆنە سەربازیانە هەروا کوشتاری ساڵی ۱۹۱۵ی ئەرمەنەکان دەهێنێتەوە یاد. من لە لێکۆڵینەوەکەمدا هەوڵم داوە ئەوە وەسپ بکەم چۆن لە دێرسیمی گاور و کورددا، هەر دوای داتەپینی ئیمپراتۆریای عوسمانی و تێکەڵاوبوونی چەند فاکتۆری هەمەچەشنەی خوارەوە: جوگرافی، مێژوویی، ئایینی و مۆنتالێتی، بەرگەی پروپاگەندەی بەهێزی ئیسلامی و هەروەها کەمالیستی گرتووە بۆ گردبوونەوەی راپەرینێکی زۆر فرەوانی هاندراو کە بە ئایدیای سەربەخۆیی کورد گونجاو بووە .

باسەکەم بە پێنج گریمانە کۆتایی پیَدەهێنم. ئەم گریمانانە زیاتر لەوەی دەرئەنجامی راستەقینە بن لە کردە هەوەڵیەکانەوە هەڵهێنجراون. ئەم گریمانانە کورتەی ئایدیا بنەرەتیەکانن کە زۆروکەم لە خزمەتی بابەتەکەدان و یەكلەدوایەك سەرجەمی فۆرمە دەربراوەکان تەواو دەکەن کە لەسەر بنەمای بەشەکانی پێشوو هەڵچنراون (تێزی ۳-٦). ئەوانی دیکە گریمانەی گشتی و بەڵگەنەویستن (۲،۱) کە تەنها یەك بەشی لێکۆلینەوەکەم ئەنجامگیر دەکەن و لە سنووری ئەم بابەتە دەچنە دەرەوە.

۱- تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ، ناسیۆنالیزمی کورد خواستێکی رووناکبیرانە بوو و نەیتوانیوە بەبێ هاوبەشیپێکردنی مەزهەبی خەبات بکات.

۲- راپەرینە کوردیەکان لە تورکیا (تا ساڵی۱۹۳۸) سیمایەکی ئاشکرای دووسەرەی عەلەوی-سوننیان هەبوە. کوردەکانی یەك مەزهەب زۆر بەدەگمەن هاوبەشییان لە راپەرینی کوردەکانی مەزهەبی دیکەدا دەکرد. برێك جار دژایەتیشیان دەکرد و، هەتا پشتی حکوومەتیشیان دەگرت. ئەم هەڵخلیسکانە، فاکتۆرێکی گرنگە و تا رۆژی ئێستەشمان هەرماوە.

٣- كوردە عەلەويەكانى دێرسيم يەكەمين كورد بوون دواى لێكهەڵوەشاندنەوەى ئيمپڕاتۆرياى عوسمانى، داواى سەربەخۆيى خۆيان بكەن بەرامبەر بە:
- ئيمپڕاتۆرياى عوسمانى بەگشتى (سوڵتان-خەليفەى سوننى وەك گاور حسێبيان بۆ دەكردن).
- ئيمپڕاتۆرياى عوسمانى لەژێر حوكمڕانى توركە-لاوەكان، لەماوەى جەنگى ١٩١٤-١٩١٨دا (ئەوان تەنها لە پەراوێزدا بەشدارييان تێدا كرد).

- حكوومەتى تورك ساڵانى ١٩١٩-١٩٢٢ لەژێر سەركردايەتى مستەفا كەمالدا، هەميشە بۆ يەكێتى ئيسلامى دەپاڕايەوە كە لەلايەن خەليفەوە سومبوليزە كرابوو، بۆ ئەوەى لەگەڵ كوردەكاندا خۆيان يەك بخەن دژى دوژمنە گرێكەكان، ئەرمەنيەكان و فرانسيەكان بجەنگن .( زۆربەى كوردە سوننيەكان دژ بە حكوومەتى كەماليست نەوەستانەوە، دواى هەڵوەشاندنەوەى خەليفە نەبێ، زۆربەشيان بەشدارييان لە جەنگەكانى دەوڵەوتدا كرد لە دەورانى توركە-لاوەكان و كەماليستەكاندا ١٩١٤-١٩٢٣).
٤- ناوەندى عەلەوى، ترادسيۆنى ئۆپۆزسيۆن و ڕەوشى جوگرافى ناوچەكە ڕێگەيان بۆ ئايديای كوردستانێكى سەربەخۆ لە دێرسيم خۆش كرد. شۆڕشگێڕانى قۆچگيرى خەباتيان دەكرد دژ بە سێنتراليزاسيۆن و بەتورككردن ، بەم پێيە بەبێ ئەوەى- لەبيركردنەوەياندا- سنوورێك بۆ خۆيان دابنێن بۆ ڕاگرتنى ناسنامەكەيان لە كەلەپوورى دێرسيمدا (كە ئەمە زێتر لە ڕاپەڕينى ١٩٣٦- ١٩٣٨دا بەرجەستە بوو). لەژێر دەسەڵاتى شێخ سەعيددا، ئاخاوتنە ئاينييەكان زێتر پەنهان و وێكچوونى زمانەوانى و ئيتنيكييان كەمتر ئاشكرا بوو .

٥- برایەتی کورد و ئەرمەن لە دێرسیم، دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویێکی دوورودرێژی پێکەوە ژیانی تێکەڵاو، بە جۆرێك دێرسیم بووبوو بە پەناگەی چەوساوەکان. پێداگرتن لەسەر جیاوازی مەزهەبی عەلەوی- سوننی گریمانەی دووهەم، کە پێ لەسەر جیاوازی مەزهەبی دادەگرێ، ڕۆڵێکی پڕمەزنی گێڕا لە مۆنتالێتەی بزووتنەوەی قۆچگیریدا.

وەرگێڕان
پاریس، نەورۆزی ٢٠٠١

بنکەی ژین
www.zheen.org

**فەرهەنگۆك**

| | | |
|---|---|---|
| discour | خطاب | ئاخاوتن |
| ethnocide | إبادة عرقية | ئیتنۆکوژی |
| ethnique | عِرقي، اتني | ئیتنیکی |
| image | إنطباع ذهني | ئیماژ |
| organization | تنظيم | ئۆرگانیزاسیۆن |
| bandit | | باندچێتی، ڕێگر |
| Orthodoxe | | ئۆرتۆدۆکس، باوەڕقایم |
| logique | منطق | لۆژیك |
| mentalité | العقلية | مۆنتالیتە، عەقڵیەت |
| paranthese | | پەڕانتێز، کەوانە، نێوان دووکەوانە |
| conservative | محافظ | کۆنسێرڤاتیڤ، کۆنەپارێز، کۆنەپارێزخواز |
| motive | دافع | مۆتیڤ–پاڵنەر |
| commission | لجنة | کۆمسیۆن |
| collective | جماعي، مشترك | کۆلەکتیڤ |
| concepte | مفهوم | کۆنسێپت، چەمك |
| dimension | بُعد | ڕەهەند |
| laicite | العلمانية | لایکی، عیلمانیەت، دنیاخوازی |
| hiérarchie | | هیرارشی، مەرتەبە |
| médiateur | وسيط | ناوەندکار |
| tribute | أتاوة | سەرانە |
| civil | مدني | سیڤیل |
| chronologie | تسلسل الاحداث | کرۆنۆلۆژی |
| Caracterisation | تمييز | کاراکتەریزەکردن |
| operation | عملية | ئۆپێراسیۆن |
| modernization | تحديث، عصرنة | مۆدێرنیزاسیۆن |
| communauté | طائفة | |

پێگەی ژین
www.zheen.org

| | | |
|---|---|---|
| centralization | (مركزة) | کۆمیونیته |
| | | سێنترالیزاسیۆن، |
| | | بەناوەندیکردن |
| mission | بعثة، مبشر | نێردە |
| syncrétisme | تأليفية، توفيقية | سانکرێتیزم |
| hérétique | ملحد | گاور |
| immigré | مغترب، مهاجر | پەڕیوە |
| Tabou | محرم | تابوو |
| Statu quo | وضع راهن | ڕەوشی هەنووکەیی |
| missionnaire | | مسیۆنێر |

دێدێ: بەرزترین کەسایەتی ئایینی عەلەویەکان

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org


# ئەلبووم

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنكەی ژین
www.zheen.org



-Mustafa Kemal. Dersim Mebusu Diyap Ağa ile kolkola



-**Hatıralar**'ın geçtiği dönemde, çubuğunu tellendiren tütün tiryakisi bir Dersimli.



–Dersim İsyanı'na katılan aşiretlerden bir grup.





–Kürdistan genelinde ve Dersim'de kış şartlarında karda rahat yürümek için ayağa takılan "hedik".



– **Hatıralar** döneminde bir Koçgiri Kürdü (**M. Sykes**'den aktarılarak Berhem der. Sayı: 6/1989)



–Dersim mebusu Ahmed Ramiz.



–Dersim mebusu Meço Ağa.



-Dersim mebusu Hasan Hayri.



–19. Yüzyılda bir Yezidi Kürdü. Yezidi Kürtler'in çoğunluğunun Dersim'den göçtükleri söylenir. Aralarındaki tip ve yapı benzerliği inkâr edilemez.



–Alişêr ile eşi ve mücadele arkadaşı Zarife dağda silahlı dolaşırlarken
(Özgün fotoğraftan çizgi-resim)



–Mustafa Kemal ve Dersim mebusu Diyap Ağa, "Türk ve Kürtler'in Meclisi"nin önünde.



**نووری دێرسیمی**

بنکەی ژین
www.zheen.org



– Koco Ağa, gençlik yıllarında iki eşi ile.



–Dersimli bir Alevi Kürt, Zerdüşt inancından bir etkilenmeyle güneşe karşı dua ederken.

# ئیندێکسی ناو

## ١-کەس


ئـ

ئالیشان:٢٥، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠

ئەکرەم جەمیل پاشا: ٨٠

ئەمین بەگ: ٤٢، ٤٥

ئیبراهیم ئاغا: ٥٩

ژەنەراڵ ئیحسان نووری: ٨٤

ب

بومکێ: ٥٨

میر بەدرخان: ٢١

ج

چەلەبی جەمالەددین ئەفەندی: ٢٣، ٧٧

ح

حازم تێپێران: ٣٦

حاجی بەکتاش: ٥٢، ٥٦، ٧٢، ٧٧، ٧٨

حوسێن عەبدال:٢٦، ٣٠

حەسەن خەیری بەگ: ٤٤، ٧١

حەیدەر بەگ: ٢٥، ٢٦، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣٣

خ

خالیس: ٣٢



بنکەی ژین
www.zheen.org

## ڕ

ڕۆبەرت ئۆڵسن: ٨٢، ٨٣
ڕۆبین: ٦١
سەید ڕەزا: ٢٢، ٢٦، ٢٨، ٣٠، ٥٩، ٨٥، ٨٦
ڕەحمی ئاپاک "ڕ. ئاپاک": ٢٧، ٣١، ٣٣، ٣٧، ٦٥
ڕەفعەت پاشا: ٤٢

## ز

زالم چاوەش: ٣١

## س

شا سمایل (سەفەوی): ٦٩
سەدرەدین: ٣٥
شێخ سەعید (ی پیران): ٨٠، ٨٤، ٨٥، ٨٩
سوڵتان سەلیم یاوز: ٤٤

## ع

شێخ عوبەیدوڵڵا (ی نەهری): ٨٠
پیر سوڵتان عەبدال: ٧٢
شێخ عەبدولقادر (ی نەهری): ٢٥
سوڵتان عەبدولحەمید (ی دووەم): ٢١، ٦٣
ئیمام عەلی: ٥١، ٥٢، ٧٢، ٧٣
عەلیشێر: ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٣٥، ٤٣، ٧٢، ٧٣، ٧٤، ٨٦
عەلی کەمال: ٦٧

## ف

فاتیمە (هاوسەری ئیمام عەلی): ٧٤
ف. دۆغان: ٦١، ٧١

بنکەی ژین
www.zheen.org

**گ**

گارۆ ساسۆنی: ٦٢، ٦٣
گازارۆس دو ئەلیکسانیەن: ٦٤

**ل**

لاهۆف: ٢٢

**م**

مارتن ڤان برویٚنسن: ٧٥، ٧٩، ٨٣
محەمەد تەقی: ٣٥
مستەفا: ٣٥
مستەفا بارزانی: ٧٩
مستەفا پاشا: ٢٥
مستەفا دۆران بەگ: ٤١
مستەفا کەمال: ٣٠، ٤٠، ٦٤، ٧٩، ٨٠، ٨٨
موراد پاشا: ٢٢، ٦٤
مووسا بەگی دیٚرسیم: ٤٥
مونزیر: ٣٥
مونزور بابا: ٥٩

**ن**

نوورەدین "نووری" پاشا: ٣٣، ٣٤، ٣٦، ٣٧، ٦٥
نووری دیٚرسیمی:١٧، ٢٣، ٢٦، ٢٨، ٤٠، ٤٦، ٥٩، ٦٤، ٦٥، ٧٧، ٨٦
ن. سیٚڤگین: ٢٧

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ٢-شوێن

ئـ

ئارارات: ٨٤، ٨٥، ٨٦

ئانادۆڵ: ١٨، ٣٨، ٦٤، ٧٥، ٧٧، ٧٩، ٨٠، ٨٨

ئۆڤاجك: ٢٣، ٢٩، ٣٣

ئەرزەڕۆم: ٢٣، ٣٠، ٤١، ٤٣، ٥٢، ٧٨

ئەرزەنجان: ٢٣، ٢٧، ٣٤، ٣٧، ٥٢، ٥٩، ٦٦

ئەرمەنستان: ٦٤، ٨٥

ئەستەمبووڵ: ٢١، ٢٤، ٨٤

ئەلعەزیز، ئەلەزیی: ٢٧، ٥٢، ٧٠، ٨٥

ئەنقەرە: ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٤٠، ٦٥، ٦٧

ئێران: ٤٤، ٥١

ب

بتلیس: ٢٧، ٨٥، ٨٧

بۆتان: ٢١، ٦٤

بۆوازوێران: ٢٦

ت

تورکیا: ١٨، ٣٠، ٣٨، ٤٠، ٦٤، ٦٥، ٦٩، ٧٩

چ

چاڵدێران: ٤٤، ٦٩

چێنگیرلی: ٣٧

خ

خارپووت: ٦١، ٧٠

بنکەی ژین
www.zheen.org

**د**

**دیاربەکر:** ٢٧، ٨٥

**دێرســـیم، تونجـــەلی:** ١٧، ١٨، ٢٢، ٢٧، ٢٨، ٣٣، ٣٥، ٣٨، ٤٠، ٤٤، ٤٧، ٥٠، ٥٢، ٥٣، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٣، ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩، ٧٠، ٧١، ٧٤، ٧٦، ٧٧، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧، ٨٨، ٨٩

**دیڤریی:** ٢٥، ٣٢، ٣٥، ٧٢

**ڕ**

**ڕووسیا:** ٦٣

**ڕەفاهیێ:** ٣٠، ٣٢، ٣٥، ٤٥

**س**

**سیواس:**٢٥، ٢٦، ٢٧، ٣٢، ٣٦، ٤٠، ٥٢، ٦٧، ٧٨

**ع**

**عومرانییە، ئۆمرانییێ:** ٢٥، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٧، ٦٦

**ف**

**فورات:** ٣٧

**ق**

**قۆچـــگیری:** ١٨، ٢١، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٨، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٧٤، ٨٠، ٨١، ٨٣، ٨٤، ٨٥، ٨٦، ٨٩

**ك**

**کانگال:** ٢٤، ٢٦، ٣٢، ٧٢

**کلیکیا:** ٣٨

**کوردستان:** ٢١، ٢٤، ٢٧، ٢٩، ٣٢، ٣٥، ٤٦، ٥٣، ٥٦، ٥٧، ٧٣، ٨٥

**کوروچای:** ٣٢، ٣٥

**کۆشیشار:** ٣٢

**کێمەه:** ٣٢، ٣٥

بنکەی ژین
www.zheen.org

م
مووسڵ: ٦٣
مووش: ٥٢
مەرەش (مەرعەش): ٥٢
مەلاتیە: ٥٢
ه
هۆزات: ٢٧٢٩، ٣٣
و
وارتوو: ٥٢
وان: ٢٧، ٦١، ٦٢، ٨٥
ی
یالیجە: ٧٢
ییڵجی: ٢٦

بنكەی ژین
www.zheen.org

# پێڕست


وتەیەك بۆ چاپی دووەم ........ ٥
پێشەكی وەرگێڕ ........ ٦
نامەی نووسەر بۆ وەرگێڕ ........ ١٣
پێشەكی نووسەر بۆ چاپی كوردی ........ ١٤
پێشەكی ........ ١٦
**بەشی یەكەم: ڕاپەڕینەكە** ........ ١٩
١. ١: ئامادەكاریەكان ........ ١٩
١. ٢: یاخیبوون و چەوساندنەوە ........ ٢٨
١. ٣: دەنگدانەوەی ڕاپەڕینەكە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی توركیدا ........ ٣٨
**بەشی دووەم: ڕەوشی عەلەویەكان لە دێرسیم** ........ ٤٤
٢. ١: عەلەوێتگەری و پراتیكی عەلەوی لە ناوچەی دێرسم ........ ٤٦
٢. ٢: عەلەوییەكانی دێرسیم و ئەرمەنەكان ........ ٥٨
٢. ٣: ئیماژی یاخیبووی دێرسیمی عەلەوی ........ ٦٦
**بەشی سێیەم: دێرسیمیەكان لە هەمبەر سێنترالیزاسیۆن و ناسیۆنالیزمدا** ........ ٧٣
فەرهەنگۆك ........ ٨٨
ئەلبووم ........ ٩١
ئیندێكسی ناو و شوێنەكان ........ ١٠١


بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

# لەچاپدراوەکانی "بنکەی ژین"

١. ڕەفیق ساڵح، **ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (٢٥٩–٣٢٠)**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب٣، (٢٣×٣٤سم)، ٢٨٢ل.

٢. عبدالرقیب یوسف، **پەیدابوون‌و دروستکردنی چەکی ئاگردار**، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ٧٢ل.

٣. **کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فڕەنسی لە بەغدا ساڵی ١٩١٩**، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ١٧٢ل.

٤. **بازیل نیکیتین‌و کوردناسی**، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٤، ٢٧٢ل.

٥. عبدالرقیب یوسف، **لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی ١٩٢٣–١٩٢٤**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، (٢١×٣٣سم)، ٢٠٠٤، ٢٦٦ل.

٦. گ. گرێنڤیل، گ. س. پ. فریمان، **ڕۆژژمێرەکانی کۆچی‌و زایینی**، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا، (٢١×١٩سم)، ٢٠٠٤، ١١٥ل.

٧. ڕەفیق ساڵح، **ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (٣٢١–٤٠٠)**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب٤، (٢٣×٣٤سم)، ٢٠٠٥، ٣٥٨ل.

٨. سدیق ساڵح، **سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی**، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٣ل.

٩. **کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا**، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی سەلمان عەلی، ب١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ٢١٤ل.

١٠. عەبدوڵلا زەنگەنە، ڕۆژی کورد: **گۆڤاری جڤاتی قوتابیانی کورد لە ئەستەموول ١٩١٣**، (١٧ ×٢٤سم)، ٢٠٠٥، ٤٢٠ل.

١١. ڕەفیق ساڵح، **یادگاری لاوان‌و دیاری لاوان**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چ١، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ٢٢٠ل.

١٢. دکتۆر سەلاح محەمەد سەلیم هەروری، **عەبدولڕەزاق بەدرخان ١٨٦٤–١٩١٨: ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی**، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ٨٤ل.

١٣. ڕەفیق ساڵح، **یادگاری لاوان‌و دیاری لاوان**، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چ٢، (١٦×٢٣سم)، ٢٠٠٥، ٢٢٨ل.

١٤. ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، **چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)**، لە فڕەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٦ل.

١٥. جان ر. پێری، **کەریم خانی زەند: مێژووی ئێران لەنێوان ١٧٦٤–١٧٨٩**، لە فارسییەوە وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، ( ١٧ × ٢٤سم) ، ٢٠٠٥، ٦٨٥ل.

١٦. گ. ر. درایڤر، **درایڤر و کورد: کۆمەڵی پێنج وتار**، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٢٨ل.

١٧. سدیق ساڵح، **سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ**، ب١، (١٦×٢٣سم)، ٢٠٠٥، ٣٧٠ل.

بنکەی ژین
www.zheen.org

١٨. الدكتور محمد علي الصويركي الكردي، **الأكراد الأردنيون ودورهم في بناء الأردن الحديث**، (١٧ × ٢٣,٥ سم )، ٢٠٠٥، ١٨٦ص.

١٩. شەمعیو محەمەد ئیبراهیم ئەردەڵانی، **دوو (ذەیل)ی شەرەفنامەی بتلیسی**، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٥، ١٨٠ل.

٢٠. عبدالرقیب یوسف، **تابلۆکانی شەرەفنامە**، چاپی سێیەم، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٠٥ ، ٢٧٥ل.

٢١. **مختارات من كتاب الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية**، ترجمة وتعليق د. أ. خليل علي مراد، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٣٢٥ص.

٢٢. **الآثار الكاملة للمؤرخ الكردي محمدأمين زكي (مشاهير الكرد وكردستان)**، الجزء الثاني، إعداد رفيق صالح، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٤٩٥ص.

٢٣. **ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا**، لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٥، ٤٦٢ل.

٢٤. نوشیروان مصطفی امین، **حکومت کردستان: کردها در بازی سیاسی شوروی**، ترجمه سمایل بەختیار، (١٦ × ٢٤ سم)، ٢٠٠٥، ٣٠٢ص.

٢٥. د. یاسین سەردەشتی، **هەڵوێستی حزبی توودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (١٩٤١-١٩٨٣)**، (١٤,٨٥ × ٢١ سم)، ٢٠٠٥، ١٦٠ل.

٢٦. محەمەدئەمین زەکی، **تاریخی سلێمانی وە وڵاتی**، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ل.

٢٧. الدكتور محمد علي الصويركي، **معجم أعلام الكرد**، (٢١ × ٢٩ سم)، ٢٠٠٦، ٨٥٠ص.

٢٨. توفيق وهبي بك، **الآثار الكاملة، الجزء الأول**، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ٥١٠ ص.

٢٩. ئەنوەر سوڵتانی، **لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد**، (١٦,٥ × ٢٣ سم)، ٢٠٠٦، ٢٨٩ل.

٣٠-ڕەزای شەجیعی، **کتێبخانەی ڕۆژهەڵات**، (١٤٠٨٥×٢١سم)، ٢٠٠٦، ١٩٥ل.

٣١. ئارتوور کریستێنسێن، **ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان**، (١٧ × ٢٤ سم)، ٢٠٠٦، ٧٠٦ل.

٣٢. جەلادەت عالی بەدرخان، **لەبلرەی کێشەی کوردەوە: سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان**، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (١٤,٨٥ × ٢١سم)، ٢٠٠٦، ٥٦ل.

٣٣. شەریف پاشای خەندان، **بیرەوەریەکانی بەرهەڵستێك: بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی**، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (١٤,٨٥ × ٢١ سم)، ٢٠٠٦، ١٥٨ل.

٣٤. هانز-لۆکاس کیسێر، **ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم (١٩١٩-١٩٢١ قۆچگیری)**، لەفرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، چ ٢، (١٤,٨٥ × ٢١ سم) ٢٠٠، ١١١ل.

بنکەی ژین
www.zheen.org